

# تیشک

١٨

گۆڤارێکی سیاسی ـ رۆشنبیریی گشتییە

- سەروتار
- رۆڵی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی کوردو...
- کێشەی لوبنان
- لێکدانەوەی دوو چەمکی میللیەت و...
- پرسی نێوان کۆمەڵگاو زانکۆ
- دێموکراسی لە کوردستان دا
- فراماسیۆنێری
- بەرەو دێموکراسی لە نەبوونی کەسایەتیی دێموکراتیکدا

ساڵی هەشتەم ـ رەشەمەی ١٣٨٥




# تیشک

**گۆڤارێکی سیاسی ـ**
**رۆشنبیریی گشتی یه**

ساڵی هه‌شته‌م ـ ژماره ١٨

ره‌شه‌مه‌ی ١٣٨٥

**ناوی گۆڤار: تیشك**

**بڵاوکراوەی:**

کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**تیراژ : ٥٠٠**

**تایپ:** شەهێن مورتەزازادە، یوسف مەحموودی

**مونتاژ:** خالید یوسفی

**ئادرەسی گۆڤاری تیشك لەسەر تۆڕی ئینترنێت:**

**www.kurdistanukurd.com**

**Email: info@ kurdistanukurd.com**

دیزاین: ئەیوب شەهابی راد

**ayubgal@yahoo.com**

# بابەتەکان:


| | |
|---|---|
| وتەی ژمارە .................................................................. | ٧ |
| رۆڵی دوکتور قاسملوو لە بزووتنەوەی کورد و ...................... | ١٣ |
| کێشەی لوبنان ................................................................. | ٣٧ |
| کاری ئێمە چێ کردن نیە، تەخت کردنی رێگایە ................. | ٥٥ |
| لێکدانەوەی دوو چەمکی قەومییەت و میللیەت ..................... | ٦٧ |
| پرسی نێوان کۆمەڵگاو زانکۆ ................................................ | ٨٢ |
| دێمۆکراسی لە کوردستان ................................................... | ١٠١ |
| فراماسۆنیری! رۆڵی ژنانو پیاوان لەم مەکتەبەدا .................... | ١٠٧ |
| پرۆسەی دیمۆکراسیو نەبوونی کەسایەتیی دیمۆکراتیك ................ | ١٤٩ |

# وتەی ژمارە:

گومان لەوەدا نیيە کە لە نێو هەر حیزبێکی سیاسیو بە تایبەتی لە نێو حیزبە دێموکراتەکان دا بۆ چوونی جیاواز هەیە. لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش دا زۆر دەمێکە ئەم ناتەبایی سەلیقەو بۆ چوونە بووەو هەیە. لە کونگرەی ١٢دا بە خۆشیەوە هاوریيانی رێبەرایەتی حیزب هاتنە سەر ئەو قەناعەتە کە چێدی دەستە بەندی نەهێنی لە یەکتر نەکەن و لەم بوارەدا مادەیەك لە لایەن کونگرەوە پەسەند کرا کە دەڵێ:" بۆ کەس نیيە بە نەهێنی دەستەبەندی بکا، هەر کەس بێکا تا سەر حەدی خەیانەت موتەهەمو تا سەر حەدی ئیخراج لە حیزب سزا دەرێ، دیارە تریبوونیش ئازادە هەر کەس بە شێوەی ئاشکرا دەتوانێ لە کۆبوونەوەی حیزبیدا چ بۆچوونێکی هەیە دەربیڕێو لە سەری بدوێ".

سەڕەرای ئەوەی کە ئەندامانی کونگرەی ١٢ بە تێکرای دەنگ ئەو مادەیان پەسەند کردو هەموو لایەك قەراریان دا کە بەرپرسانە بەرێوەی بەرن، لە کۆبوونەوەی گشتی دوای کونگرەش وەك مزگینێکی خۆش خرا بەر گوێی بەشداران‌و بووبە مایەی دڵخۆشی هەمووان ، بە داخەوە ئەو برادەرانەی کاتی خۆی هەر لە کونگرەی دەهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا دژی یەك گرتنەوەی دوو باڵی ئەو کاتی حیزب بوون و دژایەتیان دەگەل وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزب کردبوو، هەر چەند ئەوان بە درێژایی ئەو چەند ساڵەی دوای یەك گرتنەوە زۆر ئیمتیازیشیان لە زۆرینەی ئەو کاتی رێبەرایەتی حیزب وەرگرت تا بە هیچ شێوە هەست بە مەغدوور بوون نەکەن بەڵام دوای کونگرەی ١٢ بە پێچەوانەی مادەی پەسەندکراوی کونگرە، دەستە بەندیان بە نەهێنی درێژە داو بە تایبەت کە بۆیان دەرکەوت دوای ئاشکرا بوونی

پێلانەکەشیانو شکاندنی پەیمان هیچ لێ پرسینەوەیەکیان لێ نەکراو سەزانەدران هێندەی دی لە سەر ئیدامەکاری دوور لە قەراری کونگرە سوور بوونو لە نێو کادروپێشمەرگەی حیزب دا بە وەعدەو بەڵێنی بێ کردەوە بوونە زۆرینەی کونگرەی ١٣و لەو کونگرەدا هەوڵیان دا هەر بە دەستە بەندی بەشێك لە باشترین کادرەکانی حیزب لە رێبەرایەتی وەلا بنێن.

هەر بە دوای کونگرەی ١٣دا کە دەسەلاتیان گرتە دەست، حیزبیان کردە دوو کەرتی خۆمانەو ناخۆمانە.

هەرچی ئیمتیازو جێگەی باش بوو دەدرا بەو کەسانەی سەر بە خۆیان بوون. جگە لەوەش بە گۆرینی شوێن، و دوورخستنەوەیان دەرکردن تەسفیەحیسابیان دەگەڵ بەشێکی بەر چاو لە کادروپێشمەرگەکردو سەدان کەس بوونە قوربانی ئەو سیاسەتە نالە بارو نا حیزبیە!

لە راستیدا نەزمونیزامی حیزب واشیوا کە تەنانەت لە چکولەترین کاری وەك تەعمیری خانوو بەرەکانیش بە زەقی بەر چاوو دەکەوت . زۆر خانووی کونترو خراپتر هەبوون کە ساڵی پێشتر داوای تەعمیریان کردنیان بۆ کرابوو بەڵام گوێیان نەدەدانێ کە چی چەندین خانووی لایەنگرانی خۆیان چاك کردو بۆشیان گەورە کردنەوە. شتی لەم بابەتە زۆرە کە پێویست ناکا بچێنە ناوئەم وردە کارە نادورستانە.

زۆرینەی ریبەری جگە لەم شتانە بە دوای کونگرەی ١٣ دا هێندێك هەڵەی زەقی سیاسیان کرد کە لەوانە دەتوانین ئاماژە بە ئیمزای قەراردادی سیاسی دەگەڵ پانئێرانیستەکان بکەین کە شۆڤینیست ترینی ئێرانیەکانن و ئەوەی لە رابردوودا رۆژێکی سیاسەت کردبێ دەیانناسێ، هەر وەها پێشگیری خوێندن لە کادرو پێشمەرگە لە زانکۆو مەکتەب کە بە لە بەر چاو گرتنی هەڵکەوتەیجوغرافیایی ئیستای شوینی حیزبو نیزێکی لە زانکۆ و شار، لە دەست دانی گەورەترین هەلی رەخساو بۆ لاوەکان و پیگەیاندنیان بۆ دوارۆژی حیزب بووە، لە لایەکی تر ولام

دانەوەی  دوور لە مەنتیق بە نامەی نەزمی ئەفشار لە لایەن سکرتێری حیزبەوە کە خۆی هەرایەکی گەورەی لە سەر ساز بوو و چەند مانگ لە سەرسایتەکان لە سەری نووسرا، دواجاریش پەیمان بەستن دەگەڵ سەڵتەنەت تەڵەبەکان کە هەم ئەندامانی حیزبو هەم خەڵکی کوردستانی بە گشتی سەرسام کرد .

زۆر لەو قەرارو بریارانە کاتێك دەرچوون کە ئەو هاورێیانەی ئەندامی دەفتەری سیاسی کە موافقی بۆچوونی ئەوان نەبوون لە کۆبوونەوەکان دا بەشدار نەدەکران.

هاوری‌یانی زۆرینەی بەدەنەو کەمینەی رێبەرایەتی لە بەرامبەر ئەو هەموو کارو کردەوانەدا نیزیك بە دوو ساڵ دەمیان بە جەرگی خۆیان داگرت و ئەو مەسەلانەیان تەنیا لە نێو خۆی حیزب دا راگرت، بەڵکوو لە ئاکامی دیالۆگی ناوخۆیی وبە دانی ئامۆژگاری پێویست بتوانن ئەم رەفتارە نادروستانە لە حیزب دا نەهێڵن.

زۆر بە داخەوە هاورێیانی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی گوێ بیسی هیچ رەخنەو پێشنیارێکی بەدەنەو کەمینەی کومیتەی ناوەندی نەبوونو درێژەیان بەم رفتارە نا لە بارانەدا .

لە رێکەوتی  ١٣٨٥/٥/٧  نامەیەکی پڕ لە رێزو حورمەت و لە عەینی کات دا پڕ لە ئێشو ئازار لە ٢٠ مادە دا لە لایەن ٢٥ کەس لە ئەندامانی پێشووو ئەو کاتی رێبەرایەتی حیزب نووسراو پێشکەش بە سکرتێرو زۆرینەی کومیتەی ناوەندی کرا. پاش ماوەیەك بێ وڵام هێشتنەوە بە نامەکە   هەیئەتیان بۆ وتووێژێکی فۆرمالیتە دیاری کرد بەڵام ئەوان هیچ کات ئامادە نەبوون  لۆکە لە گویچکەکانیان دەربینو قسەی خەڵك ببیسن. ئینکاری هەموو واقعیەتەکانیان دەکرد. پاش ئەوەی بێ ئاکام مانەوەی ئەووتوێژانە زۆری خایاندو دۆستو دووژمن تێگەیشتن کە لە نێو حیزب دا چ باسەو ناتەباییەکان لە هەموو کوردستان دەنگیان داوە، گەلێك لە بەرپرسانی حکوومەتی هەریم، وەزیرەکان، بەرپرسی پارلمانو تاقمێك لە نوینەران، کەسایەتی مەزنو رێبەرانی زۆربەی حیزبەکان بەمەسەلەکەوە ماندوو بوون، زەحمەتیان بە خۆدا و هاتن دانیشتن، بەڵام باڵی زۆرینەی کومیتەی ناوەندی ئەوەندەی توانیان

حاشایان لە راستیەکان کرد، لە هێندێك شوێن مەجبوور دەبوون قبوولی واقعیەت بکەن بەڵام دەیانگوت بۆ خۆمان جێبەجێی دەکەینو بە هیچ شێوەیەك موافقی چاوەدێریو دەخاڵەتی خەڵکی دیکە نەبوون. دوایین جار کاك کەریم سەنجاری و کاك عوسمان حاجی مەحموود وەك دوو وەزیری حکوومەت و نوینەری هەر دوو حیزبی سەرەکی کوردستان هاتن و باسەکەیان کردەوە، بەڵام لایەنی کاك مستەفا هیجری رایانگەیاند کە موافقی نێوبژی نین و بۆ خۆیان موشکلەکە حەل دەکەن .بە دوای ئەوەدا وەك تەر دەستی ماهیر ١٧ مادەیان هێنا کە نە تەنیا چارە ساز نەبوو بەڵکووهەر هەڤدە مادە وڵامی دوو خاڵ لە بیست خالیش نەبوون. لە راستیدا ئەوان پێشتر دوو جار رایانگەیاند بوو کە حیزب بەش دەکرێ. جارێکیان لە هاوین دا کاك مستەفا لە کۆبوونەوەیەکی گشتی دا بێ ئەوەی کەس باسی جیابوونەوەی کردبێ گوتبووی،" ئەگەر رۆژێك ببینە دوو حیزبیش دەبێ موتەمەدینانەو شارستانیانە بە یەکەوە رەفتار بکەین" جارێکی تر کاك حەسەن شەرەفی لە نامەیەکی ١٣ لاپەرەییدا کە نەی ویرابوو ناوی خۆشی لێ بنووسی شەلاحەت و فەلاحەتێکی زۆری هێنابوو، لە ئاخری دا کەرامەتی نواندبوو نووسیبووی" هێندێك بە نیازن لە حیزب جیابنەوە داوای لە خەڵك کردبوو کە گوێیان نەدەنی وبە هێندیان نەگرن".

دوای ئەو هەموو بێنەو بەرەی خەڵك و لایەنی مقابل وڵامی پێویستو رەوا بە داخوازیەکان نەدراوەو خەریکی غافلاندنی بەدەنە بوون تا خۆیان بگەێننە کونگرەی ١٤ وەپیشتریش گوتبوویان کورسیەکانی کونگرەی ١٤ هەمووی چندراون و دەزانین هەر کام دەبێ کێی لە سەر دانێشی ( دیارە ئەوە دێموکراسی مودێرنە)!

هاورێیانی کەمینەی کومیتەی ناوەندی هەستیان بەوە کردکە مانەوە بەم شێوازەو کارو کردەوانەوە کە دەیکەن لەوە زیاتر دەگەڵ ئەوان خزمەت بە حیزب و نەتەوە نیە، چوونکە رۆژ دەگەڵ رۆژ زیاتر دەخزنو زۆرتر لە ریبازی واقعی حیزبی دێموکرات دوور دەکەونەوە. بۆیە لە رۆژی ١٥ی سەرماوەزی ١٣٨٥ی هەتاویدا کەمینەی رێبەرایەتی کومیتەی ناوەندی بە دەر کردنی بەیانیەیەك و ئاماژە بە

هێندێك لە بۆچوونەكان رایانگەیاند كە لەمەو بە دوا بە جیا لەوان و بە ناوی حیزبی دێموكراتی كوردستانەوە خەباتی خۆیان درێژە دەدەن.

هاوكات دەگەڵ ئەو بەیاننامە هێلە گشتیەكانیشیان بۆ چاكسازی حیزب و باشتر بەرێوە بردنی ئووسوولی حیزبیو بەر چاو گرتنی پرەنسیبە دێموكراتیكەكان لە چەند خاڵ دا راگەیاند كە هیوادارین هەمووی ئەوانە بە كردەوە پیادە بكرێنو بەم شێوە بتوانێ ئەركی واقعی حیزبی دێموكراتی كوردستان خۆی لە دژایەتی دەگەڵ كۆماری ئیسلامی ئێران تا رووخاندنی و دانانی سیستمێكی دێموكراتێك لە جێگای ئەو بەرێوەبەرێو لە پێناو سەر بەرزی و بەختەوەری گەلو رزگاری نیشتماندا تێكۆشێو لە هەموو بوارێكدا بەرپرسانە بجوولێو پەیمانو بەلێنەكانی بە كردەوە بەرێتە سەر.

# رۆڵی دوکتور قاسملوو
# له بزووتنەوەی کورد و
# حیزبی دیمۆکرات دا *

نووسینی: ئیسماعیل زارعی

شـەهید دوکتـور عەبـدولڕەحمان قـاسملوو دووەمـین ڕێبـەری کاریزمـای حیزبـی دیموکراتی کوردستانە، کـە یـەکێك لـە بـەرزترین ڕێبـەرەکانی نەتـەوەی کوردیشـە. دوکتور قـاسملووی شـەهید، کاریگەرییـەکی هێنـدە زۆری لـە سـەر حیـزب و پرسـی نەتەوەیی کورد و پرسی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد هەبووە کە دەکرێ سەردەمی ڕۆڵگێڕان و ئەکتیڤ بوونی ئەو شەهیدە بە قۆنـاغێکی تایبـەتی دانـێین و تەنانەت ڕەنگە خراپ نەبێ کە مێژووی حیزبی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـرانیش بـە چەند بەشی پێش دوکتور قاسملوو و سـەردەمی دوکتـور قـاسملوو و پـاش دوکتـور قاسلموو دابەش بکەین. دەکرێ ژیانی سیاسـی دوکتـور عەبـدولڕەحمان قـاسملووی شەهید بە قۆناغێکی گرینگ لە ژیانی سیاسیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بزانین.

زۆر نووسەر و لێکۆڵەر لـە سـەر ژیـان و ڕۆڵـی سیاسـیی دوکتـور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هەروەها لە سەر چۆنییەتیی شەهیدبوونی دەستیان بۆ نووسـین بـردووە و هەر کام لەوان لە ڕوانگەی خۆیەوە ئەو مەسەلەیەی هەڵ سـەنگاندوە. زۆر کەسـی وەك بـەڕێز مامۆسـتا "عەبـدوڵڵا حەسـەنزادە" و کـاك "جـەلیل گـادانی" لـە سـەر کەسـایەتیی شـەهیدی مـەزن چـاوپێکەوتن و لێـدوان یـان نووسـینیان هـەبووە. لـە کەسایەتییە بیانییەکانیش دەتوانین ئاماژە بـە کەسـێکی وەکـوو "کـریس کۆچـێرا" بکەین. لـە کتێبـی "خـەباتخوازیی کـورد"دا بـە تێـرو تەسـەلی باسـی ڕۆڵـی شـەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووی نـەمر و شـێوەی شـەهیدبوونی دەکـا کـە شـیاوی سەرنج و لـێوردبوونەوەیە.

شیاوی ئاماژە پێدانە کە چـوار کتێبـی تایبـەتی لـە سـەر شـەهیدی مـەزن چـاپ کـراون کـە کـاك کـاوە بـەهرامی زەحمـەتی ئامـادەکردن و کۆکردنـەوەی دوو کتێـب لەوانــەی کێشــاوە. یەکــەمیان کتێبــی "دوکتــور قــاسملوو ڕێبــەرێکی مــۆدێرن و شۆڕشگێڕ"ە و ئەوی تریش کتێبی "تاڤگەی هەقیقەتە" کـە تـا ئێسـتا دوو بـەرگی چاپ کراوە و زۆر لەو نووسین و وتارانەی شەهید دوکتـور عەبـدولڕەحمان قـاسملوو

لە خۆیان دەگرن. هەروەها کتێبێکی بە پێزی دیکەش لە سەر کەسایەتیی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، بە ناوی "قاسملوو لە ڕێبازی دا زیندووە" چاپ بووە کە کاك قادر وریا زەحمەتی نووسین و وەرگێڕان و ئامادە کردنی کێشاوە. جیا لەو سێ کتێبەی سەرەوە کتێبی ئیسکۆرت بەرەو تاران، یەکێکی دیکە لەو کتێبانەیە کە باس لە ڕووداوی شەهید بوونی دوکتور قاسملووی نەمر دەکا. خوێنەری خۆشەویست دەتوانی بۆ زیاتر ئاشنابوون لەگەڵ کەسایەتیی ئەو شەهیدە مەزنە چاوێك لەو سەرچاوانەی سەرەوە بکا. ئێمەش بە ئاماژەکردن بەو وتە و نووسین و وتار و کتێبانەیە کە بابەتەکەمان دادەڕێژین. مامۆستا هوشمەند عەلی، دانیشتووی شاری کۆیە، بۆ نامەی ماستەر(فوق لیسانس)ی خۆی لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەلی لە سەر کەسایەتی و ڕۆڵی شەهیدی مەزن کردوە کە ئێمە لەم بەشە لە نووسینەکەماندا زۆری کەڵك لێ وەردەگرین. تێزەکەی بەڕێز هوشمەند عەلی کە شتێکی جوان و تایبەتییە لە زانکۆی کۆیە بە پلەی زۆرباش وەرگیراوە.

دوکتور قاسملوو لە بنەماڵەیەکی موڵکدار و دەست ڕۆیشتوودا لە دایك بووە، ناوی باوکی محەممەد ئاغا(مەمەد ئاغا) بووە کە سەر بە هۆزی دێبۆکرین. دایکی عەبدوڕەحمان ئاشووری بووە و ناوی فاتیمە بووە. دوکتور قاسملوو لە شەوی یەلدای ساڵی ١٩٣٠ و لە شاری ورمێ لە دایك بووە. لە دایکبوونی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو هاوکات بووە لەگەڵ شەهیدبوونی سمایل ئاغای سمکۆ.

**ئا: تایبەتمەندی و کەسایەتیی دوکتور:**

ئەگەر بمانەوێ زۆر بە تێرو تەسەلی باس لە سەردەمی ئەندامبوونی دوکتور قاسملوو لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بکەین و کەمتر ئاماژە بە سەردەمی منداڵی و لاوێتی بدەین، دەبێ لێرەوە سەرەتا باسی کۆمەڵێك تایبەتمەندیی تاکەکەسیی دوکتور قاسملووی نەمر بکەین و دواتر باسی هێندێك ڕووداوی گرینگ لە سەردەمی ئەندامبوونی ئەو شەهیدە مەزنەدا بکەین.

تایبەتمەندییەك کە زۆر جار سەرنجی خەڵکی بۆ لای دوکتور قاسملوو ڕاکێشاوە و لەگەڵ ئەوەدا گرینگی و ڕۆڵێکی بەرزی هەبووە لە بالابوونی کەسایەتی و

بەرزبوونی ئاستی تێگەیشتنی دوکتور قاسملووی نەمردا شارەزابوونی دوکتور قاسملووی نەمره لە سەر چەند زمان . "بە شێوەیەکی گشتی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو زمانەکانی: کوردی، فارسی، ئازەری، تورکی، عەرەبی، فەرەنسی، ئنگلیزی، چیکی بە باشی زانیوە و لە هەمان کاتیشدا توانیویەتی بە چەند زمانێکی دیکەی وەك ئاڵمانی و رووسیو پۆلۆنی گفتوگۆ بکات[1]."لە سەر ئەوەی کە زمان زانین تا چ رادەیەك گرینگیی هەیە لە سەر جیهان بینی و رووانگەی ئەو تاکەی کە زمانێکی تر جگە لە زمانی زگماکی دەزانێ دەتوانین ئاماژە بەو وتە گرینگ و فەلسەفییە بکەین کە فەیلەسووفێکی زماناس لەو بارەوە کردوویەتی: " وێناکردنی زمانێك وێناکردنی فۆڕمێکی ژیانە[2]". لە راستییش دا سنووری تێگەیشتنی ئێمە، سنووری جیهان بینیی ئێمە و ئاستی بەرزی و نەوی بوونی روانگە و لۆژیکی بوونی ئێمە و مامڵەکردنمان لەگەڵ دیاردە و پرسەکان، تا ئەو رادەیە دەچێتە پێش کە زمانمان ئیزنمان پێ دەدا. ئەگەر تاکێك لە سەر زمانەکانی دیکە شارەزا بێ، سروشتییە سنووری ئەو شتانەی لە سەرەوە و زۆر لایەن و رەهەندی دیکەی وەکوو شارەزابوون لە سەر رەهەندەکانی دیکەی ئەو زمانە کە نەتەوەیەك یان چەند نەتەوە قسەی پێ دەکەن زیاتر دەچێتە سەر و بەرینتر دەبێ. هەربۆیەش شارەزا بوونی شەهید دوکتور قاسملوو لە زمانەکان دا، هۆکارێکی زۆر گرینگ بووە بۆ زیاتر شارەزابوونی شەهیدی مەزن لە سەر هەموو ئەو شتانەی لە سەرەوە باسمان کردن و یەکێك لەو فاکتەرانە بووە کە بۆتە هۆی سەرکەوتووتر بوونی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە کاری دیپلۆماسی و ژیانی رۆژانە و ئاسایی خۆیدا.

دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو سەبارەت بەوە کە چۆن مرۆڤێك بووە و چۆنی لە ژیان روانیوە و کاتەکانی ژیانی بە چیەوە سەرف کردوە و چۆن ژیانی بە سەر بردوە دەڵێ: "من هەمیشە مرۆڤێکی گەشبین بووم و لە سەختترین بارودۆخەکاندا توانای دان بە خۆدا گرتنم هەبووە کە تا ئێستەش نەگۆڕاوم. جگە لەمە زۆر حەز لە

خوێندنەوە دەکەم و هەمیشە بە دوای گۆڤار و رۆژنامەی دەرەکی و ئێرانی دەکەوم و دەخوێنمەوە، لە هەمان کاتدا زۆر حەز لە خوێندنەوەی رۆمان و بابەتی زانستی دەکەم...[3] ". هێلێنای خێزانی سەبارەت بە نوێخواز بوون و زانابوونی دوکتور قاسملووی نەمر ئاماژە بەوە دەکا کە کەسێکی بەفیز نەبووە و کەسێکی زۆر لە سەرەخۆ و هێدی و خۆمانە بووە و توانایی دۆستایەتی و هەڵکردن لەگەڵ دەوروبەرەکانی‌دا زۆر بووە.

بە هۆی ئەوەی کە شەهیدی مەزن زۆر لە وڵاتانی ئورووپایی گەڕاوە و زۆری موتاڵا لە سەر شێوەی ژیان و کلتوور و چوارچێوەی جوغرافیایی و مێژووی ئەو وڵات و نەتەوانە هەبووە شارەزاییەکی یەکجار زۆری لە سەر ئەو وڵات و نەتەوەگەلە هەبووە و ئەوەش خۆی یارمەتییەکی زۆری داوە بۆ ئەوەی لە کاری دیپلۆماسی و پشتیوانی دروست کردن بۆ هەوڵەکانی خۆی و بۆ حیزبەکەی سەرکەوتوو و بەتوانا بێ. دیارە لێرەدا ناتوانین ئاماژە بە ئاستی تێگەیشتوویی شەهیدی مەزن لە سەر ئەو نەتەوە و کلتوورانە بدەین، بەڵام دەتوانین وەك نموونە و ئەزموونی تاکەکەسیی خۆی لە سەر داب و نەریتی کوردەواری و ئەدەب و کولتووری کورد ئاماژە بە هەستی کوردایەتیی ئەو شەهیدە بکەین و لە لایەکی دیکەوە دەکرێ ئاماژە بە هۆگر بوونی شەهیدی مەزن بۆ ئەدەبیات و زمانی کوردی بکەین. پێشەکییەك کە بۆ "تاریك و روون"ی مامۆستا "هێمن موکریانی"، شاعیری نەتەوەیی و بەرزی نەتەوەی کوردی نووسیوە، نیشان دەدا کە شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لەو بوارەش دا زۆر تامەزرۆ بووە و تەنانەت توانایی باش و بەرزیشی هەبووە.

دوکتور کۆشنەر سەبارەت بە کەسایەتیی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە رێوڕەسمی ساڵرۆژی شەهیدبوونی قاسملوو لە ساڵی ١٩٩٠دا دەڵێ: "دەتوانم بە راشکاوی بڵێم بۆم دەرکەوتوە کە لە دونیای سێهەمدا و لە نێو کەسایەتی و سەرۆکەکاندا د. قاسملوو بێ هاوتا بوو. زانایی، لێبووردوویی، ئاشنایی بە زمان و

فەرهەنگی زۆر لە نەتەوەکانی دیکە، ئاشتیخوازی، دڵپاکی و بێ کینەیی، بەشێك بوون لە تایبەتمەندییەکانی د. قاسملوو[4]". کەسایەتیی دوکتور قاسملووی نەمر لە لای زۆر لە بیانییەکانیش جێگای سەرنج و لێوردبوونەوە و سەرسوڕمان بوو. کەسایەتیی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووی نەمر بەڕاستی و بە حەق شیاوی ڕێز لێگرتن و لێتۆژینەوە بوو.

ڕەنگە بەهێزترین و سەرنجڕاکێشترین تایبەتمەندیی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو دیموکرات بوونی بێ. باوەڕی دوکتور قاسملووی نەمر بە دیموکراسی تا ئەو ڕادەیە کە وەك خۆی دەفەرموێ: "خراپترین دیموکراسیم، لە باشترین دیکتاتۆری پێ باشترە". دیموکرات بوونی دکتور قاسملوو لە ژیانی رۆژانەشیدا شتێکی بەرچاو بوو. ئەو بە گیان و دڵ باوەڕی بە دیموکراسی و هەموو ئەو رەهەندانە هەبوو کە دیموکراسی لە خۆی دەگرتن. هەروەك مامۆستا حەسەن زادە لە کتێبی نیوسەدە تێکۆشاندا ئاماژە بەوە دەکا کە سەرەڕای دژایەتیی کاك ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ دوکتور قاسملوو، سەرەڕای ئەو هەموو خراپییانە کە کاك ئەحمەد لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان کردی و ئەو هەموو هەوڵانەی کە دواجار بە زەرەری جووڵانەوەی نەتەوەی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان تەواو دەبوو، ئەوە لە سەر پێشنیاری دوکتور قاسملوویە لە لایەن ئەندامانی کۆنفرانسی سێهەمەوە پێشنیار دەکرێ کە جارێکی دیکەش پێوەندیی پێوە بگیرێتەوە و داوای هاوکاری و ئەندامبوون لە حیزبی لێ بکەنەوە. مامۆستا بەو شێوەیە بۆمان دەگێڕێتەوە کە: "... لە کۆنفرانس دا(مەبەست لە کۆنفرانسی سێهەمە) بە توندی داوا کرا کە لە حیزب دەر بکرێ. خەریك بوو بڕیاری دەرکردن بدرێ کە شەهیدی نەمر دوکتور قاسملوو هاتە دەنگ و گوتی هاوڕێیان! ئەمن دەزانم ئەحمەد تۆفیق سەرەڕۆیە و خەتای حیزبیی لە سەرە. لە نێوە ئێوەش دا کەس نیە بە قەدەر من لە لایەن ناوبراوەوە خەراپەی لەگەڵ کرابێ. بەڵام ئێمە ئێستا خەریکی دامەزراندن و جێگیرکردنی ئوسوولی حیزبیین، چۆن دەکرێ هەر

لێرەدا بۆخۆمان پێشێلی بکەین. ئەو برایە ئەندامی حیزبە. دەبێ بانگ کرێ بۆ کۆبوونەوەی حیزبی، قسەی لەگەڵ بکرێ و هەوڵ بدرێ رەفتاری خۆی باش بکا. ئەگەر خۆی ئیسلاح کرد و رێ و شوێنی حیزبیی بە جێ هێنا باشتر. ئەگەریش نا، ئەودەم کۆمیتەی ناوەندی دەتوانێ دەری بکا... [4] ".

تایبەتمەندییەکی دیکەی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووی نەمر رەخنەگر بوونی بوو. شکی تێدا نییە کەسێکی دیموکرات جیا لەوەی کە رەخنەگریشە، رەخنەوەرگریشە. ئەوە لە ناو کەسایەتی دوکتور قاسملووی نەمردا زۆر وەبەرچاو دەکەوت. دوکتور قاسملوو کەمتر دەکەوتە بەر هەستیاری و دەمارگرژییەوە و داب و نەریت و پرسێك کە لە روانگەی ئەوەوە باش نەبوایە، زۆر بوێرانە، رەخنە لێ دەگرت. "بە چاو خشاندنەوەیەك بە سەر وتارو هەڵوێستەکانی دوکتور قاسملوودا بە سانایی ئەم راستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە قاسملوو ئەو شۆڕشگێڕە راستەقینەیەیە کە ئازایانە نەریتەکان، پێوەندییە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان، رەوتی بزووتنەوە و گوتاری زاڵی کۆمەڵگاکەی دەخاتە ژێر پرسیار و رێگایەکی نوێ پێشنیار دەکات کە بە کردەوەش بۆ سەقامگیرکردنی هەنگاو دەنێ[5]".

**ب: سەرەتای دەستپێکی کار و تێکۆشانی سیاسی**

دوکتور قاسملووی نەمر لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەردا لە دایك بوو و هەر ئەو کەشەی بنەماڵەکەشی کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لە سەر هۆگربوونی دوکتور قاسملوو بە کاری سیاسیی و چارەنووسی نەتەوەی کورد لە رێگای دیپلۆماتییەوە هەبووە. سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی سیاسی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵبوونی. هۆکاری سەرەکیی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە بنەماڵەی قاسملوو بنەماڵەیەکی تێکەڵاو بە سیاسەت بوون و شەهیدی مەزن خۆی لەم بارەیەوە دەفەرمێ: "هەرچەندە تەمەنم ١١ ساڵ بوو، بەڵام وەك زۆر منداڵی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی راکێشا بووم[6]". لە تافی منداڵییەوە ئاشنابوون بە کاری سیاسی بێگومان باش ئەزموون کۆکردنەوە و باش تێگەیشتن لە کاری دیپلۆماسیی بەدواوە دەبێ. دوکتوری مەزن خۆی بە زمانی

خۆی لە شوێنێکی دیکەش هەر ئاماژە بەوە دەکا و دەڵێ: "یەکێك لە بابەتە گرینگەکان ئەوەیە کە من هەر لە سەرەتای تەمەنی گەنجییەوە دەستم کردوە بە خەبات کردن و شەڕ دژی زوڵم و جیاوازیی نەتەوایەتی[7]".

بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی و دیار تێکۆشانی شەهید دوکتور قاسملووی نەمر دەگەڕێتەوە بۆ ئەندامبوونی ناوبراو لە یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دا. بە پێی سەرچاوەکان شەهیدی مەزن لە تەمەنی پازدە ساڵی و لە ساڵی ١٩٤٥دا بۆتە ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و پاشان لە ورمێ دەستی بە تێکۆشانی حیزبی کردوە. پڕۆفیسۆر عیزەددین مستەفا رەسووڵ لەم پێوەندییەدا ئاماژە دەکا کە: "بارودۆخی گونجاوی خێزانەکەی پاڵی بە عەبدوڕەحمانەوە نا بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتای تەمەنی لاویەوە دەست بکات بە تێکۆشان لە پێناوی کوردستاندا و لە ساڵی ١٩٤٥دا لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا بوو کە یەکێتی لاوانی لە شاری ورمێ دامەزراند[8]". لە رۆژنامەی کوردستان و چەند بڵاڤۆکێکی دیکەی حدکاش دا هەر ئەو شتە بە شێوەیەکی دیکە باس کراوە، بەڵام ئاماژە بەوە نەکراوە کە خودی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لەو تەمەنەدا یەکیەتیی لاوانی دامەزراند بێ. رەنگە لەو تەمەنەدا قاسملوو بووبێتە ئەندامی رەسمیی ئەو رێکخراوە کە راستەوخۆ لە ژێر سێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستاندا تێکۆشانی دەکرد و پێوەندییەکی قووڵی لەگەڵ ئەو حیزبەدا هەبوو و لە راستیدا ئێستاش ئەو پێوەندییە هەر وا بە گەرم و گوڕی ماوەتەوە و یەکیەتی لاوان وەکوو رێکخراوێکی بەرهەمی ئەو حیزبە چاوی لێ دەکرێ.

هەروەها دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپادا تێکۆشانی سیاسیی خۆی دەکا. لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٩، ئەو کات کە دوکتور قاسملووی نەمر لە ئورووپا خوێندکار بووە کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد دادەمەزرێ و بەڵام ئەمجارەیان خودی دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو دەستی لە دامەزراندنی ئەو رێکخراوە دا هەبووە. "یەکێك لە چالاکییەکانی کۆمەڵەی

خوێندكارانی كورد له ئەورووپا بەشداری كردنیان بوو له میهرەجانی دووهەمی لاوان و قوتابیـانی جیهانـدا، كـه هـاوینی سـاڵی ١٩٤٩ لـه شـاری "بوداپسـت"، بەسـترا و نوێنەرانی ئەم كۆمەڵەیه توانیان بەشداری بكەن و دەنگی كورد بگەیەننـه دەرەوە و باسـی بـارودۆخی ئەوسـای كـورد رابگەیـەنن[9]". نەتـەوەیی بـوونی دوكتـور عەبدولڕەحمان قاسملوو له لایەك و دژ بـوونی حیزبـی تـوودە بەرامبـەر بـه خـەباتی نەتەوایەتی له لایەكی دیكە، وای كرد كه رۆڵی دوكتور عەبدولڕەحمان قـاسملوو لـەو رێكخراوەدا كەمڕەنگ بێتەوە. دوكتور قاسملوو ئەو كات كادری حیزبی توودە بوو.

جێـی خۆیـەتی بڵـێین، دوكتـور قـاسملوو سـاڵی ١٩٤٧ دەچـێتە تـاران و لـەوێ سەرقاڵی خوێندنی ئامادەیی دەبێ، دیارە هـەر لـەو ساڵەشـدا پێوەنـدی بـه حیزبـی تـودەوە دەگـرێ و بـەم شـێوەیه دەبێتـه ئەنـدامی حیزبـی تـوودە. لـەم بارەیـەوە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە له تێزەكەی كاك هوشمەنـددا بـه تێـر و تەسـەلی لـه سەر ئەو بەشـه لـه ژیـانی دوكتـور عەبـدولڕەحمان قـاسملوو لێـدوانی هـەبووە و بـه روونی ئەو قۆناغەشی وەكوو زۆر سەردەمی دیكەی ژیانی قـاسملوو روون كردۆتـەوە كه شیاوی ئاماژە پێكردن و سەرنجدانن. دوكتور قاسملوو له وتارێك دا كه به خـراپ باسـی شـا دەكـا و هێـرش دەكاتـه سـەر سیاسـەتەكانی دەسـەڵاتی ئـەو كـات لـه ساڵەكانی ١٩٤٨ و ١٩٤٩ەوە دەكەوێتە ژێر گوشار و زەختەوە و به ناچـار دەچـێتە چێكۆسـلۆڤاكیای ئـەوكات و لـه پـراگ دەگیرسـێتەوە. پڕاگـی سـەردەمێك كـه لـەو سەردەمەدا لەوێ كەشی ماركسیست بـوون زۆر بـەهێزبوو و هـەروەها بیرۆكـەی دژە ماركسیسـتیش هێـدی هێـدی سـەری هـەڵ دەدا و باسـی لێـوە دەكـرا و هـەر ئـەو سەردەمەش قوتابخانەیەكی فەلسەفیی بەهێزی وەكوو بازنەی ڤییەن لـه پڕاگـدا زۆر بەهێز و بەنفووز بوو. دوكتور قاسملوو لـەو كەشـەی ئـەو كـاتی پڕاگدا درێـژەی بـه كاری سیاسیی خۆی دا. بەڵام زۆری نەخایاند دوكتور قاسملوو لەگەڵ گۆڕانێك كه له ئێراندا رووی دا و موسەددیق هاتە سەر كار، گەڕایـەوە تـاران. دواتـر بـۆ پێوەنـدیی تەشـكیلاتی و سیاسـیی نێـوان حیزبـی تـوودە و حیزبـی دیمـوكراتی كوردسـتان،

کومیتـەی "کـاك" پێـك دێ کـە دوکتـور قـاسملوو لەوێـدا دەبێتـە نوێنـەری بەشـی کوردستان و دەنێردرێتەوە کوردستان.

"قاسملوو لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٥٣ – ١٩٥٩ دا هەرچەندە تێکۆشانی سیاسـیی خۆی لە چوارچێوەی سیاسەت و ئایدیۆلۆژییەتی توودەدا پەرە پـێ داوە، بـەڵام لـە زۆر کاتیشدا رەخنەی توندی لەو حیزبە هەبووە و هەوڵی داوە لـە پـاڵ بزووتنـەوەی نەتەوایەتیی کورد لە ئێران دەرەتانی کاری سیاسی بۆ خۆی بڕەخسێنێت، بەڵام بـە هۆی سیاسەتی دوو لایەنەی قاسملوو، هەم لە تـوودە و هـەم لـە دیمـوکرات لـەوەدا سەرکەوتوو نەبووە و لـە لایـەن کادرەکـانی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانەوە و لـە سەرووی هەمووشیانەوە لەگەڵ عەبدوڵڵا ئیسحاقی، تووشی ناکۆکی و ململانێی توند بۆتەوە.[10] "

سـەبارەت بـە بەرپرسـایەتی دوکتـور عەبـدولڕەحمان قـاسملوو لـە نـاو حیزبـی دیموکراتدا لە شوێنێکدا خۆی دەڵێ: "لە بەهاریساڵی ١٣٣٢(١٩٥٣ز)ی راستـەوخۆ لە تێکۆشانی حدکادا بەشـداریم کـردوە و لـە ئۆرگانـەکانی بەڕێوەبـەریی حیزبیشـدا لێپرسراویەتیم هەبووە[11]". هەر لە درێژەدا کاتێـك دەیهـەوێ سـەبارەت بـە مێـژووی حیزب قسە بکا ئاماژە بەوە دەکا کە لـە نزیکـەوە ئاگـاداری زۆرێـك لـە رووداوەکـان بووە.

پاش ئەوەی دوکتور قاسملوو لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق تووشی نـاکۆکی دەبـێ و لـە ئـەنجامی ئـەو ناکۆکییـەدا واز لـە حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان دێنـێ ، دوکتـور قاسـلموو بـۆ مـاوەی نیزیـك بـە ١٠ سـاڵان لـە دوورەوە ئاگـاداری وەزعـی حیزبـی دیموکرات و رووداوەکانی دەبێ. لـەم بارەیـەوە خـۆی لـە شـوێنێك دا دەڵـێ: "بـەم چەشنە ئەمن لە ساڵی ١٣٣٩ هەتا ١٩٤٩ بەش بە حاڵی خۆم تەنیا لـە دەرەوە و لـە دوورەوە ئاگاداری وەزعی حیزب بووم[12]". جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکـەین کـە لە ئاکامی دژایەتییەکانی کاك ئەحمەد تۆفیق دا بوو کە دوکتور قاسملوو لـە حیزبـدا نەما. پاشان دوکتور قاسملوو دێتەوە کوردستان و بـە هاوکـاریی چـەند کەسـێك لـە

هاوڕێیانی دیکه کۆنفڕانسی سێهەمی حیزب پێك دێنن. "هەتا بەیانی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ له عێراق که من هاتمەوه عێراق و لەگەڵ چەند کەسێك له برادەرانی دیکه کۆنفرانسی سێهەمی حیزبمان پێك هێنا[13]". دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو له ئاماژه کردن به جووڵانەوەی ٤٦ — ٤٧ دا و وێڕای داخ دەربڕین بۆ شەهیدبوونی زۆر ئەندامی بەوەجی حیزب وەك مەلا ئاواره و موعینییەکان و سمایل شەریفزاده، باس له ئەندامبوونی کەسانێکی دیکه دەکا که ئەو کات دەیان توانی بەڕێوەبردنی حیزب بگرنه ئەستۆ. "له نەتیجەدا ساڵی ١٣٤٨ ئەوانەی بۆ بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکرات له کوردستان مابوونەوه بریتی بوون له: کاك ئەمیری قازی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زاده، هێمنی شاعیر و حەسەن رستگار. ئەو چوارانه وەك باڵی ناسیۆنالیستی له حیزبدا دەهاتنه بەرچاو[14]". دواتریش باسی چەند ئەندامێکی دیکه دەکا به ناوەکانی "محەممەد ئەمین سراجی" و "یوسف ریزوانی" و ئەوانەش وەك باڵی چەپ و پێشکەوتنخوازی ناو حیزب ناو دەبا. له درێژەدا دوکتور قاسملوو به هێنانەوەی ناوی ئەو شەش کەسه و کەریم حیسامی، ئاماژه بەوه دەکا که ئەوان ئەو کات رێبەری حیزبیان له سەر شان بووه و له بەر نەبوونی جێ و رێ ناچار له قاوەخانەیەکی کۆیه زۆر کۆبوونەوەیان گرتوه و سەرقاڵی زیندووکردنەوەی حیزب بوون و هەر لەوێشەوەیه که دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بەرنامه و پێڕەوی نێوخۆیی دەنووسێتەوه و دەیداته دەست ئەو کەسانەی سەرەوه و بەشدارانی کۆنفرانسی سێهەم که دوای لێدوان و دەستێوەردان، پەسند دەکرێ.

دوای ئەوه حیزبی دیموکرات کاری خۆی به باشی بەڕێوه برد و زۆر تێکۆشانی بەرچاوی هەبوو. لەو نێوەدا دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو رۆڵێکی یەکجار گرینگی گێڕا. سەرکەوتنێکی گەوره که دوکتور قاسملوو له کورته مێژووی رێبەرایەتی حدکادا ئاماژەی پێ دەدا له ساڵی ١٣٥٠ بوو که له شاری کۆیه کۆنفرانسی سێهەم گیرا. "لەو کۆنفرانسەدا کومیتەی ناوەندییەك هەڵ بژێردرا،

بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ پەسند کرا کە ئەوە سەرکەوتنێکی گەورە بوو[15]". بەدوای ئەوەدا لە پلینۆم وەك سکرتێری حیزب هەڵ دەبژێردرێ.

ساڵی ١٣٥٦ کە جم و جووڵ دەکەوێتە وڵاتی ئێرانەوە، دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە کوردستانی عێراق و داوا دەکا کە بچنەوە وڵات. بەڵام زۆربەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی ئەوکات دژایەتیی ئەو داوایە دەکەن. پاش ماوەیەك هەوڵ و تەقەلای دوکتور لە بەهاری ساڵی ١٣٥٧، واتە ساڵی شۆڕشی گەلانی ئێران دا، بەوە رازی دەبن کە کۆمیتەیەك دامەزرێنن و بچنەوە نێوخۆی وڵات. ئەو کومیتەیە ناوی کومیتەی زاگرۆس بوو کە ئەندامەکانی شەش کەس بوون. مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەم بارەوە دەفەرمێ: "زاگرۆس لە جێ دا سێ ئەندامی کومیتەی ناوەندی، دوکتور قاسملوو، کاك ئەمیری قازی و کاك هاشمی کەریمی و سێ کادری دیکە: سەید رسول دهقان، مەلا حەسەن شیوەسەڵی و عبدوڵڵا حەسەن زادە پێك هاتبوو.[16] " وەك مامۆستا حەسەن زادە ئاماژەی پێ دەکا کۆمیتەی زاگرۆس لە ماوەی کەمتر لە حەوتوویەك لە پاییزی هەمان ساڵدا خۆیان گەیاندەوە نێوخۆی وڵات و زۆریش کاریگەر بوو.

**پ: رۆڵ و رێبازی دوکتور قاسملوو لە پاش شۆڕشی ئێران**

ئەگەر بمانەوێ باسی ژیان و رۆڵی بەرچاوی سیاسیی دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران بکەین دەبێ باس لە رۆڵ و کاریگەریی دوکتوری مەزن و هەروەها هەڵسو کەوتی سیاسی و دیپلۆماتیکی ئەو لە دژی رژیمی کۆماری ئیسلامی بکەین. ئەو باسەش باسێکی هێندە کورت نییە کە بکرێ بە تەواوی لەم وتارەدا جێی بێتەوە. سەرەکیترین و گرینگترین سیاسەتی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە بەرامبەر رژیمی کۆماری ئیسلامیدا دانیشتن و وتووێژ بوو. دوکتور قاسملووش هەر وەك پێشەوای نەمر، دامەزرێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان، باوەڕی بە چارەسەری کێشەی کورد لە رێگایەکی ئاشتیخوازانەوە هەبوو و بە هەموو تواناوە هەوڵی دەدا لە رێگای دیالۆگ و وتووێژەوە ئەو کێشانە بێنە بەرباس و زەق بکرێنەوە و دواجار چارەسەر بکرێن و مافی پێویست و رەوا بە

کوردان بدرێ. یەکەمین نیشانەکانی پاش ئەو باوەڕە ئەوەیە کە ئەو کەسایەتییە باوەڕی بە ئاشتی هەبووە و نەفرەتی لە شەڕ و خوێنڕشتن بووە. وتووێژەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران مێژووویەکی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە دوکتور قاسملوو ئەگەر نەك لە هەموویان دا لە زۆربەیان دا بەشداربووە و رۆڵی بەرجەستەی گێڕاوە. لە کاتی وتووێژکردندا بوو کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی پیلانی تیرۆر کردنی دوکتور قاسملووی داڕشت و بەداخەوە تێیدا سەرکەوتوو بوو.

"پاش ئەوەی شۆڕشی گەلانی ئێران بە رابەریی خومەینی یەکلایی کرایەوە و لە ١٩٧٩/٢/١دا خومەینی لە تاران نیشتەجێ بوو، قاسملوو وەك رێبەری حدکا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە رژیمی نوێ دەربڕی و رۆژی ٩ی شوباتی ١٩٧٩ پەیامێکی ئاراستەی خومەینی کرد. بەڵام ئەم هەوڵەش بێئەنجام مایەوە., رۆژی ١٩٧٩/٢/١٠ حکومەتی کاتی بە سەرۆکایەتیی "مهدی بازرگان" دامەزرا بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان. قاسملوو لەسەر هەوڵە دیپلۆماسییەکانی بۆ چارەسەری کێشەی کورد بەردەوام بوو، بە تایبەتی کاتێك کە رۆژی ١٩٧٩/٣/٣١، چاوی بە بازرگان دەکەوێت و پشتیوانی حدکا لە دەوڵەتی کاتی رادەگەیەنێت، پاشان داوای کرد رێگە بدرێ نوێنەرانی دیموکرات لە رێگەی رادیۆو تەلەفزیۆنەوە داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بۆ گەلانی ئێران شی بکەنەوە، هەروەها داوا دەکا بۆ ئەوەی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لە یاسای بنەڕەتیدا بگونجێنن، رێگە بدرێت نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە دانانی ئەو یاسایەدا بەشدار بن[17]".

شیاوی ئاماژە پێدانە کە پێوەندیی نێوان شەهید قاسملوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەر لە بنەڕەتدا باش نەبوو، چونکە لە بنەڕەتدا دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو خوازیاری دیموکراسی و مافی نەتەوایەتی و جیا لەوانەش داوای مافی خودموختاریی بۆ نەتەوەی کورد دەکرد و لە بەرامبەردا کۆماری ئیسلامی باوەڕی بە هیچکام لەوانە نەبوو. دوای ئەوەی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە شێوەیەك

له شێوەکان ئەو داوایانە ڕەت کرانەوە و قەبووڵ نەکران ئیدی دوکتوری مەزن سیاسەتێکی تاڕادەیەك ڕکەبەڕانەی گرتە بەر و لەگەڵ ڕژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو کەوتە ناکۆکییەوە. یەکێك لە نموونەکانی ئەو ناکۆکییە ئەو کات دەرکەوت کە دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕایگەیاند کە لە ریفراندۆم دا بەشداری ناکا، چونکە ئەو ڕژیمە باوەڕی بە هیچ بنەمایەکی دیموکراتیك نییە. هەربۆیەش لە کوردستاندا کەمتر کەسێك لەو ڕێفراندۆمەدا دەنگیان بە کۆماری ئیسلامی دا، بەڵام واقیعی مەسەلەکە بەو شێوەیە بوو کە کۆماری ئیسلامی بە ڕێژەیەك دەنگی یەکجار زۆرەوە دەنگی هێنایەوە. مووسا غەنی نژاد لە وتارێك دا کە باسی بناخەکانی دیموکراسی دەکا، زۆر باش ماهییەتی ئەو ڕێژیمە روون دەکاتەوە کە ئەو کات دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو پێی گەیشتبوو و ئەوەش لە ورد بینی و داهاتووبینیی قاسملوو ڕا دەهات نەك لە دەمارگرژیی نەتەوەیی و هەستی نەتەوایەتی یان شتێك بە ناوی بەرژەوەندیی حیزبی و لە لایەکی دیکە ئەوە مافی سەرەکی و گرنگترین داخواز و ویستی خەڵکی کوردیش بوو. غەنی نژاد سەبارەت بەو ڕێفراندۆمە و ئاکامەکانی دەڵێ: " ٩٨٪ دەنگیان بە شتێك داوە و ئەو ٢٪یە قسەیەکیان بۆ وتن نیە. بەڵام ئەوە دیموکراسی نیە. ئەمە جۆرێك پۆپۆلیسمە و ئەم مەترسییە، مەترسیی فاشیزمە، مەترسیی ڕەگەزپەرەستیە"[18].هەوڵەکانی شەهید دوکتور قاسملوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، بە تایبەتی هەوڵە ئاشتیخوازانەکانی، هێندە زۆرن کە ئێمە ناتوانین بە تێر و تەسەلی لێرەدا باسی هەموویان بکەین. یەکێکی دیکە لە هەوڵەکانی شەهید قاسملوو بریتی بوو لەوە کە پاش ئەوەی کۆنگرەی ٤ی حیزب گیرا، دوکتور قاسملوو لە ساڵی ١٩٨٠دا لیژنەیەك دەنێرێتە تاران و لە ٣ی شوباتی ١٩٨٠ ئەو لیژنەیە لەگەڵ بنی سەدر وەك سەرۆك وەزیرانی ئەوکات کۆبوونەوە پێك دێنن.

جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە شەڕی سێ مانگە بکەین. لە راستیدا شەڕی سێ مانگە لە ئاکامی تێکچوونی وتووێژەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و

رژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو کە لەو شەڕەشدا دوکتور قاسملوو رۆڵێکی بەرجەستە و باشی رێبەرایەتیی حیزبی هەبوو کە بەداخەوە ئەو کات ئەو شەڕە بە سەر خەڵکی کورددا سەپابوو.

رووداوێکی گرینگ لەو نێوەدا روودانی جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو. لێرەدا جێی خۆیەتی، بۆ ئەوەی دواتر سەری هەوداکەمان لێ ون نەبێ و لە بابەتی سەرەکیی باسەکەمان دوور نەکەوینەوە، ئاماژە بەوەش بدەین کە چەند ساڵێك پاش ئەو جیابوونەوەیەی تاقمی حەوت کەسی(پێڕەوانی کۆنگرەی ٤) جیابوونەوەیەکی گرینگی دیکەش روودەدا کە دەکرێ بە گەورەترین جیابوونەوە لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی ناودێر بکەین. ئەو جیابوونەوەیەی دوایی کە ساڵی ١٣٦٧ رووی دا و لە ژێر ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - رێبەرایەتی شۆڕشگێڕدا، تێکۆشانی خۆی درێژە پێ دا. گرینگیی ئەو بابەتە یەکجار زۆرە، بە تایبەتی چونکە هەر دوو جیابوونەوەکان لە سەردەمی سکرتێربوونی شەهید دوکتور قاسملوودا بووە. هەڵسەنگاندنی ئەو دوو جیابوونەوەیە لێرەدا، رەنگە لە تەوەری سەرەکیی ئەم باسە دوورمان بخاتەوە*.

دواتر شەڕی چەکداری بە سەر خەڵکی کوردستان دا سەپا و پاش ئەوەی حیزب لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان پاشەکشەی کردبوو کۆنگرەی ٥یش گیرا، لەو کۆنگرەیەدا بڕیاری چوونە نێو شۆرای میلليی موقاوەمەت درا، هەروەها دروشمی "بڕووخێ رێژیمی کۆماری ئیسلامی" یش درا. لەو کۆنگرەیەشدا دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو وەك سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەڵ بژێردرایەوە. لە پاش کۆنگرەی ٥ەوە تا پێش گیرانی کۆنگرەی ٦ دوکتور زۆر چاوپێکەوتن و وتووێژی هەبوون کە لە زۆربەیان دا باسی ئەوەی کردوە کە شەڕی ئێمە لە دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامییە و شەڕێکی چەکدارانەی سەپێندراوە بە

سەر نەتەوەی کورددا و لەو ڕێگایەوە ئێمە دەتوانین بە مافەکانمان بگەین، چونکە ئەو ڕێژیمە ماهییەت و نێوەڕۆکێکی نادیموکراتیك و خوێنڕێژ و ناخەڵکیی هەیە.

دوو ساڵ دواتر کۆنگرەی شەشیش گیرا. لەو کۆنگرەیەشدا کە دوکتور قاسملوو وەك سکرتێری گشتیی حیزب هەڵ بژێردرا، کۆمەڵێك گرفت و باسی تازە هاتنە بەرباس کە ئاکامی باش و گونجاوی بۆ حیزب تێدا نەبوو. ئەو کۆنگرەیە لە زستانی ١٩٨٤دا گیرا. لەو کۆنگرەیەشدا هەر پێداگری لە سەر دروشمی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی کرایەوە و جارێکی دیکە دوکتور قاسملوو بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵ بژێردرایەوە. کورتە باس، بابەتێکی تازە بوو کە لە کۆنگرەی شەشەم دا هاتە گۆڕێ و دوکتور قاسملوو هێنانە بەرباسی ئەو مەسەلەیە بە پێویست دەزانێ و مەبەست لەو باسەش بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە فیکری توودەیی و ستالینیسم و ناسیۆنالیزمی عەشیرەیی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا مابوو. جێی خۆیەتی لێرەدا لە زمان خودی دوکتور قاسملووەوە باسی ئەو دیاردەیە بکەین.

"بەڵام هەروا کە گوتم و کۆنگرەی پێنجەمیش دەری خست ئەو شێوە فکرکردنەوەی حیزبی توودە لە حیزبی ئێمەدا هەر مابوو. بەرە بەرە دەرکەوت کە ئەو شێوە بیرکردنەوە نەك هەر ماوە بەڵکوو پاش ماوەیەك کزی و بێدەنگی بەداخەوە خەریکە سەرلەنوێ پەرە دەستێنێ و بەدەنەی حیزبیش دەخوا. ئەوە بوو کە فکری ئەوەمان کردەوە ئێمە کارێکی وا بکەین مەرزبەندییەك بکرێ لە بەینی حیزبی دیموکرات و بیرو باوەڕی توودەیی، یانی بیرو باوەڕی بوروکراتیکی سانترالیستی یا ستالینیستی، ئەوە بوو کە "کورتەباسێك لە سەر سوسیالیزم"مان ئامادە کرد بۆ کۆنگرەی شەشەم. لە واقیع دا مەبەست لە "کورتە باس" پێك هێنانی ئەو مەرزبەندییە بوو بەینی هەموو ئەو کەسانە کە هێشتا بیرو باوەڕی توودەییان هەبوو و بەینی ئەوانە کە بە تەواوی دیموکرات بوون و ڕێگایەکی سەربەخۆ و دیموکراتیك و بلێین میللی لەباری کوردایەتییانەوە گرتبووە پێش.[19]".

دیاره ئەو کێشە و گرفتانە کە لە ئاکامی کورتە باس دا تووشی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون کۆمەڵێك رووداوی گەورەشیان بەدوادا هات کە کەمتر ئاماژەیان پێ دراوە. یەکێك لەو بابەتانە ئەوە بوو کە زۆر پێشمەرگە و کادری دژ بەو بابەتە حیزبی دیموکراتی کوردستانیان بە جێ هێشت. کاتێك رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ لە حیزبی دیموکرات جیابۆوە لە نامیلکەیەکدا بەو شێوەیە باسی ئەو نامیلکەیە دەکا "ئەو نامیلکەیە(مەبەست کورتەباسە) کە دووهەم جار لە دوایین پلینۆم پێش کۆنگرەی شەش کەوتە بەرباس، لە سەر پێشنیاری زۆربەی ئەندامانی پیلنۆم قەرار بوو لە نێو بەدەنەی حیزبدا باسی پێویستی لە سەر بکرێ و دوای ئەوە نەزەری ئەندامانی حیزبی لە سەر وەرگیرا بۆ پەسند کرانی یەکجاری بهێنرێتە کۆنگرە[20]".دیارە لە لاپەڕەکانی ١٥ و ١٦ و ١٧ی راپۆرتی کۆنفرانسی چوارەمی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕدا باسێکی کورت سەبارەت بە کورتە باس کراوە کە هێنانەوەی ئەو باسە لێرەدا پێویست نیە و بە گشتی کاکڵەی بابەتەکە هەر ئەو شتەیە کە شەهید دوکتور قاسملووش ئاماژەی پێ دەکا کە بە کۆمەڵێك کێشەوە ئەو نامیلکەیە قەبووڵ کرا و دواتریش هەر لەو راگەیەندراوەدا باس لەوە دەکا کە زۆر کەس کە موخالیفی کورتە باس بوون لە حیزب رۆیشتوون.

پاش چەند ساڵێك کۆنگرەی ٧یش گیرا. ئەو کەسانەی کە پێشتر لەگەڵ نامیلکەی کورتەباس دا دژایەتییان کردبوو، لە کۆنگرەی حەوتەمیش دا هەر مابوون و کۆمەڵێك باسی جیاوازی دیکەیان هێنایە گۆڕێ! کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە رێکەوتی ١٧ – ١٩٨٥/١٢/٢١ دا گیرا. لەو کۆنگرەیەشدا دوکتور قاسملوو وەك سکرتێری گشتیی حیزب هەڵ بژێردرایەوە. لە تێزەکەی کاك هوشمەنددا باس لەوە کراوە کە لە کۆنگرەی حەوتەم دا دوکتور قاسملوو رووبەڕووی کۆمەڵێك باسی وەکوو فێدرالیزم و دروشمی سەربەخۆیی(مافی چارەنووس) بۆوە. دوکتور قاسملوو بە هەوڵ و لێکدانەوە و شیکردنەوە و

ڕوونکردنـەوەی وەزعـی سیاسـیی و کۆمـەڵێك فاکتـەری دیکـە زۆرینـەی کـۆنگرەی هێنایە سەر ئەو قەناعەتە کە ئەو شتانە زەرووری و زۆر پێویست نین.

کۆنگرەی هەشتەمیش لە ساڵی ١٩٨٨دا گیرا. لەو کۆنگرەیـەدا دوکتـور قـاسملوو وەك سکرتێری گشتیی حیزب هەڵ بژێردرا، بەڵام ڕووبەڕووی گەورەترین دژایەتی لـە مێژووی سیاسی خۆی لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دا بۆوە. بەشێکی زۆری ئەنـدامانی کـۆنگرەی هەشـتەم لەگـەڵ بۆچـوونێکی دوکتـور قـاسملوودا دژایەتییان هەبوو. ئەو بۆچوونەش لیستەی فیکس بوو. جێـی خۆیـەتی کـە لێـرەدا ئاماژە بەو خاڵەش بدەین کە هـەر لـەو کۆنگرەیـەدا بـوو کـە خـاڵی جیـایی دیـن لـە دەوڵەت باسی لێوەکرایەوە و بۆ جارێکی دیکەش پەسند کرایەوە. خاڵی جیایی دین لە دەوڵەت پاش کۆنگرەی چوارەمی حیزبەوە بە هۆی ئـەوە کـە حیـزب لـە وتووێـژ لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا بوو نەما و دواتریش لـە کـۆنگرەی هەشـتەمدا بـە لەبەرچاوگرتنی بێ ئاکام بوون و شکستی وتووێژ جـارێکی دیکـە ئـەو خاڵـە لـە نێـو بەرنامەی حیزبدا گونجێندرایەوە. لەو کۆنگرەیەدا کۆمەڵێك کێشە گەیشتە ئەوپـەڕی خۆی و چـەند مـانگ دوای تـەواو بـوونی کـۆنگرە گـەورەترین جیابوونـەوەی حیـزب ڕووی دا. دوکتــور قــاسملوو بــەو جیابوونەوەیــە زۆر نیگــەران و ناڕاحــەت بــوو. نیگەرانیی دوکتور قاسملوو لە بەرپرسایەتی و دەروەست بوونێکەوە دەهات کـە بـە حیزبی دیموکرات و نەتەوەی کوردی هەبوو.

دوکتور قاسملوو لـە کـاتی جیابوونـەوەی ئـەو لایەنـەدا زۆر نیگـەران بـوو، بـەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەش دا حاشای لەوە نەدەکرد کـە ئەوانـەی جیابوونـەوە سـاڵانێك هاوڕێ و هاوسەنگەر و هاوئامانجی ئەویش بوون و هـەوڵی دڵپاکانـەی دا بـۆ ئـەوەی کە ئەو هاوڕێیانە لێی دوور نەکەونەوە. هەربۆیەش لە نامەیەکی دۆسـتانەدا بـۆ کـاك فەتاح کاویان یەکێك لە ئەندامانی جیابۆوە لە پاش کۆنگرەی هەشتەم دەنووسێ:

"پاش سلاوێکی گەرمی برایانە

هێندێ دەنگۆ لە سەر تێکۆشانی ئێستای ئەو چەند هاوڕێیە کە لە کۆمیتەی ناوەندیدا نەماون بڵاوبۆتەوە کە هیوادارم راست نەبێ... بە ناوی هاوکاری و دۆستایەتیی چەند ساڵەمان پێم وایە مافی ئەوەم هەیە کە قسەکانی خۆم بە سەراحەت بکەم و دڵنیاشت دەکەم کە ئەم قسانە تەنیا و تەنیا لە رووی دڵسۆزییەوەیە..."

لە بەشێکی دیکە لەو نامەیەدا کە ئاماژەیە بە نیازپاکیی دوکتور قاسملوو و هەست بە بەرپرسایەتیکردنی قاسملوو هاتووە کە "بەڵام دەگەڵ ئەوە هەر کەس لەو هاوڕێیانە (بێ ئیستسنا) بگەڕێتەوە و هاوکاری بکا وەك لە کوردەواریدا باوە دەستی ماچ دەکەین[21]".

## ج: شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو

لە سەر شەهید بوونی دوکتور قاسملوو زۆر کەس بیرو ڕای دەربڕیوە، لە راستیدا زۆر لەو بۆچوونانە جیاواز و جۆراوجۆرن. ئێمە لەو پێوەندییەدا هێندێك لەو روانگە و بۆچوونانە دەخەینە بەرباس.

دوکتور قاسملوو کە لە سەر مێزی وتووێژ لەگەڵ نوێنەرە تیرۆریستەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا، داخێکی گەورەی لە دڵی هەموو کوردێکی بە شەرەف و شۆڕشگێڕدا بەجێ هێشت. لە روانگەی کریس کۆچێراوە ئەو وتووێژانە لە لایەن بەڕێز مام جەلالەوە رێك خرا بوون. کۆچێرا بەم شێوەیە باس لە نیاز پاکی و هەوڵی مام جەلال بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە رێگای وتووێژەوە دەکا: "تاڵەبانی لە لایەك بێ شك دەی ویست پاداشی ئەو "خزمەت"ە بداتەوە کە ساڵی ١٩٨٤ قاسملوو لە کاتی وتووێژی تاڵەبانی لەگەڵ سەدام حسێن دا پێی کردبوو[22]".

دیارە بەڕێز مام جەلال و هاوڕێیانی جیا لەوەی کە لە رێك خستنی ئەو وتووێژانەدا یارمەتییان داوە لە کاری پاراستن و بەشی ئەمنیی گیانی هەر دوو لاش دا بەشدار و بەرپرسیار بوون. پیلانێك کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو نابوویەوە زۆر لەوە سازمان دراوتر و ئامادەکراوتر بوو کە کوردەکان بیریان لێ دەکردەوە. "جەلال تاڵەبانی کە بە شێوەیەك زامنی

ئەمنییەتی چاوپێکەوتنەکان بوو، بۆ خۆی لە هەموو کۆبوونەوەکان بەشدار دەبێ و چەند ئەندامی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانیش چاوەدێریی شوێنەکەیان پێ دەسپێردرێ[23]".

"لە راستیدا داوەکەش هەر ئەوەیە. دوای ئەوە کە کۆبوونەوەیەکی مانگی مارس هەڵ دەوەشێتەوە، قەراری دیداری تازە بۆ رۆژەکانی ١٢ و ١٣ی ژوئیە دادەنرێ. ئەم جارە جەلال تاڵەبانی کە ئێرانییەکان رەخنەی زار بە هاوار بوونی لێ دەگرن بەشدار ناکەن و...[24] "

هەروەها کریس کۆچێرا سەبارەت بە پێگەی دوکتور قاسملوو و شەهید بوونی دەڵێ: "بە لە دەست دانی قاسملوو، بزووتنەوەی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا کەسایەتییەکی بێ هاوتای لە دەست دا. رێبەری وەك قاسملوو کەم هەن کە هەموو کەس گوێی لێ دەگرت و رەنگە تەنیا کەسایەتیی کوردیش بێ کە تاڵەبانی(مەبەست لە بەڕێز مام جەلالە) بە قسەی دەکرد[25]".

کاك هوشمەندیش شتێکی لەو چەشنە دەڵێ و هۆکاری دانیشتنی شەهید قاسملوو لەگەڵ رێژیم دەگێڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك فاکتەری گرینگ لەوانە تەواوبوونی شەڕی ئێران و عێراق و هاتنە سەرکاری رەفسەنجانی کە ئەوکات خۆی وەك باڵێکی میانەڕەو دەناساند و تێکدانی پێوەندی لەگەڵ شورای میللی موقاوەمەت و جیابوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ و درێژبوونی ماوەی خەبات و چاوەڕوانیی نەتەوەی کورد لە حیزبی دیموکرات لەو فاکتەرانەن. بەڵام باسی رۆڵی هەڤاڵ مام جەلال دەکا کە هەوڵی داوە وتووێژ لە نێوان ئەو دوو لایەنە واتە قاسملوو و رێژیمی کۆنەپەرستی ئێراندا رێك بخات. لە خولی دووهەمی وتووێژدا داوا لە مام جەلال دەکرێ کە بەشداریی کۆبوونەوەکان نەکا. "لە بارەی بەشدار نەکردنی بەڕێز جەلال تاڵەبانی لە گفتوگۆکانی نێوان قاسملوو و ئێران، تاڵەبانی لە چاوپێکەوتنێکیدا دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "لە دیداری چوارەمدا داوایان لە من کرد دەست لەو ناوبژیوانییە هەڵگرم تا "فازل رەسول" و

سەرۆك "بن بلا" رێکی بخەن. ئەوکات لێی حاڵی نەبووم". پاشان تاڵەبانی دەپرسێت: "(مەبەستی لە دوکتور قاسملوویە) نازانم ئایا بۆ ئەوە بوو کە کەڵك لەو پاسەوانییەی کە من بۆم دابین کردبوو نەبینێ؟[26]".

دواتریش پاش ئەوەی کە خومەینی دەمرێ، رژیمی ئێران جارێکی تر لە رێگای د. فازلەوە پێوەندی بە دوکتور قاسملووەوە دەگرن و دەیانەوێ درێژە بە وتووێژەکانی رابردوو بدەن. رۆژی ١٩٨٩/٧/١١ جارێکی دیکە لە شاری ڤییەن، بە بەشداریی نوێنەرانی رژیم وتووێژ دەست پێ دەکاتەوە. محەممەد جەعفەر سەحرا روودی و حاجی مستەفەوی و ئەمیر مەنسوور بوزورگیان نوێنەرەکانی رژیم بوون. دوای گفتوگۆکانی ئەو رۆژە داوا دەکەن وتووێژەکە بکەوێتە رۆژی دواتر. عەبدوڵڵا قادری ئازەر وەك لایەنی دوکتور قاسملوو و د. فازڵ رەسووڵیش وەکو نێوبژیوان بەشداری دەکەن. ئەو رۆژەش کۆبوونەوەکە وەدوا دەخرێ و رۆژی دواتر واتە ١٩٨٩/٧/١٣ کە رۆژی جێژنی قوربانی موسڵمانان و رۆژی چلەی مردنی خومەینی بوو وتووێژەکان دەست پێ دەکەنەوە. هوشمند عەلی بەم شێوەیە باس لە وردەکارییەکانی ئەو کارەساتە دەکا: "دوای درێژەدان بە گفتوگۆ، کاتژمێر ٧/٣٠ ی ئێوارە، بوزورگیان بە بیانووی کڕینی هەندێ خواردنەوە دەچێتە دەرەوە. لەو کاتەدا بکوژەکان بە گوێرەی ئەو کاسێتانەی کە وتەکانی هەر دوو لای لە سەر تۆمار کراوە دەردەکەوێت هەر دوو لا لە کاتی وتووێژ کردندا بوون کە دەنگی چەند تەقەیەکی نزم دێت، دیارە ئەو چەکانەی بەکار هاتوون دەنگ شاراوە بوون، ئیتر لەو کاتەدا قسەکان دەپچڕێن. بەمەش گفتوگۆکان لە ئێوارەی ١٣ی تەمموزی ١٩٨٩دا بە کارەسات کۆتایی پێ هات[27]". لەو کارەساتەدا دوکتور قاسملوو و عەبدوڵڵا قادری ئازەر و فازل مەلا مەحموود رەسوول شەهید دەبن و محەممەد رەحیمی ( جەعفەر سەحراروودی) بە ناو دیپلۆماتیش بریندار دەبێ.

بەم شێوەیە زەبرێکی یەکجار گەورە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەدرێ. یەکێك لە بە تواناترین رێبەرانی نەتەوەی

کـورد بـه شـێوەیەکی زۆر مەزڵوومانـە و زۆر بـێ بەزەییانـە بـە دەسـتی ڕێـژیمی خوێنخۆری بـە ماهییـەت تیرۆریسـت و تیرۆرپـەروەر شـەهید دەکـرێ. ڕێبـەڕێك کـە ڕەنگە بۆ هەتا هەتایە وەك یەکێك لە ئاشتیخوازترین و زانـاترین ڕێبـەرانی نەتـەوەی کورد باسی بکرێ.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

[*]. جێـی خۆیـەتی بڵـێین کـە نووسـەری ئـەم وتـارە ماوەیەکـە سـەرقاڵی وەرگێڕانـی تێـزی فـوق لیسانس(ماجستەر)ی بەڕێز هوشمند عەلی‌یە لـە زمـانی کوردی‌یـەوە بـۆ سـەر زمـانی فارسـی کـە سەبارەت بە ژیان و کەسایەتیی دوکتور قاسملووی شەهیدە. خـودی ئـەم وتـارەش بەشـێکی زۆر کورتە لە لێکۆڵینەوەیەکی فیکری سەبارەت بە قەیرانـەکانی نێـو حیزبـی دیمـۆکراتی کوردسـتانی ئێران، کە ڕەنگە لە دوو بەرگ دا چاپ و بڵاوی بکەمەوە.

[1]عەبـدوڵڕەحمان قـاسملوو ژیـان و ڕۆڵی سیاسـی لـە بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورددا، نامـەی ماستەر هوشمەند عەلی مەحمود،٢٠٠٦، لاپەڕە ٢٤.

[2]سەردەمی ڕەخنە، ژمارەی یەکەم، لە دەنگی زمانەوە بۆ بێدەنگی مانـا، بـەختیار عـەلی، لاپـەڕە ٢٥.

[3]عەبـدوڵڕەحمان قـاسملوو ژیـان و ڕۆڵی سیاسـی لـە بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورددا، نامـەی ماستەر هوشمەند عەلی مەحمود،٢٠٠٦، لاپەڕە ٢٧.

[4]عەبـدوڵڕەحمان قـاسملوو ژیـان و ڕۆڵی سیاسـی لـە بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورددا، نامـەی ماستەر هوشمەند عەلی مەحمود،٢٠٠٦، لاپەڕە ٢٩.

[4]. کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، نیوسـەدە تێکۆشـان، عەبـدوڵڵا حەسـەن زادە، لاپەڕە ٢٥٦.

[5]لاوان، گۆڤار، ژمارە ٢٥، دوکتور قاسملوو، شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە، ڕامبود لوتفپووری، لاپـەڕە ٢٥.

[6]عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و ڕۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، نامەی ماستەر هوشمەند عەلی مەحمود،٢٠٠٦، لاپەڕە ٣١.

[7]عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و ڕۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، نامەی ماستەر هوشمەند عەلی مەحمود،٢٠٠٦، لاپەڕە ٣١.

[8]عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و ڕۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، نامەی ماستەر هوشمەند عەلی مەحمود،٢٠٠٦، لاپەڕە ٣٢.

[9]عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و ڕۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، نامەی ماستەر هوشمەند عەلی مەحمود،٢٠٠٦، لاپەڕە ٣٦.

[10]عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و ڕۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، نامەی ماستەر هوشمەند عەلی مەحمود،٢٠٠٦، لاپەڕە ٤٢.

[11]چل ساڵ خەبات، لاپەڕە ١٠، پەڕاوێزی لاپەڕە، چاپی دووهەم، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو.

[12]"پاشکۆی تێکۆشەر"، ژمارە ٢٧، لاپەڕە١٠. ساڵی ١٣٦٨. نێوەڕۆکی ئەم پاشکۆی تێکۆشەرە دەقی وتارێکی شەهید دوکتور قاسملووی نەمرە کە لە ژێر ناوی مێژووی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا چاپ بووە و پێش شەهید بوونی دوکتور قاسملوو ئەو وتارە وەك وانە لە پۆلەکانی کادریدا دەگوترایەوە.

[13]"پاشکۆی تێکۆشەر"، ژمارە ٢٧، لاپەڕە١١. ساڵی ١٣٦٨.

[14]"پاشکۆی تێکۆشەر"، ژمارە ٢٧، لاپەڕە١٢و ١٣. ساڵی ١٣٦٨.

[15]"پاشکۆی تێکۆشەر"، ژمارە ٢٧. ساڵی ١٣٦٨.

[16]کورتە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، نیوسەدە تێکۆشان، عەبدوللا حەسەن زادە، لاپەڕە ٢٨٦.

[17]عەبدولڕەحمان قاسملوو ژیان و ڕۆڵی سیاسی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، نامەی ماستەر هوشمەند عەلی مەحمود،٢٠٠٦، لاپەڕە ٦٠ و ٦١.

[18]گۆڤاری ئاین، ژمارەی یەکەم، ساڵی یەکەم، ل٢٥،مووسێ غەنی نژاد، دیارە ئەم وتارە لە گۆڤاری لاوانی ژمارە ٢٥یشدا چاپکراوە کە ڕێبوار ئیبراهیم زادیان وەری گێڕاوە.

[*]. شیاوی ئاماژەیە ئەم وتارە بەشێکی یەکجار کورتی لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی، مێژوویی و فیکرییە سەبارەت بە حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ڕەنگە لە توێی دوو بەرگدا چاپ و بڵاوبکرێتەوە. هەروەها جێی خۆیەتی باسی ئەوەش بکەین کە لەو بەرهەمەدا باسی زۆر لایەن و

رەهەنـدی دیکـەی کەسـایەتییە بـەرزەکانی حیـزب کـراوە کـە بـۆ زیـاتر تێگەیانـدنی ئـەم بابەتـە یارمەتیدەر دەبن.

[19]"پاشکۆی تێکۆشەر"، ژمارە ٢٧، لاپەڕە٢٤. ساڵی ١٣٦٨.

[20]ڕاگەیەنـداروی کۆمیتــەی ناوەنـدیی، حیزبــی دیمــوکراتی کوردســتانی ئێـران — ڕێبەرایــەتی شۆڕشگێڕ، لە سەر کۆتایی هاتنی کۆنفرانسی چوارەم.لاپەڕە ١٥.

[21]٥٠ ساڵ خەبات، جەلیل گادانی، بەرگی دووهەم، چاپی دووهەم، لاپەڕە، ٢٩ و ٣٠.

[22]خەباتخوازیی کورد، کریس کۆچێرا، وەرگێڕانی ئاسۆ حەسەن زادە، ساڵی ١٩٩٩، ل ١٠٥

[23]خەباتخوازیی کورد، کریس کۆچێرا، وەرگێڕانی ئاسۆ حەسەن زادە، ساڵی ١٩٩٩، ل١٠٥

[24]خەباتخوازیی کورد، کریس کۆچێرا، وەرگێڕانی ئاسۆ حەسەن زادە، ساڵی ١٩٩٩، ل١٠٥

[25]خەباتخوازیی کورد، کریس کۆچێرا، وەرگێڕانی ئاسۆ حەسەن زادە، ساڵی ١٩٩٩، ل ١٠٧.

[26]عەبدوڵڕەحمان قـاسملوو ژیـان و ڕۆڵی سیاسـی لـە بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورددا، نامـەی ماستەر هوشمەند عەلی مەحمود،٢٠٠٦، لاپەڕە ٨٨.

[27]عەبدوڵڕەحمان قـاسملوو ژیـان و ڕۆڵی سیاسـی لـە بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی کـورددا، نامـەی ماستەر هوشمەند عەلی مەحمود،٢٠٠٦، لاپەڕە ٩١.

# کێشەی لوبنان

نووسینی: موعتەسەم نوورانی

بە لەبەر چاوگرتنی ئەوە کە وڵاتی لوبنان یەکێکە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش هەم لە باری جوگرافیایی و هەم لە باری ئابووری و هەم لە باری ئیستراتیژیکییەوە ناوچەیەکی گرینگو پر بایەخە. لەلایەکی دیکەوە سێ قارەی ئاسیا ، ئوروپا و ئەفریقیا پێکەوە دەبەستێتەوە و لە باری ئابووری و سەرچاوە ژێر زەوییەکانەوە ناوچەیەکی زۆر دەوڵەمەندە و زیاتر لە نیوەی پاشکەوتە نەوتیەکانی جیهان لەو ناوچەیەدا هەڵکەوتوون، هەروەها گازی سرووستیش لەو ناوچەیەدا لە نەوتەکەی کەمتر نییە . بۆیە لە کۆنەوە ئەو ناوچەیە لەلایەن وڵاتە گەورەکانەوە زۆری سەرنج پێدراوە . وڵاتانی پیشەسازی چاوی تەماحیان تێ بریوە. ئەو ناوچەیە پڕە لە کێشەو ململانێ نەتەوایەتی وسیاسی و ئابوورییەکان و لەزۆربەی وڵاتانی ئەو ناوچەیە کێشە سنوورییەکان و سنوورە دەستکردەکان هەر ماونەوە دەیان کێشەی گەورەی وەك : کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل، کێشەی کوردەکان، کێشەی لوبنان، تیرۆر، بناژۆخوازی ئیسلامی، کێشەی نەوت، کێشەی ئاو ...... لە ناوچەکەدا هەن و بەشیکی زۆرلەو مشتومڕانە بە هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران قوڵتر بوونەوە و ئاژاوەگێری و پشتیوانی کردنی لە تیرۆریزم لە لایەن ئەو حکوومەتە دەست تێوەردان لە کارو باری دراوسیەکانی کارێکی وای کردووە کە ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی خستۆتە مەترسی یەوە، هەتا کۆماری ئیسلامیش بمێنێ ئەو ناوچەیە رووی ئاسودەیی بەخۆیەوە نابینێ چونکە لە هەر جێگایەك ئاژاوەو شەڕو پێکدادان هەبێ کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی تێدایە. لە ئێراق بە تەواوی خەریکی تێکدانی وەزعەکەیە بە هاوکاریکردنی شیعەکانی ئێراق شەڕی نێوخۆیی دروست کردوە، ئامریکا لەو باریەوە بەڵگەی روون و ئاشکرای هەیە. لە لوبنانیش بە یارمەتی دانی بە لێشاوی بە حیزبوڵڵا و رێکخراوە ئیسلامیە توندڕەوەکانی ئەو وڵاتەو بە هاندانیان بۆ شەر بەدژی ئیسرائیل و تێکدانی ئاسایشی لوبنان بە چەندین میلیارد دۆلار پارە دەدا بە شێعەکان. لەگەڵ سوریا دەستیان داوەتە دەستی یەکتر بۆ ئەوەی حکومەتێکی

شیعەی لایەنگری خۆیان لە لوبنان دا بنێن کە لێرەدا ئێمە هێندێك لایەنی ئەو کێشەیە دەخەینە روو .

## هەڵکەوتوویی جوغرافیایی لوبنان

ئەو وڵاتە یەکێکە لە وڵاتە چوکەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست : دەکەوێتە رۆژئاوای قارەی ئاسیا و لەسەر لێواری رۆژهەڵاتی بەحری ناوەڕاست هەڵکەوتوە . لە باکوورو رۆژهەلات دەبێتە دراوسێی وڵاتی سوریاو لە باشوریش دەبێتە دراوسێی وڵاتی ئیسرائیل. رووبەری ئەو وڵاتە ١٠٤٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و رادەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە نزیك بە ٣ملیۆن و٥٠٠هەزار کەسە . لوبنان لە ٥ ئوستان (پارێزگا) پێك دێت کە بریتین لە پارێزگاکانی: بیروت، بوقاع، جەبەل، باکورو باشور. کە هەر پارێزگا ٣٤ شاری هەیە. ١٧ هۆزی فەرمی (رەسمی) لە لوبنان دا هەیە . وڵاتی لوبنان بە سێ ناوچەی جوغرافی دابەش دەکرێ :

١- ناوچەی شاخاوی رۆژئاوای ئەو وڵاتە کە بە زنجیرە چیای رۆژئاوای لوبنان بەناوبانگە وەك دیوارێکی بڵیند لە سەر لێواری دەریای ناوەراست هەلکەوتوە .

٢- ناوچەی شاخاوی رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە بە ناوی زنجیرە چیای رۆژهەڵاتی لوبنان کە دەکەویتە سنووری وڵاتی سوریا، دیارە ئەو دوو زنجیرە چیایەی رۆژئاوا و رۆژهەلات پێکەوە تەریبن . لە بەرابەری یەکتردا هەڵکەوتوون.

ئەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە نێوان دوو زنجیرە چیای رۆژهەلات و رۆژئاوا بە دۆڵی بوقاع بە ناوبانگە. بەرینایی دۆڵی "بوقاع " ٢٤ کیلۆمیتر و درێژایی نزیك بە ١٣٠ کیلۆمیترە کە ئەو دۆڵە گرینگترین ناوچەی لوبنان پێکدێنێ. زستانان زۆر ساردەو بەفرێکی زۆری لێدەبارێ و هاوینانیش هەوایەکی گەرم و خۆشی هەیە بۆ کشت و کاڵ و ئاژەڵداری ناوچەیەکی زۆر بە خێروبێر و پڕ پیت وبەرەکەتە . روباری لیتانی ١٤٦ کیلومیترە کە درێژترین و گرینگترین رووباری ئەو وڵاتەیە بەدۆڵی بوقاع دا تێدەپەرێ و دەچێتەوە دەریای ناوەراست. هەروەها چۆمی ئورنتس لە باکوری دۆڵی بوقاع هەڵدەقولێ و دەچێتەوە خاکی سوریا. لوبنان تەنیا وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە هیچ بیابانی تێدا نییە، ئاوو و هەوای

لوبنان به گشتی ئاوو هەوای مەدیتەرانەییە (فێنكوخۆش)، بەڵام بەرزاییەکانی ئاووهەوای کوێستانیە. لە سەر یەك ئاو و هەوایەکی زۆر خۆش و سازگاری هەیە ، لە زستان و بەهاردا باران زۆر دەبارێ هەر بۆیەش وڵاتێکی سەر سەوزو دڵگیرە داوێنی کێوەکانی بە دارستان و لێرەوار داپۆشراوە، کە زیادتر لە ٤٠٠ کیلومەتری چوارگۆشە بە داری سەرو (سرو) داپۆشراوە داری سەرو نیشانی میللی ولاتی لوبنانە . پێش شەڕەکانی ناوخۆیی لە ساڵی ١٩٧٥ ئیسرائیل چەند جار هێرشی کردە سەر ئەو وڵاتە. ئەو وڵاتە یەکێك لە خۆشترین وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بووەو یەکێك لە گەورەترین ناوەندی توریستی (گەشت وگوزار) ی جیهان بوو بەڵام شەڕە درێژ خایەنە ناوخۆیەکان و هێرشەکانێ ئیسرائیل شوێنەواری زۆر خراپیان لەسەر دارستان و ئابووری ئەو وڵاتە دانا و بەشێکی زۆرلە لیرەوارو دارستانی ئەو وڵاتە سوتاو لە نێو چوو. ئابووری و پیشەسازی ئەو وڵاتەش زەرەرو زیانێکی زۆری وێکەوت، بەشێکی زۆر لە شارو گوندەکانی ئەو وڵاتە خاپوور بوون، بەتایبەت شاری بیروت کە پایتەختی ئەو وڵاتە بوو وەك ویرانەیەکی لێهات .

## کورتەیەك لە مێژووی سیاسی و پێکهاتەکانی لوبنان

لوبنان بەشێك بوو لە نیشتمانی کونی فنیقیەکان: ئەو وڵاتە وەك دەسەڵاتێکی خۆجێیی (محلی) لە ژێر چاودێری و دەسەڵاتی ئەمەوییەکان و پاشان لەژێر دەسەڵاتی عەباسیەکان دابوو. دواتریش کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی دەسەڵاتە سیاسیە خۆجێیەکەی ئەو کات بە دەستی مسوڵمانەکان بەتایبەت دوروزیەکانەوە بوو و مارۆنیەکانیش چەند جار لە حکومەت دا بەشدار بوون . لەساڵی ١٨٦٤ کاتێك کە خەلیفەی عوسمانی بەرەبەرە لاوازو بێ هێز دەبوو ئیمپراتۆری فەرانسە بەبیانوی پشتیوانی کردنی لە مارونیەکان لەشکر کێشی کردە سەر لوبنان و خەلیفەی عوسمانی ناچار بە رێکەوتننامەیەك کرد کە لەودا خودموختاری سیاسی ناوچەی مارۆنی نشینی جەبەل بەرەسمیەت ناسراوە کە لە مێژوی ئەو وڵاتەدا بە لوبنانی چکۆلە ( صغیر ) بەناوبانگە. دوای شەڕی جیهانی یەکەم و هەڵوەشانی ئیمپراتۆری عوسمانی، وڵاتانی فەرانسە و بریتانیا ناوچەکانی

لوبنان و سوریەو لێوارەکانی دەریای ناوەڕاستیان داگیر کرد. لە کۆنفرانسی سان ـ لاریمۆ لە ساڵی ١٩٢٠ بەڕێوەبردنی وڵاتی لوبنان درا بە فەرانسە. فەرانسەش دەستی کرد بە پێکهێنانی لوبنانی گەورە ( لوبنانی ئێستا ) و دەستورێکی بنەڕەتی بۆ ئەو وڵاتە دانا. لەو کاتەوە بەربەرەکانی لێبراوانەی خەڵکی لوبنان بەدژی دەسەڵاتی فەرانسە بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەیان بەردەوام بوو، ئەوان لە هیچ کەندو کۆسپێك سڵیان نەکردەوە تا لەساڵی ١٩٤٦ توانیان سەربەخۆیی بۆ وڵاتەکەیان دەستەبەر بکەن. لەو کاتەوە لوبنان بوو بە خۆشترین وڵات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تاقە وڵاتێك بوو کە ئەزمونی دیموکراسی کۆمەڵایەتی تێدا بەڕێوە دەچوو هەموو دەستە و تاقم و لایەنە جۆراوجۆرەکانی میللی و مەزهەبی لە دەسەڵاتدا بەشدارن بوون.

بەهۆی ئەوەی کەوڵاتی لوبنان پێك هاتووە لە حەڤدە تایفەو عەشیرەتی گەورەو هەریەك لەوانەش مەزهەبێ خۆی هەیە بە گشتی وڵاتێکی فرەلایەن وفرە نەتەویە و تیرەو رەگەزی جۆراو جۆر پێك دێت، هەربۆیە سیستەمی ئیدارەکردنی ئەو وڵاتە کارێکی ئاسان نییە و ئەو حکومەتە دەبێ حکومەتێك بێ بە بەشداری هەموو لایەنەکان، وڵاتی لوبنان کە پێك دێت لە چەند میللیەت و لە سێ ئاینی ئیسلام و مەسیحی و یهودی. ١٧ گروپی مەزهەبی جیاوازی تێدایە لە نێو ئەوان دا ١١تیرەی مەسیحی هەن کە بریتین لە : مارونییەکان، ئورتودوکسەکان، کاتولیکەکان، ئەرمەنیە ئۆرتودوکسەکان، ئەرمەنیە کاتولیکەکان، پرۆتستانەکان سریانیە ئۆرتۆدوکسەکان، سریانیەکاتولیکەکان، لاتینەکان، کلدانیەکان، نستوریەکان.

پێنج تیرەی ئیسلام لە وڵاتەدا بریتین لە: سونیەکان، شیعەکان، دوورزییەکان، عەلەویەکان، ئیسماعیلیەکان، جوولەکەکان ( یەهودیەکان ) ئاخرین و کەم ترین دەستەی مەزهەبین لە لوبنان کە چەند هەزار نەفەرێك دەبن .

بەبێی سەر ژمێری ساڵی ١٩٣٢ ی وڵاتی فەرانسە لەو وڵاتەدا مەسیحیەکان ٥١٪ و موسوڵمانەکان ٤٩٪ ی دانیشتوانی ئەو وڵاتەیان پێك دێنا کە مارۆنیەکان ٢٩٪ و سونیەکان ٢٢٪ و شیعەکان ٢٠٪ ، سی گروپی گەورەی ئەو وڵاتەیان پێك دێنا.

بەپێی دەستوری بنەرەتی ئەو وڵاتە سەرۆك کۆماری لە مەسیحیەکان، سەرۆکی حکوومەت ( سەرۆك وەزیر) لە سونیەکان و سەرۆکی پارلمان لەشیعەکان پێك دێ. بەڵام ئێستا ئێران و سوریا و حیزبولڵای لوبنان لەم دەستووره ناڕازین. لەو تقسیمات و ئامارو سەر ژمێریەدا، پێیان وایە شیعەکان ٣٤٪ و سونیەکان٢١/٥٪ و ئێستا موسوڵمانەکان لەسەریەك ٥٥/٥٪ و مەسیحیەکان ٣٤/٥٪ پێك هاتەی ئەو وڵاتەن. یاسای سەرەکی لوبنان لە ساڵی ١٩٢٦ لە سەر بنەمای سێهەمین یاسای فەرانسە نوسراوە. جۆری دەسەڵات کۆماری، پارلمانیو چەند حیزبیە هەتا پێش ریکەوتننامەی تایف دەزگای بەڕێوەبەری لە دەستی سەرۆك کۆمار دابوو، سەرۆك کۆمار بۆماوەی ٦ساڵ لەلایەن پارلمانەوە هەڵدەبژێردرێ. دوای شەڕی ٧٩ ڕۆژەی ئیسرایلو چوونە دەری هێزەکانی فەلەستینی لە لوبنان لە ساڵی ١٩٨٣، هەموو گرووپ و دەستەو لایەنە جۆراوجۆرەکانی لوبنان لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئاشتی میللی دا بە دوو مەبەست لە دەوری یەك کۆبوونەوە.

**یەکەم**: گێڕانەوەی سەقامگیریو ئەمنیەتو ئاسایش بۆ وڵات

**دووهەم**: وەدەرنانی هێزەکانی ئیسرایل

بەڵام پیلانی لە پێش دارێژراوی ئیسرائیلو مارۆنیەکانو سیاستمەدارانی لوبنانیی سەروە ئیسرائیل، ئەو هەوڵانەیان پووچەڵ کردەوە. ئیسرائیلیەکانو مارۆنیەکان پێك هاتبوون لە سەر ئەو نەخشەیە کە لوبنان بکەنە دوو وڵاتی مەسیحیو موسڵمان و دابەشی بکەن بەڵام موسڵمانەکانیش بە پشتێوانی سووریە لە لایەكو پەرەگرتنی بەرگری موسڵمانەکانی شیعە بە هاوکاریو پشتیوانی ئێران ئەو پیلانەی ئیسرائیلو مارۆنیەکانی هەڵوەشاندەوە. لە ئاکام دا بە هەوڵی یەکجار زۆری هێزە ناوخۆییو دەرەکیەکان لە لوبنان کۆمیتەیەکی سێ قۆڵی لە لایەن

عەرەبستان، مەراكش، الجزاير لە ساڵی ١٩٨٩ پێك هات. كە ئەو كۆمیتەیە رێكەوتنێكی سەرەتایی لە نێوان پسپۆرانی سیاسی لوبنان ساز كرد. لە دیسامبر ١٩٨٩ بەریوەبەرانی عەرەبستانی سعودیو پاش ماوەكانی پارلمانی ساڵی ١٩٧٢ی لوبنان ( ٦٢ ئەندام لە ٧٣ ئەندام مابوونەوە لە پارلمانێكی ٩٩ ئەندامی ئەو وڵاتە) لە شاری تایفی عەرەبستان كۆبوونەوە "میساقی ملی" لوبنانیان دەستكاری كردو ڕادەی ئەندامانی پارلمانیان كردە ١٢٨ ئەندام كە ئەو ڕادەیە لە نێوان موسڵمانەكانو مەسیحیيەكان وەك یەك دابەش كرا. ٦٤ كورسی بۆ مسوڵمانەكانو ٦٤ كورسی بۆ مەسیحیيەكان، لە حاڵێكدا پێشتر نیسبەتی ئەو رادە ٦ بە ٥ بە قازانجی مەسیحیيەكان بوو. ئێستا سەرۆكایەتی پارلمان لە دەستی شێعەكان دایە ماوەی سەرۆكی پاڕلمان لە یەك سال ڕا كرا چوار ساڵ و مافی هەڵوەشانەوەی پەڕلمان لە سەرۆك كۆمار ئەستێندرایەوە.

هەر لەو كۆبوونەوەدا دەسەڵاتی سەرۆكی حكومەت لە چوارچێوەی دەسەڵاتی بەرێوەبەرایەتی زیاد كراو سەرۆك كۆمار بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكی حكومەت دەبێ لە گەڵ پەڕلمان راوێژ بكا. بڕیاراتی سەرۆك كۆمار دەبێ لە لایەن سەرۆكی حكومەتەوە ئیمزا بكرێ ئەگەرچی سەرۆك كۆمار فەرماندەی گشتی هێزو سوپای ئەو وڵاتەیە بەڵام بە تەواوی سوپا لە ژێر كۆنترۆلی پاڕلمان دایە، لە نەبوونی سەرۆك كۆمار دا سەرۆكی حكومەت ئەركو كارەكانی ئەو بەرێوە دەبا. لە ڕاستی دا لە كۆنفڕاسی تایف دەسەڵاتی بەڕێوەبەری وڵات لە سەرۆك كۆمارەوە درا بە سەرۆك وەزیران. پارڵمانو وەزارەتخانەكانیش بە شێوەی یەكسان لە نێوان موسڵمانەكان ومەسیحیيەكان دا دابەش كرا بە شێوەیەك كە ١٥ وەزارەت بۆ موسڵمانەكانو ١٥وەزارەت بۆ مەسیحیيەكان لە پارڵمانیش دا ٦٤ كورسی بۆ موسڵمانەكان و٦٤ كورسیش بۆ مسیحیيەكان داندرا*.

## ڕۆژگارێکی لێڵ ونادیار

لەگەڵ ئەوەی ئەو وڵاتە بە پێچەوانەی وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەك وڵاتێکی ئەمن و سەقامگیر چاوی لێدەکرا و سیستمێکی دیموکراتیکی کۆمەڵایەتی لەوێدا پیادە کرابوو. ناسەقامگیری و بێ سەرو بەرەیی لە سەرەتای دەیەی ١٩٧٠ بەولاوە دەستی پێکرد و دەست پێ کردنی شەڕێکی نێوخۆ لە ڕۆژی ١٣ ئاوریلی١٩٧٥ کە بە تەواوی وەزعی نێوخۆی لوبنانی تێکدا و ڕوودانی کارەساتی دواتریش وەك گەمارۆدانی ئۆردوگاکانی "تل زعتر " و کوشتاری زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە ئاوارەکانی فەلەستینی بەهۆی توندڕەوە مەسیحیەکان، ڕۆژگارێکی ناخۆش و بێ سەرو بەرەییو پشێوی نێوخۆیی و ململانێ وشەڕی چەکدارانەی نێوان گروپەکانی لوبنانی لێ کەوتەوە .

پارلمانی لوبنان کە دوایین هەڵبژاردنی خۆی لە ساڵی ١٩٧٢ بەڕێوە برد لەو کاتەوە بۆ ماوەی ٢٠ساڵ نەیتوانی هەڵبژاردنی دیکە بکاتەوە، جیا لەوەش بەربڵاوی هێرشی فەلەستینیەکان لە باکووری لوبنان بۆسەر ئیسرائیلو هێرشی بەرانبەری هێزەکانی ئیسرائیلی بۆسەر ئەوان، بارودۆخی باشوری ئەو وڵاتەی بەتەواوی تێك دا. لە ساڵی ١٩٧٨ سوپای ئیسرائیل بەبیانوی سەرکوت کردنی هێزەکانی فەلەستینی چووە نێو خاکی لوبنانو بەکردەوە بەشێکی لەخاکی ئەو وڵاتە داگیر کرد و لە ساڵی ١٩٨٢ بەبیانوی بەرگری لە دزەکردنی چریکەکانی فەلەستینی لەنێو خاکی لوبنان ڕا بۆ نێو ئیسرائیل بە هێزێکی زۆرەوە لە زەوی و ئاسمانەوە هێرشی کردە سەر چریکەکانی فەلەستینیو تا بیروتی پێتەختی ئەو وڵاتە چوونە پێش. دیارە مەبەستی ئیسرائیل لەو هێرشە بۆ لە ناو بردنی یەکجاری ڕێکخراوی فەتح و پاك کردنەوەی فەلەستینیەکان لە لوبنان بوو کە لەگەڵ بەر بەرەکانی توندوتیژی فەلەستینییەکان و هێزە پێشکەوتوەکانی لوبنان ڕوبەڕووبوەوە، ئەوشەڕە بە بەشەڕی ٧٩ ڕۆژە بە نێوبانگە. پاشان چریکەکانی فەلەستینی (فەتح) بەو مەتمانەیە کە هێزەکانی ئاشتی پارێزی ئامریکا، فەرەنسا، ئیتالیا، ئەمنیەتی

پەنابەرە ئاوارەکانی فەلەستینی دەپارێزن لوبنانیان بەجێهێشت، بەڵام هێندەی پێنەچوو هێزەکانی ئاشتی پارێزیش لوبنانیان بەجێهێشت. کورد گوتەنی: "مەریان بە گورگ ئەسپارد". گروپە راست رەوە مەسیحیەکان بە پشتیوانی ئیسرائیل هێرشیان کردە سەر ئۆردوگاکانی سەبرا و شەتیلا دەستیان کرد بە کوشتاری پەنابەرە فەلەستینیەکانو زیادتر لە ٤٠٠٠ کەسیان لێ کوشتن کە ئەو روداوە دڵتەزێنە شەڕە ناوخۆییەکانی لوبنانی توندوتیژتر کرد. لە لایەکی دیکەوە بەرەبەرە ئێران دەستی خستە نێو کێشەکەو بە ناردنی پاسدارانی خۆی و پارەو پووڵی بەلێشاو و هاندانی شیعەکان، قۆناغەکە گوێزرایەوە بۆ قۆناغیکی دیکە، کە ئەویش بە دامەزراندنی حیزبوڵڵا لە ساڵی ١٩٨٢ لەنێو شیعەکانی لوبنانو تیرۆرو ئاژاوەگێری دەستی پێ کرد. ئیسرائیلیش هەموو جارێك بە بەهانەیەك هێرشی دەکردە ناو خاکی لوبنان. بۆردومانەکانی ئیسرائیل بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی ئەو ولاتەی زیادتر تێکدا. دوای شەڕی نێوخۆیی ساڵی ١٩٧٥ زنجیرەیەك شەڕی ناوخۆتێك هەڵچوونی خوێناوی چەکدارانە لە نێوان شێعەکان وسونییەکان لە لایەکو گروپە مەسیحیەکانیش لەلایەکی تر دەستی پێکرد. بۆ هەموو کەس جێگای سەرسوڕمان بوو کە چۆن ئەو ئاسایشو دیموکراسییە کۆمەلایەتییە بوو بە شەڕێکی مالۆێرانکەر بە هۆی وێران بوون و کاول بوونی ئەو ولاتە. بە چ هۆیەك سەقامگیری ودێموکراسی کۆمەلایەتی لەساڵی ١٩٧٥ڕا تا ١٩٩٠ ماڵئاوایی لەخەڵکی لوبنان کرد ؟ دیارە وەلامی ئەم پرسیارە لە چەند خاڵێك دا دەدەینەوە:

* دەسەلاتی لوبنان تاقە ئەزمونێکی دێموکراسی کۆمەلایەتی بوو لە نێو ولاتانی عەرەبی دا بۆیە بۆیان تەحەمول نەدەکرا .

* بوونی پەنابەرە فەلەستینیەکان لە باشوری لوبنان و چوونی سەرکردایەتی فەتح بۆ لوبنان .

* چەندین جار هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر خاکی ئەو ولاتە .

* دەست تێوەردانی سوریە لە کاروباری ئـە وڵاتـەدا کـە هێزێکـی ۲۰۰۰۰کەسـی لەوێ دا بوو.

* دەست تێوەردانی کۆماری ئیسـلامی ئێـران و پشـتیوانی کردنـی لـە رێکخـراوە تونـدرەوەکانی شـێعە، بەتایبـەت حیزبـوڵڵا. شـێعەکانیش بـەو دابـەش کردنـەی دەسەڵات قایل نەبوون کە فەرەنسیەکان لەساڵی۱۹۳۲ کردبوویان شێعەکان پێیـان وابوو غەدریان لێ کراوە کە مەسیحیەکان ٥٥ کورسی، موسوڵمانەکان ٤٤ کورسـی و یەهودیەکان ۱ کورسییان هەیە .

## شەڕی نـاوخۆیی لوبنـان

هەرچەند لە سەرەوە باسی ئالۆزیو شەڕی نـاوخۆیی لوبنـان کـرا بـەڵام شـەڕی نیوخۆیی ساڵی ۱۹۷٥ی ئەو وڵاتە پێویستە زیاتر باسی لە سەر بکرێ. دوای شەڕی فەلەسـتینیەکان لـە گـەڵ حکوومـەتی ئـوردۆن لـە سـاڵی ١٩٦٧ و رۆیشـتنیان لـەو وڵاتە، بەشێکی زۆر لە پەنابەرانی فەلەستینی کـە نزیـك بـە ۳۰۰۰۰۰ کـەس دەبـون، رۆیشتن بۆ باشووری لوبنان. لەو ریکەوتەوە هاوکێشەی هێزەکـانی لوبنـان کەوتنـە ژێر کاریگەری ئەو وەزعە کە لە لایەن پەنابەرە فەلەسـتینیەکانەوە دروسـت بـوو و رژیمی ئیسرائیل دەستی کرد بە هانـدانی مەسـیحییە مارۆنیـەکانی لوبنـان بـە دژی فەلیستینیەکانو گەیشتە ئەو رادەیە کە لـە ۱۳ی ئـاوریلی ۱۹۷٥ شـەڕی نێوخـۆیی دەستی پی کرد.

شــەڕی نێوخـۆیی لوبنـان بـە هێرشـی چـەکدارەکانی حیزبـی کتایـب (سـەر بـە مەسـیحیەکانی مـارۆنی بـە ریبـەری پیرجمابـل) بـۆ سـەر ئوتوبوسـێکی هـەڵگری فەلەستینیەکان لە گەڕەکی"عین الرمانه" و کوژرانی ٢٦ فەلەسـتینی دەسـتی پـی کرد.

## ئەو شەرە نێوخۆییە لە دوو قۆناغدا جێگای سەرنجە :

**قۆناغی یەکەم:** شەڕی رەگەزی لە لایەن مارۆنیەکانو هاوپەیمانەکانی بە دژی موسوڵمانەکان و بەرگریی فەلەستینی بوو، کە هەوڵیان ئەوە بوو بیکەنە شەڕێکی

مەزهەبی دژ بە یەك. لە سەرەتادا هێرشیان دەكردە سەر مزگەوتەكانو كلیساكانو شوێنە پیرۆزەكانو كەسایەتیە مەزهەبییەكان. ئەو قۆناغە، بە پشتیوانیو دەست تێوەردانی سووریە بوو، كە بە ناوی سوپای رزگاریدەری فەلەستینی جێ بەجێ كراو بە تێك شكانی مارۆنیەكان كۆتایی هات.

**قۆناغی دووهەم:** بە چەپ رەوی لە ڕادە بەدەری هێزە توندرەوەكانی هەر دوولا دەستی پێ كردو حیزبە چەپیەكان خوازیاری دروست كردنی كۆمەلگایەكی لائیك بوون و دژی سووریە هاندانێكی زۆریان كرد لە ئاكام دا شەڕێكی نێوخۆیی دوبارە دەستی پی كرد.

شەڕ گەیشتە جێگایەك كە سوپای سووریە بە شێوەی رەسمی هاتە مەیدان و لە ماوەی چەند شەڕی خوێناوی دا دژی چەپەكانو موسڵمانەكانو بە پشتیوانی مەسیحیەكان كۆنترۆلی وەزعەكەی بە دەستە وەرگرت و شەڕ كۆتایی هات. بەلاّم لەو شەڕە خوێناویانەدا بەشێكی زۆر لە گوندو شارەكان وێران بوون نزیك بە ٤٠٠٠٠ كەس لوبنانی و ٣٠٠٠٠كەس فەلەستینی كوژران ، زیاتر لە ١٠٠٠٠٠ كەس بریندار و ٥٠٠٠ كەس كەم ئەندام بون و زیاتر لە٣٥ میلیارد لیرە خەسارەتی ماڵی بە دواوە بوو.

## لوبنانو ئیسرائیل

ئەوەش پێویستی بە رون كردنەوە هەیە كە ولاّتی لوبنانیش وەك هەموو ولاّتانی دیكەی عەرەبی لە شەڕی عەرەبو ئیسرائیل بێبەش نەبوو, بە تایبەت بە هۆی دراوسێتی لە گەڵ سوریەو ئیسرائیل و هاتنی پەنابەرانی فەلەستینی پاش دەركردنیان لە ئۆردۆنو هاتنیان بۆ خاكی ئەو ولاّتە, شەڕی فەلەستینیەكان لە گەڵ ئیسرائیل و هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر بەرزایەكانی گولان. ئیسرائیل چەندین جار هێرشی كردە سەر ولاّتی لوبنان و لە گەڵ بەربەرەكانیی موسڵمانانی لوبنانیو بەرگری وتووندوتیژیی فەلەستینیەكان بەشێوەی خوارەوە رووبەروو بۆوە :

١- قۆناغی بەربەرەكانیی فەلەستینی لە ساڵی ١٩٧٨ تا ١٩٨٢

٢- قۆناغی بەربەرەکانی میللیی لوبنان ١٩٨٢ تا ١٩٩٣

٣- قۆناغی بەربەرەکانی ئیسلامی ١٩٩٣ تا ئیستا

لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٨ تا ٢٠٠٧ (٣٩ساڵ) لوبنان شاهیدی پێنج هێرشی سەربازی بەربلاوی هێزەکانی ئیسرائیل بووە و باشووری لوبنان بەشێوەی خوارەوە تووشیئەو هێرشانە بوو:

١- شەڕی لیتانی لە سالی ١٩٧٨

٢- شەڕی سەلامەتی جەلیل لە ساڵی ١٩٨٢ " لە نێو بردنی پێگەکانی رێکخراوی رزگاری دەری فەلەستینی" وە دروست کردنی سیستەمێکی سەر بە ئیسرائیل لە لوبنان دا کە ئەو شەڕە بە شەڕی ٧٩ رۆژە بە نێو بانگە

٣- شەڕی تەسویە حیساب ساڵی١٩٩٣، شەڕ لە گەڵ حیزبوولاو کووژرانی شیخ عەباس موسوی رێبەری حیزبولا بە هۆی هێرشی هەوایی ئیسرائیل، دیارە لەو شەڕەش دا هێزەکانی ئێرانی بە تەواوی پشتیوانیان لە حیزبوولا کرد.

٤- شەڕی "خوشەهای خشم" ١٩٩٦ شەڕی ئیسرائیل لە گەڵ چریکەکانی لوبنانی بوو لەو شەڕەدا سووریەو ئێران نەخشی بەرچاویان هەبوو.

٥- شەڕی ٣٣ رۆژەی ئیسرائیلو حیزبوولا لە هاوینی ٢٠٠٦دا، کە ئەو شەڕە بە پشتیوانی ئێران لە حیزبوولا دەستی پێکرد، شاری بەیروتو بەشێك لە شارو گوندەکانی دیکەی لوبنان خەسارەتێکی زۆری گیانیوماڵیان وێ کەوت. لەو شەڕەدا ئیسرائیل زۆربەی پێگەو بنکە گرینگەکانی حیزبوولای بۆردوومان کرد، هەروەها حیزبوولاش چەند مووشەکێکی هاویشتە خاکی ئیسرایل ، کە بە پێی بەڵگە ئەو مووشەکانە لە لایەن ئێرانەوە درابوون بە حیربوولا, لەو شەڕە سەختەدا خەڵکێکی زۆر بێ تاوان کوژرانو بریندار بوونو بوونە قووربانی هەڕەشەکانی سەید حەسەنی نەسڕولاو ئاژاوەگێری ئێران کە دیارە ئیسرایلیش لەو شەڕەدا بێ خەتا نەبوو.هەر چەند حیزبوولاو ئێران ددانیان بە شکستی خۆیان دانا. لەو شەڕەدا ئێران بەدانی چەندین میلیۆن دۆلار بۆ چاکردنەوەی بنکەو بارەگاکانی حیزبوولاو

ئەو خەسارەتەی کە لەو شەڕەدا لە ناوچەی شیعە نشینی لوبنـان کـەوتبووجارێکی دیکە پشتیوانی شیلگیر و ئاشکرای خۆی لـە حیزبـوڵلا دەرخسـت. ئـەوەش جێگـای باسە کـەدوای چـوونەدەری هێزەکـانی ئیسـراییل لـەخاکی ئەوولاتـە بەشـێکی زۆری خـاکی باشـوری لوبنـان کەلەلایـەن هێزەکـانی ئیسـراییل مـین ڕێـژکرابوون، هـەر واماونـــەوە کەئێســـتا چـــەند ڕێکخـــراوی نیوزلەنـــدی خـــەریکی پـــاك کردنـــەوەی ئەوناوچەمین ڕێژکراوانەن .

## ئاژاوەگێڕی سووریە لە لوبنان

پێویستە ئەوەش بڵێین کە سووریە دوای دەست پیٚ کردنی شەڕی نـاوخۆیی لوبنـان بە بیانووی دەسکەوت کە دەست لە لوبنان وەربـداو ئـەوەی جێگـای سـەرنجە کـە سووریە بە دوو مەبەست دەیەویست هێزەکانی خۆی بخزێنێتە نێو لوبنان.

**یەکەم:** بۆ زەربە لێدان لە ئیسرایلو وەرگرتنەوەی بەرزایەکانی جەولان کـە سـاڵی ١٩٦٧ لە لایەن هێزەکانی ئیسرائیلەوە داگیر کران.

**دووهەم:** سووریە لوبنانی بە ئوستانیکی خۆی دەزانی.

ســووریە لـــە پێشـــدا بـــۆ پشـــتیوانی کـــردن لـــە مەســیحیەکانو ســـەرکوتی نەتەوەخوازانەی چەپی توندڕەوی لوبنان کە٩٨٪ لوبنانیان لە کۆنترۆڵ دا بـوو بـە ئۆکەی ئەمریکاو فەرانسە, دوایی پێك هاتنی کۆنفراسی وڵاتـانی عـەرەب لـە قـاهیرە لە ساڵی ١٩٧٧و لە سـەر داوای ئـەوان چـوو بـۆ لوبنـان دەسـتی لـە کاروبـاری وی وەردا، دوایـی بەرەبـەرە لـە گـەڵ مارۆنیـەکان کەوتـە دژایـەتیو پشـتیوانی لـە موسوڵمانەکان دەکرد. سوریە لـەو ئاڵۆزیـە کـەڵکی وەرگـرت، هێزیکـی زۆری خـۆی خزانـدە لوبنـان و خـەڵکی ئـەو وڵاتـە بـە ئاشـکرایی نارەزایـەتی خۆیـان لـە بـوونی هێزەکانی سووریە لەو وڵاتەدا نیشان دەدا. بەربەرەکانی لیٚ بڕاوانەی خەڵکی لوبنـان لە لایەكو ریکەوتننامەی تایفو بڕیارنامەی ١٩٥٥ی ئەنجومەنی ئاسایش لـە لایـەکی دیکەو هەڵویستی جەسورانەی ڕەفیق حەریری لە ساڵی ١٩٩٥ بەو لاوە وای کردبـوو کە سووریە بریاری کۆتایی بدات. هەر ئەوەش بوو ڕەفیق حەریری کە یەکێك بوو لـە

خۆشەویسترین سیاسەتمەدارانی مێژووی لوبنـان لەزسـتانی سـاڵی ٢٠٠٥ تـیرۆر کـرا دووکەڵەکەشـی چـۆوە چـاوی هێزەکـانی ئەمنیـەتی سـووریەوە، هـەروەها کۆمـاری ئیسلامی ئێرانو حیزبووڵاش دەستیان لەو تیرۆرەدا هەبوو چوونکە رەفیق حـەریری تەنیا کەسێك بوو توانی بە تەواوی ئاسایش بگێریتـەوە لوبنـانو پـێش لـە ئـاڵۆزیو ئاژاوەگێریەکان بگرێو نەیەڵی سووریەو ئێران بە کەیفی خۆیان لە لوبنان دا ئەسپی خۆیان لینگ بدەنو چیان پێ خۆش بوو بیکەن، هەر بۆیەش لە مێژ بوو پیلانـی لـە ناوبردنی رەفیق حەریریان بە دەستەوە بوو. لە لوبنان بە ڕاسـتی سـوریە لایـەنیکی گەورەیە لـە پێـك هێنـانی کۆسـپو تەگـەرە لـە سـەر رێگـای ئاسایشـی ئـەو وڵاتـە. تەنانەت خەڵکی لوبنان بوونی هێزەکانی سوریەیان لە لوبنان بە یەکێك لە هۆیەکانی خراپـی بـاری ئـاڵۆزی ئـابووریو سیاسـی، ئەمنیـەتی لوبنـان دەزانـی. تەنانـەت هێزەکـانی" اسـتخبارات"ی سـووریە بـە بـێ دەسـتووری بنـەرەتی لوبنـان هـەقی دەخاڵەتیان لە خاکی لوبنان دا نەبوو بەڵام خەڵك بـە چـاوی خۆیـان دەیـانبینی کـە استخباراتی سووریە دەخاڵەت لە کاروباری وان دا دەکات. لە کاتی هەڵبژاردنەکانی پارلماندا بە تەواوی زەمینـەی خـۆش دەکـرد بـۆ ئـەوەی کاندیـداکانی خـۆی دەنـگ بێننەوەو لەو کارەش دا سەرکەوتوو دەبـوو چـوونکە لـەو پێنـاوەدا پـارەو پـولێکی زۆری خەرج کردبوو. لە بواری ئابووریو بازارەکانی لوبنانیش دا وای لێ هـاتبوو کـە بازارەکانی لوبنان ببوونە بەشێك لە بازارەکانی سووریە. خەڵك لـە دەسـتی سـووریە زۆر نارازی بوون و تەنانەت دوای تیرۆری رەفیـق حـەریری, عمـر کرامـی هاتـە سـەر کارو ئەویش پاش ماوەیەك سەرکەوتوو نەبوو ناچار لـە مەیـدان چـووە دەرێ بـەڵام ئیسـتا کـە فـواد سـێنیورە بۆتـە سـەرۆکی حکومـەتو توانیویـەتی هـەم پـێش بـە دەستیوەردانەکانی سووریە بگرێو هەم هێزەکانی سووریە لە خاکی لوبنان دەربکـا و هێزەکـانی سـووریە هـاوینی ڕابـردوو بـە تـەواوی خـاکی لوبنانیـان چـۆل کـرد کـە ئەوەش شکانیکی گەورە بوو بۆ سووریە.

## ئاژاوەگێڕیەكانی كۆماری ئیسلامی لە لوبنان

دوای سەركەوتنی شۆڕشی گەلاتی ئێران و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لەلایەن ئاخوندە كۆنەپەرستەكان، لە جیاتی دۆستایەتی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و پێك هێنانی ئاسایش لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، ئەو رێژیمە دەستی كرد بە ئاژاوەگێڕی و شەڕهەڵایساندن و ناردنی شۆڕش بۆ وڵاتانی دیكە و پێكهێنانی ئیمپراتۆریەكی بەهێزی شێعە، تیرۆركردنی نەیارانی خۆی و پشتیوانی كردن و پەرەپێدانی تیرۆریزم، چونكە ئەوەی لە ئێران گەیوتە سەركورسی دەسەڵات شێعەی بنیادگرایە، یانی ئەو شێعەیەی كە لە زەمانی سەفەویەكانەوە لە ئێران ریشەی داكوتاوە لە قالبی وەلایەتی فەقێیدا حەول دەدەن بۆ دروست كردنی ئیمپراتۆری مەزهەبی، شەهید پەروەری، كۆمەڵێكی توندوتیژی مەزهەبی، مەزلوم نوێنی، رەش پۆشی، چلەی شەهیدان و هاتنی ئیمامی مەهدی( امام زمان ). كە ئەو شێوە بۆچوونە لە هیچ یەك لە وڵاتانی ئیسلامی دنیا دا نابیندرێ، تەنانەت لەعێراق و یەمەنی باكووریش دا كەنزیك بە٥٥٪ دانیشتوانیان شێعە مەزهەبن. ناوەڕۆكی ئەو شێعەگەریە كە لە ئێراندا هەیە تەنیا لایەنی مەزهەبی نیە بەڵكو ناوەڕۆكی ئەو شێعەگەرییە، نەتەوەخوازیەكی كوێرو بەرچاوتەنگە كە دەیهەوێ وڵاتانی ئیسلامی بەرواڵەت لەژێر دروشمی ئیسلامی دا كۆبكاتەوە بەڵام لە واقع دا دەیهەوێ وڵاتانی ئیسلامی بخاتە ژێر ركێفی دەسەڵاتی خۆی، چونكە هەموو ئەو شەڕو ئاژاوەگێرییانەی كە لە باكوری ئەفریقا وەك سودان و الجزایر، لە ئاسیا وەك ئەفغانستان، وڵاتانی ئاسیای نێوەراست، وڵاتانی كەنداو، بەتایبەت عێراق و لوبنان هەموودەستی كۆماری ئیسلامیان تێدایە. چونكە پێش ئەوەی رژێمی ئێران دەست لە كاروباری لوبنان وەربدات حكوومەتی سووریە هێز و نفوزێكی زۆری لەو وڵاتەدا هەبوو، چەند رێكخراوی گەورەی لوبنانی و فەلەستینی وەك رێكخراوی ئەمەل بە سەرۆكایەتی نەبیەبەڕی، جبهەی خەڵك بۆ ئازادی فەلەستین، دوروزییەكانی لوبنان و چەند رێكخراوی تر كە پشتیوانیان لە سووریە دەكرد، كاریگەریی زۆریان لە

ڕەوتی ڕوداوەکانی لوبنان دا هەبوو. بەڵام پاش ئامادە بوونی ئاشکرای پاسدارە ئێرانییەکان لە لوبنان و لە ناوچەکانی شێعەنشین یارمەتی یەکجار زۆری ڕژیمی ئاخوندی بە ریکخراوە تیرۆریستی‌یەکان وەك ڕێکخراوی ئەمەلی ئیسلامی، جیهادی ئیسلامی، عەدالەتی شۆرشگێڕی‌و دروست کردنی حیزبولای لوبنان بەرە بەرە لە نفوزو متمانەی سووریە کەم بۆوە، بە شێوەیەك کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە لوبنان دا لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی تیرۆریستی‌دا قسەی یەکەم دەکا، زۆر لە فەرماندەکانی سوپای پاسداران وەك دوکتور چەمران ورەزاییەکان،...... لە لوبنان‌و لەگەڵ سازمانی ئەمەل دەورەی شەڕی چریکیان دیتبوو و لە شەڕی کوردستان دا نەخشی سەرەکیان هەبوو. دیارە ڕێکخراوی حیزبوولا ڕێبازی سیاسی‌و ئیدیۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لوبنان دا دەباتە پێش، لە تیرۆرو قەتڵە سیاسیەکان دا شان بە شانی هێزە تیرۆرستیەکانی ئێران بەشداری دەکا بۆ وێنە کارەساتی میکۆنووس بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگری ئەو ڕاستیانەیە، کە سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوڕێی تیکۆشەر دکتور محەمەد صادقی شەرەفکەندی وهاوریانی لە شاری بەرلینی ئەڵمان کەوتنە بەر دەستڕێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران‌و شەهید کران. دادگای ئاڵمان پاش لێکۆڵینەوە ئاشکرای کرد کە ئەو تیرۆرە ڕاستەوخۆ بە دەستووری عەلی فەلاحیان وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران وبەهاوکاری حیزبووڵلای لوبنان جێ بەجێ کراوە.

تیروریستەکاتی حیزبووڵلای لوبنان بریتی بوون لە" کاظم دارابی، عەباس ڕاحل، یوسف ئەمین".دیارە ئەوەش روون و ئاشکرایە کە بودجەی حیزبووڵلا لە لایەن ئێرانەوە دەدری‌و ساڵانە بە ملیارد دولار خەرجی تیرۆرو کاری تیرۆرستی دەکات تەنانەت لە هاوینی رابردوودا لە شەڕی ٣٤ ڕۆژەی حیزبووڵلاو ئیسرائیل دا دەرکەوت کە ئێران ڕاستەوخۆ پشتیوانی ماڵی‌و تەبلیغاتی لە حیزبووڵلا دەکا، چەك‌و تەقەمەنی‌و مووشەکی جۆراوجۆریان دەخاتە بەر دەست، ئێران

سەرکەوتنەکانی خۆی بە هی حیزبوڵڵاو سەرکەوتنی حیزبوڵڵا بە هی خۆی دەزانێ، چونکە سید حەسەن نەسروڵڵاش ڕێبەری ڕێکخراوی حیزبوڵڵا نایشاریتەوەو بە ڕاشکاوی دیفاع لە ئێرانو هەڵویستە شەڕ ئەنگیزیەکانی کۆماری ئیسلامی دەکا. هەروەهاکۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دوای هاتنە سەرکاری لە ساڵی ١٣٥٧بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی لە ڕۆژهەلاتی نێوەراست هەوڵ دەدا بۆ پێکهێنانی ئیمپراتۆرێکی شێعە لە" ئێران، عێراق، سووریە، یەمەنو لوبنان"، دروست کردنی چەکی ئەتۆمی، پشتیوانی کردن لە بزوتنەوە توندرەوە ئیسلامییەکان، پشتگیری لە تیرۆریزم و سرینەوەی ئیسرائیل لە سەر نەخشەی جوغرافیایی بۆتە دروشمی ڕۆژانە. لە ڕاستیدا ئێران بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو بەرنامەو پرۆگرامانەی خۆیو ئاژاوەگێریەکانی لە ناوچەدا پێویستی بە حیزبوڵڵاو ئەو ڕێکخراوە توندرەوانە هەیەو ئەو ڕێکخراوو تاقمە تیرۆریستانەی لوبنانیش بە ئاشکرا لایەنگری لە ڕژێمی ئێران دەکەن و بێجگە لە بیروباوەری خۆیان، هیچ چەشنە بیروباوەرێکی دیکە قبوڵ ناکەنو بە ئاشکرایی رادەگەیەنن کە دەبێ لە لوبنان حکوومەتیکی وەك حکوومەتی ئێران بێتە سەر کار. بەڵام ئامریکاش کە لە دوای ١١ی سپتامبر بۆ شەڕی دژی تیرۆر وگۆرینی نەخشەی ڕۆژهەلاتی نێوەراست هاتۆتە ناوچەو ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆن بەرەبەرە دەستی لە گەروی حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی ناوچە ناوە. ئەگەر ڕۆژێك لە ئەشکەوتە سەختەکانی تۆرابۆرا دەسەلاتی تالیبانو دوایەش ئەلقاعیدەو ڕۆژێك حکوومەتی سەددامی لە عێراق تێکەوە پێچا، بێگومان ڕۆژێکیش نۆرەی ئاخوندەکانی ئێران دێ و ئەو سەرەڕۆیی و ئاژاوەگێریە پێشی پێدەگیرێ و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی وەکو هەموو دیکتاتۆرەکانی دیکە مەحکووم بە نەمانەو لە ناو دەچێ و لوبنانیش لە چنگ ئاژاوەگێریەکانی حیزبوڵڵا و ئێران نەجاتی دەبێ و ئاشتی و ئاسوودەیی دەگەرێتەوە ناوچە .

* حکوومـەتی لوبنـان لەسـەریەك٣٠ وەزارەتخانـەی هەیـە کـە لـە دەسـتووری بنەڕەتیی‌دا ١٥ وەزارەتخانە بۆ مسوڵمانەکانو ١٥وەزارەتخانەش بۆ مەسـیحی‌یەکان دیاری کراوە بـەو شـێوەیە: مارونی‌یـەکان ٦ وەزارەت، ئۆرتۆدوکسـەکانی یونـانی ٤ وەزارەت، کاتۆلیکـەکانی یونـانی ٣، هەرمەنی‌یـە ئۆرتۆدوکسـەکان ٢ وەزارەت، لەسەریەك ١٥ وەزارەت وهەر وەها سوونیەکان ٦ وەزارەت، شێعەکان ٦ وەزارەت، دوروزی‌یەکان ٣ وەزارەت، لەسەریەك ١٥وەزارەت.

**پارلمـانی لوبنـان١٢٨کورسـی هەیـە کـە٦٤کورسـی بـۆ مەسـیحی‌یەکانە، بەوشێوەیە: کاتولیکەکانی مارونی ٣٤ کورسی، ئۆرتۆدوکسەکانی یونانی١٤کورسـی، کاتولیکـەکانی یونـانی٨، هەرمەنی‌یـەکانی ئۆرتـۆدوکس٥ کورسـی، هەرمەنی‌یـەکانی کاتولیـك ١ کورسـی، پرۆتسـتانەکان ١ کورسـی، ئـەوانی دیکـەش ١ کورسـی. هـی موسـڵمانەکانیش ٦٤ کورسـی: سـوونی‌یەکان ٢٧ کورسـی، شـێعەکان ٢٧ کورسـی، دوروزیەکانو عەلەویەکانیش ٢ کورسی.

سەرچاوەکان:

١-ڕۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان ژمـارە ١٨٢، ژمارە ٢٢٨

٢- ڕۆژنامەی "حیات نو " فارسی شمارە ١١٣

٣- مجلە روزگار نو شمارە ١٠٧

٤- جغرافیای کشورهای مسلمان چاپ ایران ص ٥٣، ٥٧، ٥٨

٥-مجلە اطلاعات سیاسی ـ اقتصادی شمارە ٩٦،٩٥

٦- گیتا شناسی نوین کشورها چاپ دووم سال ١٣٨٤

# "کاری ئێمە چێ کردن نیە،
# تەخت کردنی ڕێگایە"

**نووسینی: فەرۆخ نعمەتپوور**

ڕۆمانی "باوکان‌وکوڕان"ی "تورگنیف"نووسەری سەدەی ١٩ی ڕوسیەو یەکێك لە نوسەرە گەورەکانی جیهان، ڕۆمانێکی سادە بەڵام هەر لەو کاتەدا قووڵ‌وگرێنگە کە بەوتەی وەرگێڕەفارسییەکەی تێیدا "تورگنیف" ئاڵوگۆڕە کۆمەڵاتیەکانی ئەو سەردەمەی ڕوسیا ونەریتەکانی چینە جۆربەجۆرەکانی بە باشترین شێوە نواندووەتەوە. "بازارۆف"کاراکتێری سەرەکیی ڕۆمانەکە گەنجێکی نهیلیستە، دۆخی ڕوسیای قبووڵ نیە و لە بیری چێکردنی دۆخێکی دیکە دایە. بەڵام وێنەکانی داهاتوو لای ئەو ڕوون نین ، بۆیە دەڵێ :"کاری ئێمە چێکردن نیە، بەڵکو تەخت کردنی ڕێگایە"لێرەوە پێکهاتەی ترسناکی بیروڕاکانی"بازارۆف"مان بۆ دەردەکەوێ، بۆچوونێك کە دەیەوێ تەنیا بڕوخێنێ و ڕێگا بۆ ئەو ئاڵووگۆڕانە خۆش بکا کە دەبێ کۆمەڵگای ڕوسیا بگرێتەوە. ئەو لە بەرامبەر هەموو شتێك دا نهیلیست و ڕەخنەگرە. کاتێك کاراکتێری دیکەی نێو ڕۆمانەکە پرسیاری ئەوەی لێ دەکا کە چلۆن ئەو لە نێو ئەو بۆشاییە بێ هەوایەدا دەیەوێ خۆی ڕا بگرێ،"بازارۆف"دژکردەوەیەکی ئەوتۆی نابێت. چوونکە لای وی گرێنگ دژی ئێستا بوونە. هیچ شتێك ناتوانێ پاساوی ئەو دۆخەی ئێستای ڕوسیە لای وی بداتەوە. بەلام پێدەچێ بازارۆف زۆرتر نهێلیزمێکی ئەخلاقیە تا نهێلیزمێکی کۆمەڵایەتی(ئەگەر بتوانین ئەم دەستەواژەیە بەکاربێنین) بازارۆف نهێلیزمێکی فەلسەفی نیە، چونکە بیر لە زانست دەکاتەوە و خەونی تێڕوانینێکی مەتریالی و زانستی هەیە. لای بازارۆف شەڕی بایەخەکان دەستی پێکردووە. نەوەکۆنەکان مەحکوومن و دەبێ ڕێگا چۆڵ کەن.

بێگومان مرۆڤێك کەبەبێ پلانێکی ڕوون بۆ داهاتوو، شەڕی ئێستادەکا، چونکە بیر لە ئامرازە مەتریالیەکانی داهاتوو ناکاتەوە، دەشێ بەرامبەربە هەموو شتێ بە بێ ترس تووڕە بێت، تەنانەت لە مرۆڤەکانیش. کاراکتێرێکی ڕۆمانەکە بە بازارۆف دەڵێ :"تۆ باس لە جوتیاران دەکەی، بەلام هەر لەو کاتەدا بە سووك وەریان

دەگریت" بازارۆف" یش لە وەڵام دا دەڵێت: چ بکەین لە کاتێکدا ئەوان شیاوی ئـەم سووکایەتیەن".

بازارۆف لەم دۆخەی خۆی ناترسێ و نیگەران نیە. چوونکە پێی وایـە عەقڵانیـەت و راستیەك لە پشت سەری راوەستاون کە هێزێکی سەیری پێ دەبەخشـن، تەنانـەت ئەگەر مرۆڤەکانی ئێستاش دژی بن. چونکە دژایەتی کردن ئێستا پشت ئەستوور بـە ڕابردووش ئەو شتە نیە کە شیاوی بەرگری کردن بێ.

"تورگنیـف" لـەم رۆمانـەدا هەسـتی خـۆی لـە سـیمای گەنجێکـدا پێشـان دەدا چوونکە ئەوە گەنجەکانن کە یادەوەریی رابردوویان هاندەرەودەشـێ زۆرتـر لـە ژێـر سریمەی دۆخی ئێستا یاخود داهاتوودابن. بەتایبەت بۆ کەسێکی وەك بـازارۆف کـە خەرێکی خوێندنی پزیشکیەولەگەڵ دەقە ماتریالیستەکانی فەیلەسووفەکانی ئاڵمـان ئاشنایە. لێرەوە دەردەکەوێ کە لەناوەراستی بیری نویێ سـەدەی ١٩ لـە ئـەورووپا هێشتا سەردەمی گەشـەی زانسـت و بـڕوای قـووڵی مرۆڤـە کـە دەتوانـێ جیهـانێکی شیاوی بۆ چێ بکا. مرۆڤ هێشتا لەو سـەردەمەدا لـە ئاکامـە نێگەتیڤـەکانی زانسـت ناترسێودەیهەوێ بەرەو ئەم سەرزەمینە ئەسپی خۆی تاو بدا.

داریوش شایگان دەڵێ:"نهێلیزم لای نیچە لـە دوو قۆنـاغ دا خـۆی نیشـان دەدا : نهێلیزمی ئەکتیڤ و نهێلیزمی پاسیڤ ... نهێلیزمی پاسیڤ بریتیـیە لەو شـتەی کـە لەسەردەمی نیچەدا دەرکەوت. ئـەم جۆرەنهێلیزمـە هاوئاهـەنگیی بایەخوئـەنجام لـە نێـــو دەبـــاوهێزی ئیمـــانوبڕوا بەرەبـــەرە لاواز دەبـــێ ،....بایەخـــەکان ...تێـــك بەردەبنوشەڕی نێوانیان دەست پێدەکا .

هـــەروەك دەزانـــیین نیچـــە فەیلەســـووفی ســـەدەی ١٩یـــە، واتـــە ســـەردەمی تورگنیفوبـازارۆف. بایەخـە کۆنـەکانی روسـیا پتـەووقایم خۆدەنوێننوبـەرگری لـە خۆیان دەکەن، نەریتی ئەریستۆکڕاتی، بڕوای مەسیحی، دابونەریتەکانودۆخی باو، ئەو شتانەن کە وەك دیواروقەڵایـەکی پتـەو خـۆ دەنوێننونـەگۆڕن ، بـەڵام بـازارۆف وەك کاراکتێرێکی تیپیکی دژ، بێ ترس هێرشیان دەباتە سەر. لەم کتێبەدا سەردەم

سەردەمی شەڕی بایەخەکانە، بەڵام تەنیا شەڕو بەس. گۆڕانەکان، ئەوانەی وا لە پێشن. ڕوونادەن .تەنیا ئەوە پێشەنگەکانن کە لێرەو لەوێ خۆ دەردەخەن و بە تووش شەڕێکی کارە ساتبارەوە دەبن.

بەڵام بۆ کۆمەڵگایەکی وەك ئەو سەردەمەی روسیا کە هەموو فێرن دۆخی باو بپارێزن‌وهەموو لە گشتیەتێکی بە رووالەت پتەودا تاکایەتی خۆیان بزر بکەن، دەرکەوتنی کاراکتێری وەك بازارۆف سەیردەنوێنێ."بازارۆف " خێرا ناوبانگ دەردەکاودەبێتە جێگای سەرنج . تەنانەت نەیارەکانیشی لێی سەرسوڕماون. ئەوانەیشی کە خۆشیان دەوێ‌ولایەنگری لێ دەکەن تەنیاو زۆرترحەپەساو و واق وڕماوی قسە نوێ و تیژەکانین، تا ئەوەی لە جەوهەری تێگەیشتن ئارامی و بێ گرێ‌وگۆڵی‌ی ژیانی رۆژانە لە دەروونەوە ئەوانی ماندوو کردووە، بۆیە بازارۆف لەم نێوەدا وەك شڵەژێنەرێکی دۆخی باو پیروزییەك پەیدا دەکا. ئەم رواڵەتەی بازارۆف زۆرتر لە شۆڕشگێڕێك دەکا .لە راستیش دا بازارۆف شۆڕشگێڕێکی نهێلیستە.

بەڵام داخۆ ئەم وێنەیە لە نهێلیزم کە تورگنیف بە شێوەی هونەری لە بەرگی رۆماندا دەینووسێتەوە لە کۆمەڵگای کوردی دا چۆن دەکەوێتەوە ؟ ئەگەر رەوتی نهێلیزم بریتی بێت لە پرۆسەیەکی کە تێیدا روانگەی ئایینی بەرەو روانگەی دنیایی دەڕوا،ئەوا کۆمەڵگەی کوردیش بە جۆرێك لە جۆرەکانی لە ناو ئەو رەوتە دایە .ئەگەرچی بە وتەی (شایگان): هەر کام لە شارستانیەتەکانی ئاسیا تێکەڵ بە ئایینێکی گەورەیە کە بنیاتی جەوهەرییان پێ دێنێ.

ئەگەر کۆمەڵگای کوردی لە ناوشارستانییەتی ئیسلام قەرار دەگرێ ئەوا بێ گومان رەوتی نهێلیزم رەوتی دابەزینە لە بیری ئیسلامی بەرەو بیری دنیایی .واتە بیرێك کە مرۆڤ بە بێ سەرچاوە ئایینیەکان دەیەوێ تەعبیر لە دنیاو رووداو بوون بکا و مرۆڤ بکا بە سەرچاوەی سەرەکیی داڕشتنی میتۆدەکانی لێکدانەوە.

ئەگەرچی کۆمەڵگای کوردی بە هۆی دواکەوتوویی و پەراوێز بوونەوە،زۆر دەرنگتر کەوتووەتە ناو ئەم پرۆسەیەوە ،بەڵام رەگەز و تایبەتمەندییەکانی ئەم

جـۆره روانگەیـە خـۆی تێـدا دەنوێنــێ .هــەر لــە کــاتی پەیـدا بــوونی ئــەو دەق، وبیروبۆچوونانەوە کە بە ئیلهام وەرگرتن لە رۆژئاوا تەعبیری غەیری ئایینی لە بـوون و دیاردەکان دەکەن، قۆناغی شـەڕی بایەخـەکان دەسـت پێـدەکا.(بـەڵام بـە لەبـەر چاوگرتنی ئەوەی کە بیری نهێلیستی بیرێکی هاوردەیە).

هەموو ئەو بۆچوونانەی کە بیر لە رەوشتی دیکە و تێڕوانینـی دیکـە دەکەنـەوە، دەکەونە نێو ئەم چوارچێوەیەوە.

بەڵام ئەم شەڕە تەنیا شـەڕ لـە ئاسـتی فیکـری دا نیـە، بـەڵکوو لـە ئاسـتی ئـەو دامەزراوەوبنیاتە مەدەنی و کۆمەڵایەتیودەسەڵاتانەیە کە وەك پێگەی ماددیی ئـەم بیرانە خۆیان دەنوێنن. واتە گەشەی رەوتـی نهێلیسـتی بـە بـێگۆرینی سـترۆکتۆری کومەڵایەتی مومکین نیە. بۆیە نهێلیزم هاوکاتە لە گەڵ گۆڕانی سیمای کۆمـەڵگا. بـۆ ئەم مەبەستە ئەورووپا بۆ خۆی باشترین نموونەیە.دابەزین لە فیکـری ئـایینی بـەبێ تێکـدانی ئـەو سـترۆکتۆرەی کـە بـیری ئـایینی بەرهـەم دێنایـەوە و شـەرعیەتی بـۆ دروست دەکرد مومکین نەبوو. بـێ هـۆ نیـە کـە بـازارۆف دەڵـێ کـاری ئیمـە تـەخت کردنی رێگایە.

بـەڵام ئـەو دەق وسەرچـاوانە چـین کـە بـۆ یەکـەم جـار دەرخـەری سـەرهەڵدانی نهێلیزم لە کۆمەڵی کوردی دان؟

رەنگە بینینەوەی ئاسان نەبێت .یان هێنانە گۆڕی باسەکە بەم شـێوەیە زۆر بـە ئەنجامman نەگەیەنێ. رەنگە بیری نهێلیستی پێش ئەوەی بە شێوەی دەق هـەبێت، بێگومان لە هەموو سەردەمێك دا ئەو بیرانە هەبوون کە تەعبیری غەیری ئایینیان لە بوون کردووە. بەڵام ئەوەی لە نهێلیزم دا مەترەحە ئەوەیە کە نهێلیـزم لـە سـەدەی ١٩دا ئیتر بریتیـە لـە رەوتێکـی بـەهێزی کۆمەڵایـەتی کـە زاڵ دەبـێ و خەنیمەکـەی بەجێ دێڵێ. زاڵ بوونی ئەم رەوتە لە رۆژئاوایە کە سەرئەنجام بە شوێن کاریگەرییـە جیهانیەکانی خۆی ،کۆمەڵی کوردیش دەگرێتەوە.

ڕەنگە ئەوەی کە مرۆڤی کورد سەرچاوەکانی شـەرعیەتوبوونی خـۆی لـە ئـایین بەڵکو لە بیر کردنەوەی خۆیەوە وەرگرتبێ، بۆ قبـوڵ کـردن شـتێکی قـورس بێـت . چونکە لەنێو ئێمەدا نە فەلسەفە هەبووەو نە بیرمەندێك سەری هەڵداوە. فەلسەفەی ڕۆژئـاوا دەقەیـەك لـە دوای یەکەکانـە کـە لـە راڤەیـەکی درێژخایـەن دا سـوننەتی بیرکردنەوە لەسەر بوونی جێ هێشتووەو بەئاکامی جۆربەجۆرگەیشـتووە. دواتـر بـە پێی گەشەی زانست و زاڵ بوونی بە سەرسروشت دا، هێزی ئەوەی پەیدا کردووە کە نەزمە دونیاییەکانی ئایین بۆ ژیان تێك بشکێنێ و نەریتـە عورفیـەکانی خـۆی پیـادە بکـات. لای ئێمـە شـتی وا بـوونی نیـە. نـە ڕەوتـی زانسـت پێـك هـات، نـە ڕەوتـی فەلسەفەو نە ڕەوتی عورفی کردن. ئەوەی کە دروست بوو زۆرتـر لـە ژێرکاریگـەریی ڕۆژئاواوهێنانی دەسکەوتەکانی ئەوان بۆ نـاو خـۆ بـوو کـە کەوتینـە ژێرسـریمەکانی نهێلیزمەوە. بەڵام هێشـتا ئـەم هاوردانـەش ئەوەنـدە بـەهێز و ریشـەیی نـەبوون کـە لەبنەڕەتەوە جۆرێکی دیکەی ژیان و تێفکرین لە نێوئێمەدا سەقامگیربکەن جگە لـە جیاوازیی دۆخی کۆمەڵایەتی ئێمە،هاوردە بوونی نهێلیزم ئاسـتی سسـت بـوونی لـە وڵاتی ئێمە دا پێشان دەدا. بێ هۆ نیە کـە ئێسـتاش ئـایین گـەورەترین سەرچـاوەی تەفسیری تاکی ئێمەیە بۆ بوون و بۆ نەریت و ڕەوشت.

ڕەنگە بتوانین بڵێین لەوکاتەوە بیرە فەلسەفیەکان هاتنە نێومان و بـە جـۆرێکی دیکەی سترۆکتۆری کۆمەڵایەتی ئاشنا بووین، نهێلیزم سەرەتاکانی دەرکەوت کە بـۆ ئەم مەبەستە سەدەی بیست باشترین قۆناغی دەست پێکردنی ئێمە بـوو بـە هـەموو کەم و کوڕییە کوشندەکانییەوە و پێش ئەمە دەقە شێعرە کلاسـیکیەکانی سـەدەی ۱۹بەقورسی زاڵ بوونی ڕوانگەی ئـایینی لـە دەقـەکانی ئێمـە دا پێشـان دەدن . کـە چووینە ناو سەدەی بیستەمیشەوە هێشتا خەونی ئایینی بوو کە پاڵپشـتی تەنانـەت بیرە نەتەوەییەکانیشی دەکرد. لە سـەدەی بیسـت گـرنگترین قۆنـاغ بـۆ دەسـپێکی نهێلیزم قۆناغی سەرهەڵدانی مارکسیزم لە کوردستان بوو کە بۆ یەکەم جـار بیرێکـی دی بـە ئیلـهام وەرگـرتن لـە ڕۆژئـاوا ویسـتی مـرۆڤ بکـا بەتـەنیا سەرچـاوەوتەنیا

مەڕجـەعی راڤـەی بـوون. مارکسـیزم وەکـوو بەرهـەمێکی نهێلیزمـی ڕۆژئـاوایی ، لـە قەوارەی گروپ دا خۆی شکڵ داولە ڕێگای نوسـینەکانیەوە چـووە شـەڕی ڕوانگـەی ئایینی. هەرچـەند ئـەم شـەڕە زۆر تەعبیرولێکدانـەوە هەڵدەگریٚ و جێگـای قسـە و باسی فرەوانە، بەڵام ڕێك و پێکترین جۆری نهێلیزمی ڕۆژئـاوایی لـە کوردسـتان بـوو کە موژدەی گەڕانەوەی هێزەکانی بۆ مرۆڤ دەدا.

هەڵبەت نابێ هاوردە بوونی نهێلیزم هـەموو ئـەو ئامادەییـە نێـو خۆییانـە لەبـەر چاوی ئێمە ون بکا کەچەکەرەکانی نهێلیزم تێیـدا گەشـەیان کـرد . ڕەنگـە سـەرەتا گـرنگترین پێگـەی نێوخـۆیی بـۆ وەرگرتنـی نهێلیزمـی هـاوردە، ئـەو بـیرو بۆچـوونە تاكوتەرایانە بێت کە بە شێوەی غەیرە سیستماتیك لە هەر کۆمەڵگایەك دا بە دژ یـا خود بە پێچەوانەی بـیری ئایینیـەکان لـە گۆڕێدان. بـەڵام ئەمـە تـەنیا سـەرەتایە. چونکە دواتـر پێگـەی بـە گشـتی لـە نێـو توێـژی خوێنـدەواردا دەردەکـەوێ کـە لـە قوتابخانەکانەوە سەریان هەڵدا. ئەم توێژە ئەگەرچی لە نێـو فەزایـەکی سـوننەتی و ئایینی دا دەژیا بەڵام لە ڕێگای کتێبە دەرسـی و غـەیرە دەرسـییەکانەوە دەرفـەتی ئاشنابوون بە بیروبۆچـوونی دیکـەیان پەیـدا کـردو توخمـەکانی نهێلیـزم گەشـەیان کرد. بەڵام خوێندەواری ئێمە کە پشت ئەسـتور بـە مێژوویـەکی گەشـەی نهێلیسـتی نەبوو، کتووپڕ خۆی لە بەردەم گەلێك ئەرك و کاری وەدواکەوتوودا دەبینی. بێ هـۆ نەبوو دەبوون بەو "بازاڕۆف"انەی کە هەڵیاندەدا بۆ کردەوەی سیاسـی و گـرنگترین شوێنی نوختە گۆڕا نیان لە پشتی دەسەڵاتدا دەبینییەوە (بازاڕۆفی تورگنیف وابـیر ناکاتـەوە ) بـەڵام ئـەو سـەردەمانە سـەرەڕای هـەموو خەونـە جوانـەکان زۆرتـر لـە کارەساتیان دەکرد ئـەوان سـووتەمەنیە سـەرەتاییەکانی نـەهێلیزم بـوون .نهێلیـزم سیستەم بوو و هێشتا ڕێگایەکی دژوار لە پێش بووو ئێستاش هەر لە پێشـە. ئـەوان هێشـتا سـەرەتاکانی پێشـەنگی شـێوە ڕێنسانسـێك بـوون کـە دەکـرا و دەبـا لـە داهاتوودا کرابا .بە رای من نهێلیزم لێرەوە ڕەوتی کۆمەڵایەتی لەکۆمـەڵی کـوردی دا پەیدا دەکا بە هەموو کەم و کوڕییـەکانی خۆیـەوە .ململانێیـەکان دەسـت پێدەکـەن

بڵاوبوونـەوەی کتێبـی زانسـتی و مەتریالیـەکان ،وەرگێرانـی فەلسـەفە ،ڕۆمـانتیزمی شۆڕشـگێڕی، ڕۆمـانتیزمو ڕیـالیزم لـە ئـەدەب دا نموونـەی پسـاندنی بـیری بـاوی ئایینییـە. ئەگـەر لـە شـێعری سـەدەی ١٩ بـۆ وەسـفی جـوانی ئـافرەت هێشـتا دەستەواژەو وشـە ئایینـەکانی وەك میحـراب و هـیلال و..... بـاون، ئـەوا ئـیتر لـەم سەردەمەدا وشەگەلی دی دێنە مەیدانەوە. مرۆڤ دەکرێ بە بێ ئایین باس لە بـوون و خۆی بکا.

بەڵام پێش ئەوەی ڕەوتی نهێلیزم لە بیرەوە دەست پێبکـا، لـە جـۆری ژیانـەوە سەری هەڵدا. لەو کاتـەوە کۆمەڵگـەی کـوردیی پـەراوێز بـە هـۆی سـریمەی دەرەوە کەوتە بەردەم گێژەڵووکەی خێرای ڕەوتێکی دیکەی ژیانەوە، هـەموو شـتێك کەوتـە دۆخی دیکەوە. پنتە تەریكو دابڕاوەکان بوون بە هێڵێك کە تـا داهاتوویـەکی دوور و نادیار کشابوو و ڕەوتی نهێلیزم لە ڕۆژئاواش تـەنیا تایبـەت بـە بـیر نـەبوو. گـۆڕانی بەرەبەرەی دۆخی کۆمەڵایەتی هەموو ئەو بیرانەی تێك دەشـکاند کـە تـەعبیریان لـە دۆخی ڕاوەستاوو سەقامگیری جاران دەکرد.

ئەگـەر دۆخـی کۆمەڵایـەتی دەگـۆڕا و لـە پەسـتا شـتی دیکـەو نـوێو پەیوەنـدی دیکەی دێنا، بەناچار مرۆڤ بە شوێن تەعبیری دیکە و هەڵوێستی دیکەوە بوو کـە لـە دونیایەکی وادا ئیتر تەنیا ئـایین نەیـدەتوانی وەڵامـدەری بێـت و دەرەقـەتی شـیکار کردنی دنیا بێت مرۆڤ لێـرەدا بـە بزاوتـی فیکریـی سـەر سـوڕهێنەری خۆیـەوە هاتـە مەیدان. ئەگەر چـی ئـیتر قـەت وەك جـاران پنتێکـی سـەقامگیر و ڕاوەسـتاوی وەك ئایینی لە پشت خۆیەوە هەست پێنەکرد، بەڵام ئەمە نـەبووە هـۆی نیگـەرانی ئـەوە چونکە ئیتر دونیاش ناسـەقامگیر بـووە. دۆخـی ناسـەقامگیر مرۆڤـی ناسـەقامگیری دەوێ. نهێلیزم هاتنە ئارای ناسەقامگیری بوو لە کاتێکدا کە مرۆڤ خەریکی ڕاهێنانی ئازاد کردنی هێزە سەرسوڕهێنەرەکانی خۆی بوو.

کۆمەڵی کوردی وەك هـەر کۆمـەڵێکی سـوننەتیوداواکەوتوو سـەرەتا لـەم دۆخـە ترسا. لە گشتیەتی خۆیدا ترسا. (ئێسـتاش ئـەو ترسـە درێـژەی هەیـە) بـەڵام ئەمـە

بەومانایە نەبوو کە هەندێك ڕەوت لە نێوی دا پێك نەیەت. ئەگەر تا ڕادەیەك بەلایەوە ئاسان بوو شێوەی ژیانی ماددیی نهێلیستی وەربگرێ، بەڵام بەلایەوە ئاسان نەبوو کە فیکری نهێلیستی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دا بە ئاسانی وەربگرێ. دەشزانین کە بۆ وەرگرتنی ژیانێکی هاوچەرخ دەبێ نهێلیزم لە تەواوییەتی خۆیدا وەربگیرێ، واتە هاوکات نهێلیزمی ماددی و نهێلیزمی فیکری. هەر وەك وتمان یەکەم شەپۆلی بیری نهێلیستی کە ڕووی لە کوردستان کرد، مارکسیزم بوو. مارکسیزم ئەو فەلسەفەیە بوو کە بۆ تەعبیر لە بوون لە بەرامبەر ئایین دا خاوەن میتۆدێکی ڕێك وپێکی خاکی بوو. بەڵام لە ڕۆژئاوادا مارکسیزم تەنیا یەکێك لە ڕەوتەکانی بیری نهێلیستی بوو. ئەگەر سەرەتا ئایین تەنیا سەرچاوەیەکی گشتگیر بوو، ئەوا هەوڵی ئەوە درا کە مارکسیزمیش وەك بە دیلی بیری پێش نهێلیستی، حاڵەتی گشتگیر پیدا بکا و ببێ بە تەنیا ئەلتەرناتیڤ. بەڵام ئەم ڕەوتە بەم شێوەیە ئاسایی و سروشتی نەیدەنواند. نهێلیزم بە هەموو ڕێچکە و ڕێبازەکانی خۆیەوە دەیتوانی نهێلیزم بێت. ئەوە تەنیا مارکسیزم نەبوو کە دەیتوانی بیری پێش نهێلیزم ببەزێنێ، بەڵکو هەموو ڕێبازەکانی دیکەش پێویست بوون بە تایبەت بیرو بۆچوونەکانی ڕۆشنگەرانی سەدەی ١٨ و بە دوای ئەواندا بیریارانی سەدەی ١٩، دەورانی نوێ، دەورانی هەمە چەشنی و هەمە ڕەنگیی بیروڕاکان بوو.

نە سەدەی ١٩بۆ کوردستان دەورانی نوێ بوو، نە تەنانەت سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیش. ئەگەر شتێك بە نێوی دەورانی نوێ بۆ ئێمە لە ئارادابێت، تەنیا دەتوانێ بریتی بێت لەو ئاڵ و گۆڕانەی کە کەم تا کورت لە نێو ئاخنەکانی سەدەی بیستەمەوە دێنە ئاراوە. ئاڵ وگۆڕەکانی سەردەمی ئاتاتورك و ڕەزاخان لە ئاستی ئێران و تورکیا (کە کوردستانیان پێوە بەستراوە بووەوە) سەرهەڵدانی بزووتنەوەی میللی و چەپیەکان، بزاوتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، دامەزراندنی بنکەی پیشەیی لە بواری نەوت موژدەی ئەوەیان دا کە کوردستان تا ڕادەیەکی بە ڕچاو بەرەو دۆخێکی دیکە هەنگاو دەنێ. بەڵام ئەمە هێشتا تەواو بە مانای سەردەمی نوێ

نەبوو. لەم دەورانەدا و هەتاکۆتاییەکانی سەدەی بیست تـەنیا یـەك فیکـری رێـك و پێکی نهێلیستی دێتە مەیدانـەوە کـە بـە داخـەوە ئـەویش لـە نـەبوونی رەهەنـدێکی فیکری لەنێوخۆی کوردستان ولە بزربوونی نەیارەفکرییەکانیـدا نـەیتوانیوە ببێتـە رەهەندێکی فیکری بەڵکو زۆرترلەقەوارەی کاری سیاسـی وحیزبـی دا مایـەوە ئـەوە تەنیا لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم دایە کە رەهەندە نهێلیستییەکانی دی خۆیان دەکەوتنــە کوردســتانەوە و خوێنــەری کــورد خــۆی بــەفێربوون و راڤەکردنیانــەوە سەرقاڵ دەکا. کەواتە ئێمە لەبەردەم دوو قۆناغ دا راوەستاوین: یەکەم ـ هاتنی یەك بـیری نهێلیســتی ـ دووهــەم ـ دواتــر هــاتنی بــە لێشــاویان بەداخــەوە لەهــەردوو قۆناغەکەدا ئێمە خاوەنی یەك زەمینەی فیکری و رۆشنبیری بووین.ئەویش ئەوە بوو کە لـە کوردسـتان نـەفیکر هـەبوو نـەململانێ و نەپرۆسـەی نێـوان نـەوەکانی بـیروو ئەندیشە .لەم حاڵەتە دا نەبیری یەکەم مرۆڤ دەتوانێ بەقوڵی تێ بگـات و نـە کـەمی کات دەرفەتی وەرگرتنـی ئـەو هـەموو بـیرەدەدا کـە لـە پرۆسـەیەکی چـەند سـاڵەدا هاتوونەتە ئاراوە .لێرەدا مرۆڤی کورد بە حەپەساوییەوە لە بەردەم رەوتی نهێلیـزم دا رادەوەستێ. تەنانەت ئەگەر بڕیاری وەرگێڕانیشیان بدات، هێشتا فریا ناکەوێ.

خوێندنــەوە و نووســینە خێرایــەکان ســەر هەڵــدەدەن. نــەرم و نیــانی بــیر کــە تایبەتمەندیی هەر بیرێکی ریشەیی و رەسەنە لـە نێودەچـێ و ململانێـی نێوانیشـیان دەبێ بە شێوە ململانێیەکی سیاسی. خۆبەخۆ وتارەکـان پـڕ دەبـێ لـە هێنانـەوەی قسەی بیرمەندان و تێفکرینی نێوخۆیی تـا رادەیـەکی ترسـناك بـزر دەبـێ. هەڵبـەت ئەمە ئاساییە. بێ گومان ئەمە یەکەمین قۆناغی گرنگـی ئێمەیـە بـۆ چـوونە جیهـانی نهێلیستی .

بەڵام ئەمە بۆ جیهانی دەقی ئێمـە کـە جیهـانێکی شـێعرییە، زۆرگـران و سـامناك دەکەوێتەوە. جیهانی شـێعر، جیهـانی گەڕانەوەیـە بـۆ دەروونـی ئینسـان. تەنانـەت هەموو شتێکی جیهانی دەرەوەش بیـانووە بـۆ رۆچـوون بـە نـاخ دا. بـەڵام جیهـانی نهێلیستی لە تەواوییەتی خۆیدا جیهـانی ورد بوونـەوە لـە دەورووبـەر و دۆزینـەوەی

خۆیه لـه غـەیره خۆدا. جیهـانی نهێلیسـتی کـه درێـژەی ڕێنسانسـه، تـوا ناییـەکی سەیری زانستی له سەرشانه تەنانەت له نێو ئەم جـۆره فەزایـەدا شـێعریش هـەموو شـتێکی دەگـۆڕێ .هەرلـه جیهـان بینییەکەیـەوه بیگـره هـەتا وشـه و شـێوەی دارشــتنەکەی .شـێعر لــه چـوار چـێوەی عیرفــانی دێتــه دەر و بــەرەو بــوون دەمانگێرێتەوه. بوون لێرەدا له نێو دەسکەوته ماددییەکانەوه گوزەر دەکا .شێعر ئێستا له مرۆڤێکەوه دێته دەر که باس له سەرکەوتن بەسەر سروشت دا دەکا و تـا رادەیەکی بەرچاو نهێنیەکانی گۆی زەوی ئاشـکرا کـردووه. خـاڵی گرنگـی قـەیران و نوێ بوونەوەی شێعری کوردی هـەر لـەم بەشـەوه دەسـت پێـدەکا. گـۆڕان شـێعری زەوینی کردەوه.

ئەوانەی گلەیی لەم تایبەتمەندییەی قۆناغی یەکەمی وەرگرتنی نهێلیزم دەکـەن و رووگرژن له ئاست بارانی به خوڕەی دەق دا ، تەمبەڵەکانن.ئەوان کـه هێشـتا زۆرتـر له دەلاقەی شێعرەوه دەڕواننه ئەم جیهانه ئاڵۆزه .بۆ ئێمه دابڕانێکی کتووپڕی لـه جاران‌ورابردوو پێویسته. دەبا هەموو بکەوینه نزا: "یاخوا داکاته باران، بۆ فـەقیر و هەژاران" تێکرا و وێکرا، ئەم سەر تا ئەوسەر، بەڵام بەداخەوه نوخبەکانن که زۆرتـر هەڵگری ئەم داوایەن. خوێنەری کورد و جەماوەری کورد که هێشتا له کۆمەڵگایەکی دووفاقــەدا دەژی و بـیری هەسـتی لــه شـێعرو بـاوەڕ و بـیره باوەکـان ئـاخنراوه، بەدرپدۆنگییەوه دەڕوانێتـه ئـەم لافـاوه کـه بـێ پـرس بـه بـەردەم ماڵەکەیـدا دەڕوا. بێگومان ئـەویش وچـانێك و رامـانێکی پێویسـته. چـۆنیەتی پێشـکەش کردنـی دەق رۆڵی سەرەکی لەم وچان و رامانەدا دەبینێ.

ئێستاش که له سەرەتای سەدەی ۲۱داین له دۆخێکی بـاش دا نـین. چـونکه نـه خاوەنی پێکهاتەی له باری کۆمەڵایەتین و نه گەیشـتووینەته بـڕوا بـه خـۆ بـوون لـه بواری بیردا. هێشتا زانسـتی نـین و تـا رادەیـەکی ترسـناك بـەکۆ بـیر دەکەینـەوه و برسین. له بـارودۆخێکی وادا بـیر زەمینـی نـاکرێ و بێگومـان لـه دۆخـی سـەرەتای نهێلیزم (واته نهێلیزمی پاسیف دا ) خـۆی دەبینێتـەوه. ئەمـەش بـەو مانایەیـه کـه

بیرکردنەوەمان هاوکات دەبێ لە گەڵ شۆڕش و جووڵە کۆمەڵایەتیەکان بە ناچار بەرەو دابڕانێکی دژوار لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی دەسەڵات دەڕۆین.

"بازارۆف "ی تورگنیف کاتێك جانتاکەی بەتاڵ دەبوو کای تێدەکرد، دەیگوت:" جانتای ژیان نابێ بەتاڵ بێت هەر چۆنێك بێ دەبێ پڕبێتەوە. بازارۆف چ لە کاتی ژیانی دا و چ لە کاتی مەرگ دا لە تەنیایی نەترسا. ئەو تەنیا بیری لەو کارانە دەکردەوە کە پێی وابوو دەبێ ئەنجامیان بدات .هەر وەك چۆن جەك لەندەن لە "دان چەرموو" دا دەڵێ :" سروشت و قانوون فەرمانیان پێ دەدا کە مل کەچ بێت و هێزی ژیانو هەڵدانیش پێی دەگوت سەرپێچی بکات".

## پەراوێزەکان


١ ـ پدران و پسران ـ تورگنیف ترجمه مهری اهی .صفحه ١٠٦

٢ ـ اسیا در برابر غرب ـ داریوش شایگان صفحه ٣٠

٣ ـ اسیا دربرابر غرب ـ داریوش شایگان صفحه ١٩

٤ ـ پدران و پسران ـ تورگنیف ترجمه مهری اهی٣٢١

٥ ـ دان چەرموو ـ جەك لەندەن ـ وەرگێڕانی عەبدوڵلاحەسەن زادە

# لێکدانەوەی دوو چەمکی قەومییەت و میللیەت
# لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە

نووسینی: سۆهراب کەریمی

و: سمایل شەرەفی

نایەکسانیی نەتەوەیی و بێبەشبوون لە مافی رەواو هاوولاتی بوونی بەرانبەر یەکیك لە گرفتەکانی ئەو نەتەوانەیە کە خاوەنی پێکهاتەیەك نین بە ناوی دەوڵەت. هەروەها سەقامگیربوون و ئاسایش و رێکخستنی سەرچاوە مادی و مرۆییەکان بۆ دەوڵەت ـ نەتەوەگەلێك کە خاوەنی حەشیمەتێکی یەکدەست نین و پێکهاتەیەکی فرەنەتەوەیی‌یان هەیە گرفتی سەرەکی‌یە.

گەلان و نەتەوەکان لە ئاواتی گەیشتن بەئامانجە نەتەوەیی‌یەکانی خۆیان، دەوڵەتانی دەسەڵاتدار بە نابەرانبەری و نایەکسانی تاوانبار دەکەن و دەوڵەت ـ نەتەوە دەسەڵاتدارەکانیش هیچ متمانەیەکیان بەم گەل و نەتەوانە نی‌یە و وێرای هەڵاواردن و نایەکسانی رەچاوکردن دەرهەق بەم گەل و نەتەوانە ئاسایش و ئەمنییەتیان دابین ناکەن.

کۆمەڵناسی سیاسی وەك لقێك لە زانستەکان بە پێچەوانەی ئەوە کە باس لە ناسینی دیاردە کۆمەڵایەتی‌یەکان دەکات، پێداگری لە سەر دابڕانە کۆمەڵایەتی‌یەکان دەکات. نابێ لە بیرمان بچێ کە دابڕانە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە کۆمەڵگادا زۆر و بەرچاون. بەڵام ئەم دابڕانانە کاتێك سەرنجی کۆمەڵناسیی سیاسی بۆ لای خۆی رادەکێشێ کە بە شێوەیەکی کارا و چالاك لە کۆمەڵگادا دیار و بەرچاو بێت و کاریگەریی لە سەر پێکهاتەی دەسەڵات هەبێ و تەنانەت پێکهاتەی دەسەڵات تووشی کێشە بکات.

لە وڵاتانی گەشە سەندوو بە هۆی کولتووری سیاسیی بەشداری کردنەوە، دابڕانە کۆمەڵایەتییەکان دەبنە هۆی دەست پێکردنی کۆمەڵگای مەدەنی، وەك روو لە زیادبوونیNGO(ئێن جی ئۆ) و سەندیکای جۆراوجۆر یان دروستبوونی حیزب بە بەرنامەی نوێوە، لە بواری بان نەتەوەیی‌یەوە ئەم دابڕانانە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکانیان لێ دەکەوێتەوە. بۆ وێنە دابڕانە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە کۆتایی سەدەی ١٩دا بوو بە هۆی دروست بوونی سەندیکای کرێکاران لە ئورووپا کە دواتر حیزبە کرێکاروسوسیالیستەکانی لێکەوتەوە. یان دابڕانی[جنسی‌یەتی]بوو بە هۆی

ســـەرهەڵدانی بزوتنـــەوەی بـــان نەتـــەوەیی فیمینیـــزم لـــە ئورووپـــا و وڵاتـــانی ئیسـکاندیناوی. بـەڵام لـە وڵاتـانی جیهـانی سـێهەم بـە پێکهاتـە دەسـەڵاتخوازانە و داخراوەکانیانەوە، دابڕانە کۆمەڵایەتی‌یەکان دەبنـە هـۆی پێکهـاتنی بزووتنەوەگـەلی نەتەوەیی و پێکهاتنی ئوپۆزیسیون لە دەرەوەی سنورەکانی دەوڵەت ـ نەتـەوە. لـە شوێنێك کە ئەم دابڕانە کۆمەڵایەتی‌یانە خـاوەنی هێزێکـی بەرچـاو و پۆتانسـیەلێکی پێویسـت بـن بێگومـان شـۆڕش و تەنانـەت لـەتبوونی دەوڵـەت ـ نەتـەوەکانی لێ دەکەوێتەوە.

دابڕانە چینایەتی‌یەکان لە چین و رووسییە بـوون بـە هـۆی سـەرهەڵدانی شۆڕشـە مارکسیستی‌یەکان. سەرەتا و نێوەڕاستەکانی ئەم سەدەیەی دوایی لە هیندوسـتانی تازەپێگەیشتوو، دەیەی٦٠ دابڕانـی مەزهـەبی بـوو بـە هـۆی لـەتبوونی هیندوسـتان بەسەر دوو وڵاتی پاکستانی موسوڵمان و هیندوسـتانی هێنـدو. هێنـدێك لـەو دابڕانـە کۆمەڵایەتی‌یانە کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەزموونی کردوون بریتین لە:

دابڕانی رەگەزی، دابڕانی نژادیی ئافریقای ئاپارتاید، دابڕانـی دیـن و دەوڵـەت لـە وڵاتـانی ئیسـلامی و رۆژهـەڵاتی نێوەراسـت، دابڕانـی قەومییـەتی لـە یۆگوسـلاویی پێشوو و وڵاتی‌عێراق، تورکیە و ئێران.

لە ئێستادا دابڕانە قەومییەتی و نەتەوەیی‌یەکان یەك لەو دابڕانانەیە کە دوای پێکهاتنی دەوڵەت ـ نەتەوەکان(١٦٤٨) دەرکەوت و لە سیسـتەمی نـوێی جیهـانی دا ئەم دابڕانە لە وڵاتانی جیهان سێهەمیدا بە شێوەیەکی چالاك هاتۆتـە ئـاراوە. بـەڵام پـێش چـوونە سـەر ئـەم باسـە، پێویسـتە سـەبارەت بـە قەومییـەت و میللییـەت و (دەوڵـەت ـ نەتـەوە) روانینێکمـان هـەبێ و بـزانین کێشـەی کـوردان کـە تـەوەری باسەکەمانە لە کام لـەم دیـاردە کۆمەڵایەتی‌یانەیـە. چـونکی زۆر جـار هەڵدەکـەوێت نادروست بەکارهێنانی ئەم دەستەواژانە لێکدانـەوەی ناڕاسـتیان لێدەکەوێتـەوە. بـە شێوەیەك کە ئەو دەوڵەت ـ نەتەوانەی کـە هێنـدێك لـە نەتـەوەکان بـە قـەوم(گـەل) دەناسن، بۆ ئەوەی لە دانی مافی دیـاری کردنـی چـارەنووس بـەم نەتەوانـە خۆیـان

ببوێرن و لە ئاکامدا ناڕاست بە کارهێنانی ئەم دەستەواژانە دەبێتە هۆی ئەوەیکە چاوپۆشی لە دابینکردنی مافی نەتەوەیەك بکرێ.

لێرەدا بە پێناسەکردنی هەر کام لەم دیاردانە هەوڵ دەدرێ ئەم نارروونی و لێڵیانە روون بکرێنەوە.

## قەومییەت:

"ئانتونی گیدێنز"، کۆمەڵناسی بە ناوبانگی بریتانیایی، قەومییەتەکان بە وردە کولتوورەکان، یان کۆچەرانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگای ئوروپاییدا وەك(قەومییەت) دەناسێنێ و لەم پێوەندییەدا ئاماژە بە قەومییەتی یەهوود و قەومییەتەکانی کۆچەر(پەنابەری)سیاسی ئافریقایی لە ئوروپا دەکات و بەم شێوەیە باس لە قەومییەتەکان دەکات:

١ـ هەڵاواردنی ئەم گرووپە لەلایەن کۆمەڵگاوە .

٢ـ هەستی یەکگرتوویی و لێك نزیك بوون لە نێو ئەم گرووپانە لەبەرانبەر هەڵاواردنی گرووپەکانی دیکەدا.

٣ـ جیاوازیی قەومییەتەکان لە باری فیزیکییەوە لە گەڵ حەشیمەتی دەوروبەری خۆیان.

لە راستیدا گیدێنز قەومییەتەکان بە گرووپگەلێکی مرۆیی، کلتووری و هەروەها کۆچەرانی بڵاو لە یەکێك لە وڵاتانی ئوروپایی دەزانێ کە خوازیاری مەیلی ئازادیخوازی، وەك مافی دیاری کردنی چارەنووس نین. بەڵکوو ئەوان زیاتر بایەخ بە لابردنی هەڵاواردن و دابین بوونی مافی سیاسی و بەرانبەری سیاسی و مەدەنی دەدەن و بە لایانەوە گرینگە. ئەم قەومییەتانە مافی خاوەندارێتییان بە سەر(خاك )ەوە نیە لە وڵاتی دایك دا.

لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ کۆتایی پێهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی مافی دیاری کردنی چارەنووسیان بۆ نەتەوەکان پەسەند کرد و ئەم مافە سروشتییە بۆ نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی نێوەراست و یەك لەوان بۆ نەتەوەی

کورد، عەرەب و تورکیش لە بەرچاو گیرا و پێیان رەوا بینرا. بەڵام لەبەر هەندێك هۆ ئەو مافەیان لە کوردەکان زەوت کرد و کوردەکان لەو مافە بێبەری بوون و بە واتایەکی دیکە پرۆسەی ( یەك نەتەوە و یەك دەوڵەت)ی "تێئۆدۆر ویلسون" لە کوردستان وەدی نەهات. هەر چەند پەیماننامەی "سێڤر" بە مردوویی لە دایك بوو و لە مافی پێکهێنانی دەسەڵات ( حکوومەت) بێبەری کران، بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی و لە لایەن رێکخراوێکی سیاسیی بان نەتەوەییەوە کوردەکان وەك نەتەوەیەك ناسێنران. کەوابوو بە سەرنجدان بە پێشینەی مێژوویی و روانگەی گیدێنز کوردەکان قەوم ( گەل )نین؟.

شایانی باسە کە قەوم ( گەل) بە گرووپێکی کلتووری، رەگەزی و زمانی لە پێکهاتەی پێش لە دەورانی مودێرندا دەوترێ. بەڵام لە دونیای مۆدێرندا ـ بە وتەی گیدێنز، قەومییەتەکان بریتین لەو کەمایەتییە کۆچەرانە یان ئەو وردە کلتوورانەی کە بە هۆی کەم حەشیمەت بوونیان بە نیسبەت پێکهاتەی گەورەترەوە خۆیان بە جیاواز لەو کۆمەڵگایە نازانن کە تیایدا دەژین. بە ئاڵمانییەکان ناگوترێ نەتەوەی ئاڵمان، بەڵکو بە قەوم (گەل)ی ژێرمەن دەناسرێن.

**میللەت: ( نەتەوە )**

واژەکانی "نەتەوە" و "میللەت" لە واژەی لاتینی nation کە بە مانای لە دایك بوون یان بناغەی هاوبەش وەرگیراوە. ئۆپێنهایمد openheimed پێی وایە، تێگەیشتن لە میللەت دەبێتە هۆی پێکهاتن یان دروست بوونی میللەت ( نەتەوە). کەوابوو پێوەندیی نێوان میللییەت و میللەت (نەتەوە)لەوە دایە کە میللییەت هۆکاری زەینییە کە دەبێتە هۆی دروست بوونی میللەت (نەتەوە).

"جیمز بریس" دەڵێ: میللەت بە خەڵکێك دەگوترێ کە هێشتا سەربەخۆییان وەدەست نەهێناوە و لەوانەشە لە بیریدا نەبن. بەڵام میللەت (نەتەوە) لە دەوری یەك کۆبوونەوەی کۆمەڵێك خەڵکە کە لە باری سیاسییەوە لە پێشدا سەربەخۆ بوون یان ئاواتی سەربەخۆ بوون دەخوازن.

کەوایە بە سەرنجدان بەو پێناسەیەی کە بیرمەندان لە نەتەوەیان کردوە و هەروەها ئەو هەوڵ و خەبات و تێکۆشانانەی کە خەڵك بۆ گەیشتن بە ئازادی و خودموختاری و تەنانەت سەربەخۆییش داویانە، دەگەینە ئەو دەرەنجام و ئاکامەی کە کوردەکان بە ناسینی شوناسی نەتەوەیی خۆیان و جیاوازییەکانیان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، نەتەوەیەکی جیاوازن.

ئەو لێکدانەوانەی باسکران روانگەی تێئۆریکی بیرمەندان و کۆمەڵناسانە و جیا لە هەمووی ئەمانە، نەتەوە دەبێ خاوەنی هۆکاری دیار(عەینی)یش بێ. هۆکاری دیار(عەینی)و بەرچاو بریتین لە:١ـ رەگەز و خزمایەتی ٢ـ دین و ئایینی هاوبەش ٣ـ زمانی هاوبەش ٤ـ بەستراوەیی جوغرافیایی ٥ـبەستراوەیی ئابووری ٦ـ مێژوو، کلتوور و داب و نەریتی هاوبەش.

ئەو هۆکارانە لە هۆکارە دیار و بەرچاوەکانی نەتەوەیەکن. بەڵام یەك بە یەکی ئەم خاڵانە لە شوێن و کاتی جیاوازدا، خاوەنی گرینگی یەکی یەکسان و بەرامبەر نین. بۆ وێنە جیاوازیی موسووڵمانەکان و هێندووەکان یەکێك بوو لەو هۆکارە بەرچاوانەی کە بوو بە هۆی جیابوونەوەی هیند و پاکستان. یان جیاوازیی رەگەزی هیچ کاریگەرییەکی نیە لە سەر جیاوازییەکانی نێوان نەتەوەی فەرانسە و نەتەوەی ئاڵمان، بەڵکوو بە هۆی جیاوازیی زمان و کولتوور و مێژوویانەوەیە کە ئێمە ئەم دوو نەتەوەیە لێك جیا دەبینین.

نەتەوەی کوردیش بە بوونی ئەم تایبەتمەندییانەی باسمان کرد و هەروەها بە هۆی هۆکارگەلی زەینی و مێژوویی و خەباتی لەمێژینە و بەردەوام بوونی بۆ بەدەست هێنانی ئازادی، نەتەوەیە و لە باری زانستی‌یەوە دروست نیە کورد وەك قەوم (گەل) بناسرێ. شایانی باسە کە هۆکارە دیار و بەرچاوەکانی نەتەوە بوونی کورد، خاوەنی پلەی کاریگەریی جیاوازن کە بۆ وێنە رادەی کاریگەریی زمانی هاوبەش زیاترە لە رەگەزی هاوبەش ( یان هاوبەش بوونی کولتووری و نەتەوەیی کورد لە سەرووی مەزهەب و ئایینەوەیە.

خاڵی جیاوازی کوردەکان و بە تایبەت کوردەکانی رۆژهەلات لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ نەتەوە و گەلانی دیکەی ئێراندا ئەوەیە کە دابڕانی مللییەتی نێوان کوردەکان و نەتەوەی ناوەند واتە (فارس)دا چالاکترە و مێژینەی تێکۆشان و چالاکیی بژاردەکانی کورد لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا هەمیشە زیاتر و دیارتر بووە.

## دەوڵەت:

پێکهاتەی سیاسیی جیهان لە یەکەگەلێکی سەربەخۆ بە ناوی دەوڵەت ـ نەتەوە پێك هاتووە. دەوڵەت ـ نەتەوە بەو کۆمەڵە خەڵکە دەگوترێ کە بە شێوەیەکی کەم و زۆر بەردەوام و هەمیشە لە نیشتمانێکی دیاردا دەژین و خاوەنی دەسەلات واتە (حکوومەت)ن. دەوڵەتەکان خاوەنی رابردوویەکی زۆری مێژوویی نین و دامەزراندنیان بۆ سەدەی حەڤدە و کۆتایی شەڕە ئایینییەکان و دواتر بۆ بریاری "وێست فالیا" (١٦٤٨ ) دەگەڕێتەوە. چۆنیەتی دروست بوونی دەوڵەتەکانیش بەستراوەتەوە بە چەند هۆکارێکی جیاواز. هێندێکیان لە چەندین یەکەی کۆمەلایەتیی چووکەتر دروست بوون. وەك تێکەڵ کردنی رێکخستنە دەرەبەگایەتییەکان لە ئورووپا، یان ئەوەی کە لە لەتبوونی ئیمپراتۆرییە کۆنەکان درووست بوون. وەك لەتبوونی ئیمپراتۆریی عوسمانی و لە دایك بوونی ولاتانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست و عەرەبی. دامەزراندنی ولاتان لەو چوارچێوە و سنوورە دیارانەی ئەمڕۆدا زۆربەیان لەسەر رێککەوتنی خەڵکی ئەو ولاتە پێك نەهاتوون، زۆربەیان هەر وەك ولاتانی نەریتی بە زۆر پێك هاتوون. هەروەها دەوڵەت ـ نەتەوە مۆدێرنەکانیش هەر هەموویان بە کەڵك وەرگرتن لە رێککەوتنی یەکە ناوچەییەکان دروست نەبوون. لە راستیدا زۆرێك لە دەوڵەتانی رۆژهەلاتی نێوەراست لەسەر رێککەوتن و هاوبەشیی گەلان و نەتەوکانی دیکە دانەمەزراون. بەڵکوو لە تێکەڵ کردنی سەرزەمینە خاوەن دەسەلاتە نەریتییەکان و سیستەمی بەرێوەبەریی نوێی ئیداری دامەزراون، یان سنوورەکانیان سازکراوی دەستی کلۆنیالیزمی ئورووپایی

بووه. لەم نێوەدا سەرزەمینی ئێران یان هەمان نیشتمانی ئێرانی کە پاشماوەی شوێنی عەشیرە و تایفە کۆنەکان بوو، بە هاتنە سەر کاری ڕەزاخانی پەهلەوی و پێکهاتەی مۆدێرن دروست بووە و دابەش کردنی بەشەکانی دیکەی خاکی کوردستان ( نیشتمانی کوردان)، بە ڕێککەوتنی وڵاتانی ڕۆژئاوایی کەوتە سەر دەوڵەتانی عێراق، تورکیە و سووریە.

ئەو حکوومەت و دەسەڵاتانەی کە لەم دەوڵەتانەدا هاتنە سەر کار، دەستبەجێ ـ لە پێناو ئامانجەکانی خۆیاندا ـ دەستیان دایە درووست کردنی نەتەوەی دەسکرد و کاتێك لەگەڵ بەرەنگاریی نەتەوەی کورد ڕووبەڕوو بوونەوە زۆر بێبەزییانە دەستیان دایە سەرکوت و ڕەشەکوژی و دوورخستنەوەی بە کۆمەڵی ئەم نەتەوەیە. کەوابوو دەگەینە ئەو ئاکامەی کە نەتەوەی کورد لە پێکهاتنی ئەم دەوڵەتانەدا هیچ ڕۆلێکی نەبووە.

ئێستا وێڕای پێناسە و لێکدانەوەی قەوم (گەل) و نەتەوە و دەوڵەت باس لە جیاوازی‌یەکانی دەوڵەت دەکەین. لە دنیای ئەمڕۆدا دەوڵەتان بە سەربەخۆیی سیاسی، بەڕێوەبەری و نیزامی دیاری دەکرێن. لەوانەیە دەوڵەتێك لە چەندین نەتەوەی جیاواز پێکهاتبێت وەك سۆڤییەتی پێشوو.

دەوڵەتان بە درێژایی مێژوو بە پێکهاتەگەلێکی جیاوازەوە دروست بوون و هەموویان خاوەنی دامەزراوەی سیاسی، حقووقی و نیزامی بوون و هەروەها لەوانەیە خاوەنی ڕەوایی( مەشرووعیەت ) یان نارەوایی ( نامەشرووعیەت ) بن، کە لە ئاکامی هێرش و سەرکوتدا دروست بووبن ( وەك حکوومەتی تورکیە کە بە هێرش و سەرکوتکاریی ئاتاتورك و داگیرکردنی بەشێکی گەورە لە خاکی کوردستان پێك هاتوە)، بەڵام نەتەوەکان خاوەنی تایبەتمەندیی دیار و بەرچاون کە بە درێژایی مێژوو بوونەتە هۆی لە دەوری یەك کۆبوونەوەی کۆمەڵێك لە مرۆڤەکان، کە لەوانەیە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ بن یان دەوڵەتی سەربەخۆیان نەبێ یان لە چەندین نەتەوە پێکهاتبێتن. کەوابوو نەتەوەکان بەرهەمی ژیانی هاوبەشی کۆمەڵێك لە

مرۆڤەکانن و لە تێکەڵاو بوونی عەشیرەکان دروست بوون. ئەم عەشیرەتانە کە تێکەڵاو بوون بە نیسبەت گەلانی دیکەی دەوروبەری خۆیانەوە وێکچوویی زۆریان پێکەوە هەیە و خاوەنی دونیایەکی هاوبەش بوون. بە واتایەکی دیکە نەتەوە وێڕای رابردوویەکی بەرچاوی مێژوویی و داب و نەریت و کولتووری هاوبەش، لە قۆناغێکی زەمانیدا خۆی نیشان داوە و دەرکەوتووە.

## هۆکارەکانی چالاك بوونی دابڕانی میللییەتی

گرینگترین هۆکارگەلێك کە کاریگەرییان لە سەر چالاکبوونی دابڕانی میللییەتی دا هەیە بریتین لە:

١ - جیاوازیی فیزیکی، کولتووری و زمانی لەگەڵ کەمایەتییەکانی دیکە و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم.

٢ - چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی دەسەڵات ( حاکمییەت )ی نێوخۆیی.

٣ - دەسەڵاتخوازی و رەکەبەرایەتیی بژاردەکان.

جیاوازیی فیزیکی و کولتووری و زمانی لەگەڵ کەمایەتییەکانی دیکە و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم، سەرەکیترین و گرینگترین هۆکاری دابڕانی قەوم و نەتەوەن. قەومییەتەکان بە بوونی جیاوازییە زەقەکانی وەك کولتوور، زمان، دین، مێژوو، ئەدەبیات و نەریتی تایبەت بە خۆیان لە نەتەوەکانی دیکە جیاوازن.

لە روانگەی کۆمەڵناسیی سیاسییەوە، باسکردن لە قەومییەتەکان و کەمایەتییە نەتەوەییەکان و پێوەندیان لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەتیدا باسێکی گرینگە. وەك قەومییەت یان کەمایەتی کە گرووپە کولتووری و زمانییەکانیان پێ دەگوترێ و لە ژێر چاوەدێری و دەسەڵاتی نەتەوەیەکی دیکەدان. دابڕانی میللییەتی و قەومییەتی لە دابڕانەکانی قۆناغی مۆدێرنیتەن و دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی دروست بوونی دەوڵەت - نەتەوەکان لە ئورووپا. چونکی پێش لەم سەردەمە نە خەڵك خۆیان بە نەتەوە دەزانی و نە حکوومەتەکان خەڵکانی ژێردەستی خۆیان وەك نەتەوە چاو لێدەکرد.

هۆشیار بوونەوەی گەلانی هاوخوێن و هاوزمان بەرامبەر گەلانی دەوروبەری خۆیان هەنگاوێك بوو بەرەو ناسیۆنالیزم و لە دایك بوونی نەتەوەكان. ئەم یەكریزی و یەكگرتنە لە ئورووپا، سەردەمێك پەرە دەستێنێ كە ریزی دەوڵەتەكان لەگەڵ پێكهاتەی مرۆیی كۆمەڵگاكەیان گونجاو نیە. كەوابوو گەلانی جیاواز بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی دەكەونە هەوڵ و تێكۆشان.

بناغەكانی ناسیۆنالیزم لە ئاسیا و ئافریقا لە بەرامبەر كلۆنیالیزمدا بەهێز بوون، ناسیۆنالیزمی تورك و عەرەب لە بەرامبەر كلۆنیالیزمی ئورووپاییدا سەریان هەڵدا. ئەم ناسیۆنالیزمە لە سەرەتای لەدایك بوونیەوە ناسیۆنالیزمێكی ئەرێنی بوو. چونكە حاڵەت یان شێوازێكی دژكردەوەیی هەبوو كە بۆ رێكخستنی جەماوەر و خەبات بە دژی بێگانە پێویست بوو. هەندێك لەم ناسیۆنالیزمانە دوای سەركەوتنیان بە شێوەیەكی نەرێنی ئاراستەی خۆیان گۆڕی و خودی ئەوانیش دەستیان دایە هێرش بۆ سەر نیشتمانی نەتەوەكانی دیكە. یەك لەو ناسیۆنالیزمانە، ناسیۆنالیزمی تورك بە رێبەرایەتیی كەماڵ ئاتاتورك و هەروەها ناسیۆنالیزمی بەعسی عەرەبی بوو.

ناسیونالیزمی كورد درەنگتر لە ناسیونالیزمەكانی دیكە سەری هەڵدا. چونكی لە بەرانبەر هێرشی نەتەوەكانی دیكەی وەك تورك و عەرەب دا دروست بووە وناسیونالیزمێكی پەرچەكردارانەیە كە لە راستیدا بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆیان و وەدەسهێنانی مافە سەرەتاییەكانی خۆیان هەوڵ دەدا، نەك بۆ دەست بە سەردا گرتنی نەتەوەكانی دیكە.

بیرمەندێكی وەك "جان ئیستوارت میل" و تەنانەت "ماركس" ستایشی وەها ناسیونالیزمێكیان كردوە و ئەویان لە بەرانبەر زێدەخوازییەكانی نەتەوەكانی دیكەدا بە پێویست زانیوە.

هێندێك لە نووسەرانی جیرەخۆریش چاوپۆشییان لەو راستیە كردوە كە ئامانجی خەبات و بەرخۆدانی نەتەوەی كورد تەنیا بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی

و مێـژوویی خۆیـەتی، نەتـەوەی کوردیـان تـەنیا لـە گـەلێکی بەرتەسـك دا کـورت کردۆتەوە. چونکی ئەوان کێشەکانیان تەنیا بەستۆتەوە بە هەڵسووکەوتی بژاردەی هەرێمەکان کە بە لەدەستدانی دەسەڵات و هێزی خۆیان، دەستیان داوەتـە سیاسـی کردنـی کێشـە قەومی‌یـەکان. بـەڵام ئـەوەیان لـە بـەر چـاو نـەگرتووە کـە تەنانـەت پێکهاتەی سنوورەکانی ئێرانیش بەرهەمی رکەبەرایەتیی هەرێمەکان و عەشـیرەکانی ئێـران بـووە. زۆرێـك لـە رێبـەرانی وڵاتـانی رۆژهـەڵاتی نێوەراسـتیش لـە سـەرۆك عەشیرەکانی ئەم وڵاتانە بوون. کەواتە بەو ئەنجامە دەگەین کە جیاوازییـە زمـانی و کولتووری‌یەکان لە سەردەمی مودێرندا دەبنەهۆی پێکهاتنی هەستی ناسیونالیسـتی و هۆکـارێکی گـرینگ لــە دابڕانــی قەومییــەتی‌دا. ئەوەیکــە ئــەم حەرەکەتــە ناسیونالیستی‌یانە سـەرکەوتن وەدەست بێـنن وەك تورکـەکان و عەرەبـەکان، یـان ئەوەیکە وەك ناسیونالیزمی کورد شکست بێنن، هیچ شتێك لە مەسەلەکە ناگۆڕێ و ئەوەیکـە زۆر گرینگـە ئەوەیـە کـە چـەمکی دیـن بۆتـە هۆکـارێکی گرینگـی دابڕانـی قەومییەتی لە وڵاتـانی ناوچـەکەدا. هێنـدێك هۆکـاری دیکـەش دەبنـە هـۆی زیـاتر و خێراتـر بـوونی دابڕانـی قەومییـەتی، کـە ئـەم هۆکارانـە بـە سـەر کوردسـتانەوە شوێندانەرن. ئەم بیرۆکەیە کە لە لایەن "مایل هشـتر"ەوە هاتۆتـە گـۆڕێ پێـداگریی بنەڕەتیی لە سـەر ئەوەیـە کـە هاوپێوەنـدی و خۆرێکخسـتنی قـەومی لـە نێوخـۆی نیشتمانێك دا لە ئاکامی زیادبوونی نابەرانبەری بە هێز دەبێ.

لە روانگەی ئەم بیرۆکەوە دەسـەڵاتدارانی وڵاتێـك کـە زۆربـەیان لـە نەتـەوەی بـاڵا دەسـتن بـۆ بەسـتنەوەی ئـابووری، کولتـووری و سیاسـیی گـەلانی ژێـر دەسـتە و هەروەها دەمارگرژی و نەفرەت و بێزاری لەم نەتەوانە دەستیان داوەتە هەڵاواردن و بەو پەڕی نامیهربانی‌یـەوە لـە ئـاوەدانی ئـابووریی و گەشـەی کولتـووری نیشـتمانی گەلانی ژێر دەست چاوپۆشی کراوە و دەبێتە هۆی وەخۆهاتنەوەی خەڵك و گەلان و نەتـەوە ژێـر دەسـتەکان و لـە ئاکامـدا دەبێتـە هـۆی هاوئاهـەنگ بـوونی گـەلان و نەتەوەکان، و چالاکتر بوونی دابڕانی نەتەوەیی لە گەڵ ناوچەکانی دیکەی وڵاتەوە .

کوردستان لە باری ئابووریو سەنعەتیەوە زۆر هەژارترەو دەتوانین بڵێین کە هیچ شتێکی نیە.زۆربەی لاوان و بنەماڵەکانیان دوای دابەشکردنی زەوی(تقسیم اراضی)و هەڵوەشانی سیستمی دەرەبەگایەتی بە مەبەستی دۆزینەوەی کار و پەیدا کردنی بژیوی رۆژانەی ژیانیان دەچنە ناوچەکان و شارە گەورەکانو بە نزمترین و تاقەت پڕۆکێنترین کارەکانەوە خەریکن. جیا لە هەمووی ئەمانە دابەشکردنی سەروەت و سامان لە نێو کوردەکاندا نیسبەت بە خەڵکانی دیکەی کۆمەڵگاوە شتێکی سەرسووڕ هێنەرە.ئەم نابەرانبەرییانە تەنیا باری ئابووری ناگرێتەوە، بەڵکوو باری کولتووری و کۆمەڵایەتیش زۆر خراپە. لە کوردستان بەرهەمهێنانە کولتوورییەکان قەدەغەن.

لە ناوچە کوردنشینەکاندا بەرهەمهێنانە کولتوورییەکان یان قەدەغەن یان بێ پاڵپشت و بێپشتیوانی دەسەڵاتی ناوەندی هیچ گەشەیەك بە خۆوە نابینێ و تەنیا لە نێو کەسانێکی بەرتەسکدا لە ئارا دایە. بۆ وێنە هەر شێوە تێکوشانێکی کولتووری و تەنانەت قسە کردن بە زمانی زگماکی بۆ کوردانی تورکیە قەدەغەیە. لە ناوچەکانی دیکەش دا ئەو کتێب و بڵاوکراوە بەرتەسکانەش کە بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو دەبنەوە، بە هۆی ئاشنا نەبوونی خەڵك و خوێنەران بە رێزمان و رێنووسی زمانی خۆیان لە راستی دا رەنگدانەوەیەکی بەر چاوی نیە.

ئاڵوگۆڕی کولتووری لە نێوان نەتەوەی باڵادەست و کوردەکان دا ئاڵوگۆڕێکی نابەرانبەر و یەك لایەنەیە لە لایەن زمان و نەتەوەی باڵادەستەوە. کوردەکان بە باشی دەزانن کە چاپکردنی کتێب و بڵاوکردنەوەی هێندێك بڵاوکراوە، تەنیا رێچاری فەرهەنگی نیە و ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە ئایا کەسانێك هەن کە بتوانن ئەم کتێب و دەقانە بخوێننەوە و ئەوانە چەند لە سەدی کۆمەڵگای کوردن؟!

هەڵبژاردنی ئەم بیرۆکەیە سەرەتا لە لایەن "مێنکۆر ئێلسۆن"ەوە بۆ لێکدانەوەی هەڵوێستی جیهانی پێشکەش کرا. بە پێی ئەم تیئۆرییە خەڵك بە مەبەستی هەڵوێستی جیهانی سەرەتا زیان و قازانجەکان لێکدەدەنەوە؟. هاوئاهەنگ بوون و

خۆرێکخستنی کەمایەتی‌یە نەتەوەی‌یەکان، لەبەر ئەوەی کە هەڵوێستی گشتی و بەکۆ لەگەڵ ئەم تیئۆرییە یەك دەگرنەوە. کەوایە کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکان بە لێکدانەوەی زیان و قازانجەکان بزووتنەوەی ئازادیخوازانەیان دەست پێکردوە. کوردەکان پێشکەوتنی رۆژ لەگەڵ رۆژی نەتەوەکانی زاڵ بەسەر خۆیاندا دەبینن و بە پێچەوانەش.کەوابوو هەوڵە بەردەوامەکانی خۆیان بۆ وەدستهێنانی ئارمان و ئامانجەکانیان بە پیرۆز دەزانن و رێز لە ئازادی و رزگاری دەگرن و ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەیکە کوردەکان هەمیشە ئامادەی یەکگرتوویی بن و لە چووکەترین دەرفەت بە مەبەستی وەدیهاتنی ئامانج و مافەکانیان کەلك وەرگرن و بە قەولی ئەوان" گەلێك کە ئازادی بویَ دەبیَ نرخی ئەو ئازادی‌یەش بدات".

## دەسەلاَتخوازی و تێکۆشانی بژاردەکان

ئەم تیئۆرییانە لە لایەن هەندێك لە لێکۆلەرانی کۆمەڵناسی‌یەوە بە شێوەی جیاواز باسی لێوەکراوە. بەلاَم بە هۆی پێوەندی راستەوخۆی ئەم تیئۆری‌یانە پێکەوە بە شێوەی هاوبەش دەکەونە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لە بەرهەمی هەندێك تیئۆریسیەنی وەك "هانس کۆهەن" و " ئانتۆنی ئیسمیت" و "پۆل براس"دا ئەم تێئۆری‌یانە باسیان لێوەکراوە.

بە پێی ئەم تێئۆری‌یانە پێکهاتنی دەوڵەتێکی دەسەلاَتدارو زێدەخواز بە پێکهاتەی سیاسی ناوەندگەراوە و لەو ولاَتانەی‌دا کە لە باری پێکهاتەی حەشیمەتی‌یەوە یەك دەست نین، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەشداری کەمایەتی‌یە نەتەوەی‌یەکان بەرتەسك بێتەوە و دەسەلاَتدارانێك کە لە نەتەوەی بالاَدەستن دەبنە هۆی ئەوەی کە ناکۆکیی میللییەتەکان بە شێوەی دابڕانە کۆمەلاَیەتی‌یەکان خۆ بنوێنن و دەرکەون. کاتێك کە پێکهاتەکە تووشی قەیران هات، نەتەوەکان هەڵوێستی شۆرشگێرانە دەگرن و جەماوەر خۆ رێکدەخەن و بژاردەکانی نەتەوەی ژێردەست لەبەر ئەوەی کە لە دەسەلاَتدا هیچ بەشدارییان نیە رێبەرایەتیی ئەم شۆرش و رێککەوتنە بە دەستەوە دەگرن.

نەبوونی فەزای بەشدار بوون و نەبوونی دامەزراوەی پێویست کە بتوانێ لە نێوان بژاردەکانی کورد و دەوڵەتی ناوەندیدا رکەبەرایەتییەکی دیمۆکرات دروست بکات و گەشەی رۆژ لەگەڵ رۆژ، زیادتر ویستی بەشدار بوون لە لایەن نەتەوەکانەوە یەکێك لەو هۆکارە گرینگانەیە کە دەبێتە هۆی دابڕانی میللییەتی و قەومییەتی لە وڵاتدا.

"سامۆئیل هانتینگتۆن" ئالاهەڵگری تێئۆریی بەدامەزراوەیی کردنە و بە وتەی ناوبراو سیستمێکی سیاسی، کاتێك دەتوانێ خاوەن پرستیژ بێت کە خاوەنی پلەیەکی بەرزی ئۆرگانیزاسیۆن بوون بێت. هەندێك لە رێکخراوە و ئاییناکان ژێرخانێکی فرە و تارادەیەك راوەستاو بن و بە لای خەڵکەوە پڕ بایەخ بن، بەڵام لە وڵاتانی سووریە، تورکیە و عێراقی پێشوو دامەزراوەکان کەم و بەرتەسك بوون و تەنیا لە خزمەت دەوڵەت و نەتەوەی باڵادەست دان و ئەم دامەزراوانە هیچ کات بە لای کوردەکانەوە بایەخیان نیە و نەبووە، چوونکی ئەم دامەزراوانە ئامانجەکانی ئەوان دابین ناکەن کە هەمان لەبەرچاونەگرتنی مافی رەوای ئەوانە. جێی باسە کە دەوڵەتانی ناوەند بە مەبەستی رازی کردنی نەتەوەی کورد هەوڵ دەدەن هەندێك لە بژاردەکانی کورد لە پۆست و دامەزراوە جیاجیاکاندا دامەزرێنن، بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە ئەوانە کەسانێك نین کە نوێنەرایەتیی نەتەوەی کورد بکەن یان پشتیوانی ماف و ئامانجەکانی ئەوان بن و تەنانەت نوێنەرانی پارلەمانی ئەم وڵاتانە بە هۆی نەبوونی پێکهاتەی مۆدێرن و سیاسی، وەك بوونی حیزب تووشی بێ هێوایی بوون و وەك جەماوەر ناڕازین و بە گشتی دەسەڵاتداریەتی، یان حاکمیەت کردنی نەتەوەیەکی ناوەندگەرا بە سەر نەتەوەیەك یان چەندین نەتەوەدا ـ کە خاوەنی تایبەتمەندیە زەینی و دیارەکانی نەتەوەن و مێژوویەکی دوورو درێژی خەبات و تێکۆشانیان هەیە ـ دەبێتە هۆی دژکردەوەی توند و بە شێوەی خەباتێکی ناسیۆنالیستی بیچم دەگرێ و جارناجارێ تێکهەڵچوونی دوو لایەنەی لێدەکەوێتەوە. ئەمەش نە بۆ دەسەڵاتی ناوەندی و نە بۆ نەتەوەی ژێردەستە هیچ قازانجێکی نیە.

یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە بۆتە هۆی دەرکەوتنی دابڕان لە نێوان دەسەڵاتی ناوەند و نەتەوەی کورد ئەوەیە کە، لە لایەن ناوەندەوە هەوڵ دراوە نەتەوەی کورد لەگەڵ کولتوور و زمانی خۆی بێگانە بێ و ئەم کارەش بۆ بە چووك زانینی کولتووریی نەتەوەی کورد کراوە. بەڵام نەتەوەی کورد بە هۆی بەهێز بوونی رەوان و دەروونی خۆی، ئەم کارەی قبووڵ نەکردوە و لە بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندد‌دا دەستی داوەتە نارەزایەتی نواندن. چونکە هەر نەتەوەیەك خاوەنی مێژوو و شانازی یەکانی تایبەت بە خۆیەتی.

# پرسی نێوان کۆمەڵگا و زانکۆ

## ڕەهەندەکانی ئەو پرسە و دەربازگە پێشنیاریەکان

شایانی باسە کە ئەم وتارە لە سیمینارێکی زانکۆیی لە زانکۆی کۆیە پێشکەش کراوە

د. هێمن سەیدی

## پێشەکی:

بۆ لێکدانەوەی پێوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگا و زانکۆ، سەرەتا دەبێ بزانین کە هەر یەك لەو دووانە چ پێگەیەکی مەعریفیان هەیە؟ لە هەمبەر یەکتری لە چ ئاستێك دان؟ ئەندامەکانیان چ پێوەندی و وێکچوونێکیان لەگەڵ یەکتری هەیە؟ لە کۆمەڵناسیدا دوو کۆی کۆمەڵگا و زانکۆ هەر دوو سەر بە کۆگەلی ژین و مرۆڤیی دێنە ئەژمار کە بە گوێرەی ئەندامەکانیان، دووهەمی واتە زانکۆ ژێرکۆیەکە لە یەکەمیان. بەو مانایە کە ئەندامانی چالاك لە زانکۆدا (مامۆستا، خوێندکارو کارگێڕ) ئەندامی کۆمەڵگاشن. خوێندکاران کە زۆرینەی کۆمەڵگای زانکۆ پێك دێنن، دوای ئەوە قۆناخێك لە تەمەنیان لە زانکۆدا تێپەڕاند، سەر لە نوێ دەگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگای یەکەم.

کۆمەڵگای دووهەم واتە زانکۆ دیاردەیەکی مۆدێڕنە، بەڵام لە هەمبەر کۆمەڵگای یەکەم نە دەتوانین بڵێین بە تەواوی نەریتییە و نە دەتوانین پارامێترەکانی مۆدێڕن بوونی تێدا بدۆزینەوە. لە واقیع دا کۆمەڵگایەکە لە حاڵی تێپەڕین دا کە رەنگە زۆربەی ئامێرە مۆدێڕنەکانی تێدا ببینرێ، بەڵام هەر هەنووکە لە ژێر هەژموونی بیرۆکە نەریتییەکان دایە. ئایا نەبوونی هاوئاهەنگی و وێکچوویی لە تایبەتمەندییە دەروونییەکانی کۆمەڵگا و زانکۆدا پێکهەڵنەکردنی لێ دەکەوێتەوە؟ دوایی بە تەسەلی باسی دەکەین. بەڵام ئەوەی کە لە روانینێکی گشتیدا دەبیندرێ ئەوەیە کە سەرەڕای بوونی کۆمەڵێك کێشەی دژ بە یەکی، کۆمەڵگا، بوونی زانکۆی وەردەگرێتەوە. هەرچەند ئەو وەرگرتن و پێکەوە سازانە بە ئاسانی نەهاتۆتە ئاراوە و لە واقیع دا کۆمەڵگا لە دەرئەنجامی زەختێکی سەردەمیانە و پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر قەبووڵی کردوە و تەنانەت لە دوا ساتەکانی تەسلیم بوونی دا ناچار بووە پێش بە چوونی ژنان بۆ زانکۆ نەگرێ. لە ئاکام دا دەتوانین بڵێین کە شرۆڤەکردنی پێوەندییەکانی کۆمەڵگا و زانکۆ بە روونی و سانایی شرۆڤە کردنی دوو بنیاتی نەریتی یا دوو ناوەندی مۆدێڕن نیە و هەڵگری کۆمەڵێك وردەکاری و

ئالۆزیی تایبەتە. لەو باسەدا هەوڵ دەدرێ چۆنییەتیی پێوەندی و کێشەکان لێك بدەینەوە و لەگەڵ ناساندنی تایبەتمەندی‌یە گشتی‌یەکانی هەر یەك لەو دوو کۆمەڵگا گەورە و بچووکە، رەهەندە کولتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری و زانستی‌یەکانی ئەو پرسە باس بکەین و کۆمەڵێك پێشنیاریش پێشکەش بکەین.

## ١ـ ناساندنی تایبەتمەندی‌یەکانی زانکۆ و زانکۆیی‌یەکان:

زانکۆکان لە وڵاتانی پێشکەوتوو و زۆربەی وڵاتانی لە حاڵی تێپەڕین دا، چەندین کارکردی هاوبەشیان هەیە. لە هەنگاوی یەکەم دا زانکۆکان یەکێك لە هۆکارە گرینگەکانی پاراستن، گوازتنەوە و پەرەپێدانی پاشماوەی زانستی و کولتووریی کۆمەڵگان. یانی بەشێکی بەربڵاو لە مێژوو، مەعریفەی زانستی و کۆکراوە ئەدەبی و هونەری‌یەکانی کۆمەڵگە لە رێگەی زانکۆکان و ناوەندە زانستی‌یەکانەوە تۆمار دەکرێن و دەخەملێن. هەروەها زانکۆکان هۆکاری گرینگی گەشەی فیکری مرۆڤەکان و داڕشتنی هونەری زانستیەکانو شوێنێکی گونجاوە بۆ هێنانە ئارای بیرۆکە نوێ‌یەکان و راڤە رەخنەگرانەکانی رابردوو و نەریتەکان. بەشێکی بەرچاو لە ئەرکی ئافراندنە هونەری و فەلسەفی و داهێنانە تکنیکی‌یەکان لە سەر شانی زانکۆیە. بەڵام گرینگتر لەو خاڵە گشتی‌یانە، کردەی زانکۆکان بە شێوەیەکە کە دەرچووەکان جیا لە بواری پسپۆڕی‌یان بە لانی کەمی توانایی پێویست بۆ چالاکی لە بوارەکانی دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتیش دەگەن. هۆشیاری مرۆڤی و ئاگاهی رەوشتی دەبنە هۆی ئەوە کە خوێندکاران، بە گشتی بە بۆچوون و باوەڕی جۆراوجۆرەوە و لە دەرەوەی بەرژەوەندیی چینایەتی و تاکەکەسی و لە پێناو بردنە سەر و چارەسەری دۆخی حاکم بە سەر کۆمەڵگادا هەنگاو هەڵێنێتەوە.

بۆ باشتر ناسینی کەش و هەوای زاڵ بە سەر زانکۆکان دا دەبێ کۆی هۆکارە نەگۆڕ و بگۆڕەکانی بەرهەم هاتوو لە قۆناغە زەمانی‌یەکان دا شرۆڤە بکەین: بۆ گەشەکردنی بیرۆکەی رەخنەگرانە هەل ومەرجێکی لەبار لە زانکۆدا هەیە. چونکە

سیستمی گەنگەشە(مناقشە) و رەخنەگرانە یەکێك لە مێتۆدە باوەکانی فێربوون و فێرکردنە لە زانکۆکان دا. بە جۆرێك کە زۆرێك لە سەر ئەو باوەڕەن کە ئەوە باشترین رێگەی فێربوون و فێرکردنە. لە کاتی فێرکردن دا ئەگەر سیستمی گەنگەشە چالاك بێ، بیرۆکە یەکەمەکان وەکوو بەردێکی نەتاشراو دێنە بەرچاو لەگەڵ هەر زەربەی پرسیار و وڵامێك زیاتر لە (فرم)ی پێکەری مەبەست نزیك دەبێتەوە. ئارمانخوازی سەرچاوەگرتوو لە ئازاد بوون لە هەمبەر بەستراوەییەکان و ئیمکانی گۆڕانکاریی بنەڕەتی، شادمانی و زیندوویییەکی هەمیشەیی لە زانکۆدا بەرهەم دێنێ. ناسینی زیاتری جیهانی دەوروبەر و تێگەیشتنی قووڵتر لە هەمبەر بۆشایی و کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ بوونی ئیرادەگەلێکی سەرسوڕهێنەر، هێزدەرێکی دیکە بۆ دینامیك بوونی کەش و هەوای زانکۆیە. فێربوون ئەوە فێری خوێندکارەکان دەکا کە لە بارەی هەر شتێك دا دەکرێ سەرلەنوێ تەما بگرنەوە. سیستمی کۆمەڵایەتیی دەستکردی مرۆڤەکانە و هەقیقەتێکی داسەپاو نیە کە هەرگیز نەگۆڕدرێ. خوێندکارەکان هەم هەڵگری تایبەتمەندیە گشتییەکانی لاوانیان هەیە (وەکوو لە دەرەوەی بازنەی ئابووریدا بوون، بەربڵاوی هێز، بێباکی و...) هەم لەگەڵ رەوتە فیکری و تیئۆریکەکانیش دا هەن. ژیانی خوێندکاران لەگەڵ ژیانی باوی کۆمەڵگە جیاوازی هەیە، زۆربەیان لە شێوەی باوی ژیانی بنەماڵەیی دوور دەکەونەوە، وا هەست دەکەن لە هەڵبژاردنی رێگەی ژیانی داهاتوودا دەستێکی کراوەتریان هەیە، بە ئەزموون کردنی ژیانی کۆیی لە شوقەکانی خوێندکاریدا لە دەرەوەی بنەماڵە لەگەڵ شێوەیەکی دیکە لە کۆگەلی ژیانی کۆمەڵایەتی ناسیاو دەبن. ئەوان ئەگەر توانایی بەرهەمێنانی فیکرێکی نوێیان هەبێ بە دڵنیاییەوە توانایەکیان بۆ وەرگرتنی بیرۆکە نوێیەکان هەیە و، هەروەها پێوەندییەکی بەردەوامیان لەگەڵ رەوتی مۆدێرنیزاسیۆن دا هەیە و سەر بە یەکەمین و زۆرترین پێشوازیکەرانی نوێخوازین، لە واقیع دا بۆ بیرۆکە نوێیەکانیان ئامێری نوێش دەدۆزنەوە. خوێندکاران بە پێچەوانەی ساڵانی سەرەتای هاتنە ئارای

زانکۆ لە کۆمەڵگادا کە تەنیا چینێکی تایبەت دەیانتوانی واردی زانکۆ بن، ئێستا تایبەت بە هیچ چینێکی تایبەتی کۆمەڵگا نین و نوێنەرانی سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگان. خاڵێك کە لە سەرەتادا جێگەی نیگەرانی و لە درێژماوەدا بە قازانج تەواو دەبێ ئەوەیە کە خوێندکاران پێیان وایە کە هەرچی زیاتر بیر بکەنەوە و فێر بن دەتوانن لە هەلومەرجێکی باشتردا بژین و ئاسوودەیی و ئیمکاناتێکی زیاتریان دەبێ. بەڵام دوایی بۆیان دەردەکەوێ کە زانینی زیاتر هەمیشە بە مانای ئیمکاناتی زیاتر نیە و زۆر جاران کۆمەڵێك گیر و گرفتی بەدوادا دێ. بەڵام لە رامانێکی زیاتردا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو گیر و گرفتانە لە پێشووش دا هەبوون و بەڵام هەست پێنەکراون، دیارە بۆ چارەسەری ئەو کێشانە یەکەمین هەنگاو، ناسین و بینینیانە.

## ٢ ـ ناساندنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا:

بێ گومان لە پۆلێن بەندی کۆمەڵگای کراوەو داخراودا، کۆمەڵگای ئێمە دەکەوێتە ریزی کۆمەڵگا داخراو یا نیوە کراوەکان.

٢ –١) لەو کۆمەڵگایەدا پێکهاتەی خێڵەکی زەق و چالاکە و لە لایەن زۆرینەی خەڵك و دەسەڵاتەوە قەبووڵ و پشتیوانی لێ دەکرێ، بنەماڵەش هەنووکە خاوەنی شیرازەیەکی پتەوەو لە ڕووانگەی چۆنیەتی و چەندایەتییەوە جێگەی باوەڕ و بڕیاردەرە.

٢–٢) لە کۆمەڵگای ئێمەدا کەمبوونی رێژەی تاوان و جینایەت و دزی و گەندەڵی لە بەراورد لەگەڵ زۆربەی کۆمەڵگا ئەمڕۆییەکان دا ـــ بە شێوەیەکی بەرچاو لە یەکەمین لێروانین دا دەردەکەوێ کە جیا لە بەهێزبوونی پێکهاتەی خێڵەکی و بنیاتی بنەماڵە، چالاکی و بەشداربوونی توخم(عنصر)ی دین کە لە دارشتنی ئەو کۆمەڵگایەدا رۆڵێکی گرینگیان هەبووە.

٢ –٣) کۆمەڵگای ئێمە، کۆمەڵگایەکی بەربەرەکانی کردەیە. بەشێك لە شوناسی نەتەوەیی کە لە حاڵی لەناوچوون دا بوو سەرلەنوێ بە دەستی هێناوەتەوە. لە

راستی‌دا هەر ئێستاش زۆر سوورە لە سەر پاراستنی و هەروەها دەیهەوێ بە نەوەی نوێی بگەیەنێ. لەگەڵ ئەوەدا کە بەردەوام رابردووی لـە لایـەن دوژمنانـەوە هێرشـی سووکایەتی و چکۆلە کردنەوەی لە سەر بووە، ئێستاش مل بە هیچ خوێندنەوەیەکی نوێ نادا و لە بەرامبەردا دەمارگرژی دەنوێنێ.

٢ — ٤) زنجیرەی پلەبەندی گەلی گەورە و بچـووك بـە شـێوەی خودکـار و گومـان هەڵنەگر بە تـەواوی پـاژ و راڤەکانیـەوە لـە تـەواوی قۆناغـەکانی ژیانـدا لـە بەرچـاو دەگیرێ کە ئەڵبەت یەکەی هەڵسەنگاندنی نە لە سەر بنەمای خوێندن و عەقڵانییەت بـەڵکوو دەگەڕێتـەوە سـەر بنـەمای هـەمان تـوخمی سـادەی تەمـەن و لـە زۆربـەی کاتـەکان دا تەشـەنەی ریـش سـپی‌یەکان بـە مەبەسـتی چارەسـەری گەنگەشـەگەلی سیاسـی یـەکجار کارسـازە چ دەگـا بـە دەمەقاڵـەی خێڵەکی‌یانـە یـان ناکۆکی‌یـە بنەماڵەیی‌یەکان.

٢— ٥) بەشداری بەهێزی ئایین لە شێوەی خۆپارێزانەی دا دوو دەسکەوتی دژ بە یـەکی وەك رەهـابینی و خۆڕانـان پـەروەری بـەدواوە بـووە، کـە رەنگدانـەوەی هـەردووکیان بـە شـێوەی دەرهەسـت و بەرهەسـت لـە کاروبـاری کۆمەڵایـەتی‌دا دەبینـدرێ، بـە جۆرێـك کـە نەسـەن(فـۆرم) و رواڵـەت بوونەتـە پێوانـەی زۆربـەی هەڵسەنگاندن و قەزاوەتەکان و لە نیهایەت دا تەماگرتنەکان.

٢ — ٦) لە رەهەندێکی دیکەوە، سەرەڕای کۆتایی هاتن بە دیکتاتۆری، روحیـەی میلیتاریستی و جەنگ لێدراوی ئێستاش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەستێکی باڵای هەیە. دەرئەنجامە تاڵەکانی دەیان ساڵ ژیانی ژێـر دەسـتەیی دوژمنـان، ئێسـتا وازی لـە ژیانی خەڵك نەهێناوە. شەپۆلی توند و تیژی و تووڕەیی و نەبوونی رێزگرتن لە مافی بەرامبەریی مرۆڤەکان لە پێوەندی کۆمەڵایەتی خەڵك دا بەرچاوە. دەروون نەژندی و دەروون پرۆکی باندۆری راستەوخۆی هەیە لە سەر بیر و کردە و تەنانەت جۆری جل پۆشـین و رواڵـەتی زۆربـەی ئەنـدامانی کۆمەڵگـە. لـە بەرامبـەردا بـوونی وەرزش و سـەرگەرمی‌گەلی شـادی هێنـەر بـە شـێوەیەکی دەسـتکرد و کـارتۆنی دەبینـرێن.

سەیران، سەفەر، شەونشینی، چالاکیی کلووپەکانی شەوانە کە لە زۆربەی کۆمەڵگا ئەمڕۆییەکان سەر بە پێویست ترین توخمە پێویستەکانی ژیانن، زۆر نامۆن لە کۆمەڵگای ئێمەدا.

٢– ٨) گەنگەشە و دەمەتەقەی سیاسی لە شێوە شارستانی و کلاسیکەکەیدا ماوەیەکە کەوتۆتە بەر سەرنج و بۆچوونی خەڵکی ئێمە. شێوە باوەکانی دیالۆگ، ڕێزگرتن لە بۆچوونی جۆراوجۆر و دژبەیەك لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پێویستییان بە تەمرینێکی زیاتر هەیە. باسەکان زۆر سادە و ئاوەکین. گرنگیدان بە باسە فکری و فەلسەفییەکان لە چوارچێوەی چەند بژاردەیەك تێنەپەڕیوە، کە بێ گومان لە هەلومەرجێکی لەو چەشنەدا "هونەر" لە نالەبارترین شوێن دا جێگە دەگرێ. بەو واتایە نە هونەری ڕەسەن و هونەری فۆلکلۆر توانیویانە پێگەی خۆیان بە باشی بپارێزن و نە هونەری مۆدێڕن توانیویە بە شێوەیەکی پسپۆڕیانە و جیدی جێگەی خۆی بکاتەوە. بە ڕاستی کەسانێك کە باوەڕیان بە پێویستی بوونی هونەر لە کۆمەڵگادا نیە، لە ڕێژەیەکی بەرچاودا دەتوانن دەرئەنجامە جەهەننەمییەکانی ئەو نەبوونە ببینن کە خەڵك تەنانەت لە هەمبەر گوڵەکانیش دا هیچ هەستێکیان نیە. کە ئەو توخمە گرینگ و ژیانەکییە نەیتوانیوە تەنانەت لە یەك ساڵ دا بە بوونێکی چەند ساتی بگا، ئەوەش بەو مانایە کە کولتووری گوڵ، کولتوورێکی نامۆیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا.

٢– ٩) لە سەر هێندێ خاڵی دیکەی وەك کەمبوونی تیراژی ڕۆژنامە، نەبوونی موتاڵای ڕۆژانە و کتێب خوێندنەوە و نەبوونی کارەساتیانەی سینەما قسە ناکەین. نامۆبوونی خەڵك لە هەمبەر مافی شارۆمەندی خۆیان و هەست کردن بە ئەرك گەلی دوو لایەنە و پێویستی بەشداری لە بەڕێوەبردنی شار و گەڕەك و... هتد بە هیچ شێوەیەك پراکتیزە نەکراون. بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا هیوادەرە گەشەی تاڕادەیەك بەرچاوی ئابووریی کۆمەڵگایە کە بە دڵنیاییەوە کۆمەڵێك دەستکەوتی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە. هەم ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆن بەهێزتر دەکا و هەمیش بوارێکی لەبارتر

بـۆ پەرەپێـدانی مۆدێرنیتــە و کولتــووره مۆدێڕنــەکان دێنێتــە ئــاراوه. لــە لایــەکی دیکەشــەوه گەشــەی ئــابووری لــە ســەر دوو رەهەنــدی دیکــەی پەرەپێــدان واتــە پەرەپێدانی کولتووری و پەرەپێدانی سیاسی  شوێن دادەنێ. ئەگەر ئەو رەوتەی له چەند ساڵ لەوه پێشەوه دەستی پێکردوه هەر بەو شێوەیه درێـژەی هـەبێ، دەبـێ چاوەڕوانی کۆمەڵێك گۆڕانکاری بەربڵاو و جیدی بین له کۆمەڵگەی خۆمان دا.

ئێستا که هەر دوولا واته کۆمەڵگا و زانکۆ پێناسه و راڤه کران، لێرەوه رەهەنـدی جیاجیای کێشەکانی نێوانیان شرۆڤه دەکەین:

## ۳ ـ رەهەندەکانی ئەو کێشەیە:

### ۳ – ۱) کولتووری:

تا ئێره بۆمان دەرکەوت که کولتووری زانکۆیی جیاوازیی لەگەڵ کولتووری باو له کۆمەڵگادا هەیه. کولتووری زانکۆیی کولتوورێکی ئاوەزتەوەره و هەربۆیەش زۆربەی پارامێترەکانی کولتووری کۆمەڵگا رەت دەکاتەوه. کولتووری زانکۆیی لـە رەهەنـدی جۆراوجـۆرەوه لەگــەڵ کولتــووری جیهــانی لــە پێوەنــدی دایــە و بانــدۆری لــێ وەردەگرێ، بەڵام پێوەندیی کولتووری کۆمەڵگا به کولتووری جیهانەوه لاوازتر و لـە سەرەخۆتره. لێرەوه کۆمەڵگا هەوڵ دەدا به خۆتێهەڵقوتاندنەکانی خۆی خەسـتێتی کولتووری زانکۆیی دابەزێنێ، به جۆرێك له کۆمەڵگەدا پێش به بڵاوبوونـەوەی بگـرێ تا بەردەوام خۆی وەك کولتووری باڵادەست بهێڵێتەوه، تا رادەیـەکیش سـەرکەوتوو بووه. به جۆرێك که سەرەڕای ئامادەگیی ده سـاڵەی زانکـۆ لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا، کولتووری زانکۆیی‌یەکان تەنیا لەگەڵ بەرەی رووناکبیری کۆمەڵگا (که بەشێکی کەم له کۆمەڵگا پێك دێنن) له پێوەندی زانسـتی دان. هۆیـەکانی ئـەو پێوەندیـیە زۆرن: زۆربــەی رووناکبیرەکــان بــە شــێوەی راســتەوخۆ یــا لــە زانکــۆن یــا لــە رێگــەی بەرهــەمهێنانی کولتــووری (کتێــب، مووســیقی، فــیلم، ئــەدەبیات و... هتــد) لەگــەڵ خوێندکارەکان له پێوەنـدی دان. هـەروەها لـە چـالاکیـیە ناوانیـیەکانی زانکـۆ وەك

بـەڕێوەبردنی کـۆنفرانس و سـیمینارەکان و... هتـد بەشـداریی رووناکبیران بـۆ پێشکەش کردنی روانگە و بۆچوونەکانی خۆیان پێویستی‌یەکی حاشاهەڵنەگرە. جیا لەوانە زۆربەی خوێندکارەکان، دوای دەرچوون و تـەواوبوون، بـە تایبـەت لـە بـواری زانستە مرۆیی‌یەکان، رۆژنامەنووسی، هونەر و ئەدەبیات و... هتد تێکەڵ بـە بـوارە رووناکبیری‌یـەکان دەبـن و لـە راسـتی‌دا زنجـیرەی زانکـۆ – رووناکبیر – خوێنـدکار پتەوتر دەبێ.

بەڵام لەو نێوەدا ئەو خاڵانەی باس کران، دەبنە هۆی ئەوە کە خوێندکار زیاتر لە کۆمەڵگا دوور کەوێتەوە و کۆمەڵانی خەڵك بە چاوی نـاخۆیی چـاویان لـێ دەکـەن و لەگەڵیان رووبەڕوو دەبنەوە.

**٣ – ٢) کۆمەڵایەتی:**

نەبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان کولتووری زانکۆ و کۆمەڵگادا بۆتە هـۆی ئـەوە کـە لە پێوەندیی کۆمەڵایەتییش دا جۆرێك لە بێبڕوایی لە نێوانیـان دا بێتـە ئـاراوە. لـە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەکان دا، بیروڕای گشتی کەمترین راوێژ لەگەڵ زانکۆیی‌یـەکان دا دەکا و ئێستاش لە پێوەندی لەگەڵ رووداوە گرینگە کۆمەڵایەتی‌یـەکان بۆچـوونی مامۆستایەکی ئایینی یـا ریـش سـپی‌یەك لـە سـەرووی لێکدانـەوەی خوێنـدکارێك یـا مامۆستایەکی زانکۆ چاو لـێ‌دەکرێ. زۆربەی کاتەکان ئەگەر بۆچوونە زانکۆیی‌یەکان لەگـەڵ قسـەی سـەر شـەقام وێکچـوویی نـەبێ، دووهـەمیان لـە لایـەن خەڵکـەوە پەسندترە، کۆمەڵگا بە گومان و بەدبینی‌یـەوە کچـەکانی خـۆی دەنێـرێ بـۆ زانکـۆ. کچێك کە لە ماڵە بابی شایەد لە تەمەنی ١٦ی ساڵی‌دا دەتوانێ شوو بکا، بێ گومـان لە دەورانی خوێندکاریی واتە لە تەمەنی ٢٠ – ٢٢ ساڵی‌دا نەتوانێ زەماوەند بکا. لە واقیع دا بنەماڵەکان تێگەیشتن و عەقڵانییەتی زانکۆیی‌یان قەبووڵ نیە. لە حاڵێـك دا زەماوەندی خوێندکاری یـەکێك لـە سـەرکەوتووترین جۆرەکـانی زەماوەنـد لـە سـەر ئاستی جیهان دایە، ئەڵبەت روونە پێوەندیی کوڕ و کچ لە زانکۆدا جیاوازیی هەیە لە پێوەندی ئەوان لە کۆمەڵگادا. بەڵام دەتـوانین بڵـێین باوکـان متمانەیـەکی زیـاتر بـە

بازاڕ دەکەن تا زانکۆ! بە جۆرێك لە زانکۆوە نیوکاتژمێر درەنگتر بگەڕێنەوە ماڵەوە بە توندی لـێیان دەپرسنەوە. نێونجی کردن و ریش سپی تەوەری کە شتێکی بـاوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، لـە لایـەن خەڵکـەوە گوازراوەتـەوە بـۆ نـاو کۆمـەڵگاش. یـانی زانکۆ نەتەنیا نەیتوانیوە ئەقڵ تەوەری خۆی لە زانکۆدا پەرە پێ بدا، بـەڵکوو بـەها نەریتی‌یەکانی کۆمەڵگاشی وەرگرتووە. لە بەشـێکی بەرچـاو لـە جیهـان دا ناوەنـدە دینی‌یەکان لـە پرۆسـەی مۆدێرنیتـەدا بـوون بـە ناوەنـدی زانسـتی و زانکـۆیی (وەك زانکۆی کمبریج و ئاکسفۆرد لە سەدەکانی رابردوودا ناوەندی دینی بـوون) بـەڵام لـە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە پێچەوانە نەتەنیا ناوەندە دینی‌یەکان توانیویانە فۆڕمی نەریتی خۆیان و کۆمەڵگا بپارێزن، بەڵکوو تەشـەنەیان کـردوە بـۆ قـوڵایی زانکۆکـانیش. بـە جێگـەی ئـەوە کـە بزووتنــەوە کۆمەڵایەتی‌یـەکان لـە زانکـۆدا تێئـۆریزە بکـرێن و بیرمەندان دوای سەلماندنی زانستیی بوونی روانگەکانیان، لە رێگەی خوێندکارانـەوە (وێنەی باسکی کۆمەڵایەتیی رووناکبیران) ئەو بیرۆکانە بگوازنەوە نێو کۆمـەڵگا، بـە پێچەوانە قەیرانە کۆمەڵایەتی‌یەکان کە مێشکە عـادی و باوەکـانی کۆمـەڵگا توانـایی چارەسەر و کۆنترۆڵ کردنیان نیە، لە رێگەی خوێندکارانـەوە گوازراونەتـەوە بـۆ نـاو زانکۆکان!

لـە نیهایـەت دا دەکـرێ بڵـێین، خوێنـدکارانێك کـە دەبـوو کـەش هەڵسـەنگێنی کۆمەڵگاکـەیان بـن و بـە دۆزینـەوەی کـەم و کووڕی‌یـەکانی کۆمەڵگـە رێگەچـارەی زانستی پێشنیار بکەن، چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە گیرو گرفتە زانکۆیی‌یەکانیشیان لە کۆمەڵگا چارەسەر بکرێ!

**٣ – ٣) سیاسی:**

لە تەواوی کۆمەڵگا ئازادەکان دا هەمووان دەتوانن لە چـالاکییە سیاسـی‌یەکان دا بەشدار بن، بـێ گومـان ئـەو مافـە بـۆ خوێنـدکاران دەبـێ زیـاتر لەبەرچـاو بگـیرێ. هــەروەك لــە ناســاندنی تایبەتمەندی‌یــەکانی خوێنــدکاردا ئاماژەمــان پــێکرد. ئــەوان لانیکەمی توانایی پێویستیان بۆ چالاکی سیاسی و کۆمەڵایـەتیی هەیـە. ئێسـتا ئـەو

باسە لە گۆڕێدایە کە لە گۆڕەپانی سیاسەت دا، خوێندکاران دەبێ ئەکتەر بن یا چاولێکەر؟ ئەگەر ئەکتەرن، ئەکتەرێکی چالاکن یا پاسیڤ و لە کار کەوتوو؟ یا ئەگەر چاولێکەرن، کامیانن؟ لە کاتی پێویست دا، لە دوو رۆڵی چاولێکەری چالاك و ئەکتەری پاسیڤ کامیان هەڵبژێرن؟ ئایا بەشداری سیاسی‌یان بەشدارێکی خوێنگەرمانە یان خوێن ساردانەیە؟ "خوێن سارد هەمیشە دەمای جەستەی لە ژێر باندۆری هەوای دەرەوە دایە و ویستی جیا جیای هەیە." خوێنگەرم دەمای جەستەی نەگۆڕە و ویستەکانی لە ژێر باندۆری کۆمەڵگا و کلێشەیی نین. وەکوو بزووتنەوەی کرێکاری. ئایا کۆمەڵگا میکانیزمی ناڕەزایەتی و ویستە خوێندکاری‌یەکانی هەیە؟ زانکۆی خۆی چی؟ میکانیزمێکی لەو چەشنە هەیە؟ یا لە راستی‌دا چالاکیی سیاسی خوێندکاری پێویستە؟

یورگەن هابێرماس دەڵێ: "خوێندکاران بە هۆی نەبوونی تەشەنەی راستەوخۆی گرووپە بەهێزە ئابووریی‌یەکان لە ناویان دا، دەتوانن کەم و تەسك بوونی بیرۆکەگەلی رەخنەیی لە رۆژنامەکان و ئەحزاب و حکوومەتەکان دا قەرەبوو بکەنەوە. رادەی بەستراوەیی خوێندکاران بە چەرخەی خوێندکار لە ئەوانی دی، لە زۆربەی چینەکانی‌تر کەمترە. یانی رادەی چاوەڕوانی ماددیی ئەوانی دیکە لە خوێندکار، هەروەها چاوەڕوانی خوێندکار لە ئەوانی دی لە زۆربەی چینەکانی‌تر کەمترە. بەڵام سیستم گەلێکی وەك ئەحزاب، رۆژنامە و بڵاوکراوەکان و تەنانەت حاکمییەتیش، ترپەی ژیانیان بە لێدانی پووڵ لێدەدا. زۆربەی ساتەکان کاریگەری لە سەر ئەو رێکخراوانە دادەنێن. لە هەلومەرجێکی لەو چەشنەدا چالاکیی سیاسی خوێندکاران ژیانەکی‌یە. زۆربەی شۆڕشگێڕە سەرکەوتووەکان و کەسایەتی‌یە ناسراوەکانی حیزبەکان لە دەروونی بزووتنەوەی خوێندکاری‌یەوە سەرچاوەیان گرتووە و باندۆریان لە سەر داناون. ئایا کۆمەڵگە جیا لە رێگەی گرووپە ئابووری‌یەکان، لە چ رێگاگەلێکی دیکەوە دەتوانێ شوێن لە سەر خوێندکاران دابنێ؟ ئەوە مافی سرووشتیی حیزبەکانە کە بۆ ئەندامگیری لە سەر

خوێنـــدکارەکانیش ســـەرمایەگوزاری بکـــەن. هـــەروەها زۆریـــش سرووشـــتی‌یە کـــە حیزبەکان متمانەیان بە حەرکەتە سیاسی‌یەکانی خوێنـدکاران نـەبێ و لـە سـەر ئـەو بـاوەڕە بـن کـە ئـەو حەڕەکەتانـە زیـاتر لـە سـەر بنـەمای سـۆز و زانیـاری زەینـی دامەزراوە تا ڕێسا و پێداوە دەرەکی‌یەکان. یـان پێیـان وابـێ کـە ئاکـاری سیاسـی خوێندکاران تۆسـن، کـاڵ و خـەیاڵ پەروەرانەیـە. بـەڵام دەبـێ بـزانن کـە هـەر ئـەو حەڕەکەتانە لە هێندێ کات دا گەورەکان ناچار دەکەن بە عادەتەکانیان دا بێنـەوە. ئەوەی کە ترسناکە هەوڵێکە کە دەیهـەوێ حەرکـەتی سیاسـیی خوێنـدکاران بخاتـە ژێر ڕکێفی بیرۆکەیەکی کاڵ و بە جێگەی زیاتر بەربڵاوکردنەوەی گۆڕەپـانی چـالاکی ئازادانەی بزووتنەوەی خوێندکاری، زیاتر لە بیری بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە نێو خوێندکاران دان. کۆی ئەو هەوڵانە دەبنە هۆی ئەوە کە خوێندکاران بۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانیان بە خاڵی ناموممکین بگەن، کە ئەوەش یەکجار ترسناکە و ڕاوەسـتان و لە جێدا مانەوەی سیاسی ڕاست لێرەوە دەسـت پـێ دەکـا. فەلسـەفەی ڕاوەسـتان یان لە جێ دا مانەوە، پێوەندیی بە ناموممکین بوونی دەستکاری کردنی واقعییـەکان هاوکات دەگەڵ بوونی ئارمانە بەرزە فڕی‌یەکانەوە هەیـە. بیرۆکـە سیاسـی‌یەکان لـە کارگـــەکانی بزووتنـــەوەی خوێنـــدکاری‌دا تـــاقی دەکرێنـــەوە گەشـــە دەکـــەن. پێوەزیـادکردنی بزووتنـەوەی خوێنـدکاری بـە ئەزموونـە سیاسـی‌یەکانی حیزبـەکان یەکجار قازانج و هەزینە هەڵنەگر بووە. لێرەوە خوێندنەوەیەکی خێرای بزووتنەوەی خوێندکاری ئەو ئیدعایە دەسەلمێنێ.

**٣ـ ٤) ئابووری ـ زانستی:**

گوتمان کە خوێنـدکاران لـە بـەراورد لەگـەڵ چینەکانی دیکـەی کۆمـەڵگا، کـەمتر بەستراوەیی ماددی‌یان هەیە. بەڵام ئەوە بە مانای دەوڵەمەندبوون و بێ‌نیازی ئـەوان نیـە. سەرچـاوەی مـاددیی خوێنـدکاران بـە تـەواوی دەگەڕێتـەوە لای بنەماڵـە و حاکمییـەت. ئەگـەر جیهانێـك لـە غـروور و هێـز و بیرۆکەگـەلی نـوێ لـە تەنیشـت بەستراوەیی بە پارەی حەتووانەی بنەماڵە و هاوکاریی ماددیی مانگانـەی حکوومـەت

دابنێین، دەتوانین قووڵایی سووکایەتی و چووکەکردنەوەو زەربەی دەروونی لە سەر رووخساری خوێندکاران هەست پێبکەین! بێ گومان ئەو هاوکارییە ماددییە بۆ چاوەڕوانییش نیە و هێدی هێدی دەبێتە هۆی ئەوە کە ویستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکاران (کە هاوتەریبە لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا) کورت بکرێتەوە و بۆ ویستە سینفی و ئاسوودەیی و گوزەرانێکی نزم تەوەریانە. یانی بزووتنەوەی خوێندکاریش خوێن ساردی خۆی دەدۆڕێنێ. خوێندکاران بۆ چالاکیی کورتە کاتەکانی خۆیان هاوکات دەگەڵ خوێندن لە پێناو دابین کردنی کۆمەك هەزینەیەك لەگەڵ کۆمەڵێك گیرو گرفت رووبەڕوو دەبنەوە و لە زۆربەی کاتەکان دا دەچەوسێندرێنەوە.

لە زۆربەی کاتەکان دا خوێندکاران ناچار دەکرێن بە هەقدەستێکی بەرامبەر لەگەڵ ١٠٪ کەسێکی بڕوانامەدار خەریکی کار بن. کۆی ئەو بچووك کردنەوە و سووکایەتی پێ کردنە پێگەی کۆمەڵایەتی و زانستیی خوێندکاران لە لای کۆمەڵانی خەڵك دێنێتە خوارێ. بێ گومان کەسێك کە ناچارە حەوتووانە پارە لە بنەماڵەکەی وەرگرێ ناتوانێ متمانەی بنەماڵەکەی خۆی بە دەست بێنێ و بە شکۆ و هێزەوە لەگەڵاڵەدان و بڕیاردانی بنەماڵەییدا رۆڵی هەبێ وبە شێوەیەکی شوێندانەر کایە بکا. بێ گومان لە هەلومەرجێکی ئاوهادا حکوومەتیش هەر بەو چاوە سەیری خوێندکار دەکا. کەڵك وەرنەگرتن لە هێزی چالاك و مێشکی پەی جۆری (کنجکاو) خوێندکاران لە پرۆژە موتاڵایی و لێکۆڵینەوەییەکان دا، دەبێتە هۆی خەرج کردنی هەزینەیەکی زۆر و دەسکەوتێکی کەم لە لایەن ئیدارە و وەزارەتەکانەوە. بنیاتە تایبەتەکان و ناوەندە سەربەخۆییە زانستی – لێکۆڵەرەوەیەکانیش هیچ چەشنە پێوەندییەك لەگەڵ خوێندکاران و زانکۆییەکان ناهێنێتە ئاراوە. لە حاڵێك دا مەجال و حەوسەلە و پشتکاری خوێندکاران لەو ناوەندانەدا دەتوانێ گرێ کەرەوە بێ. بۆ وێنە بینراوە کە بیرۆکە و بۆچوونگەلێکی کە بە زەینی خوێندکارانی فەنی و هونەری دەگا – بە تایبەت ئەگەر بەرهەمی کاری گرووپی بێ – یەکجار سەرکەوتووترە لە

کاری ئەندازیارەکان و ئەو هونەرمەندانەی کە چەندین ساڵ لەوە پێش وانەیان تەواو کردوە و دەرچوون، ئێستاش کە یەکجار زۆر سەرقاڵی کارگەلی ئیداری و ئابووری و رۆتیینی بوون و بەشێکی بەرچاو لە توانایی خولقێنەرانەی قۆناغی خوێندکاریان لە دەست داوە.

## ٤- پێشنیارەکان:

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان کۆمەڵگا و زانکۆ نابێ چاوەڕوانی موعجیزە بین یا پێمان وابێ لە ماوەیەکی کەم دا هەموو گیروگرفتەکان چارەسەر دەکرێن، نە کۆمەڵگای ئێمە دەتوانێ زۆربەی خو و خدە و ئاکارەکانی یەك شەوە بگۆڕێ و نە زانکۆش دەبێ واز لە بنەما و پرەنسیپەکانی زانکۆیی خۆیی بێنێ. لە نیهایەتدا کۆمەڵگا دەبێ بگۆڕێ. بەڵام زانکۆ رۆڵێکی بەرچاوی لەو گۆڕانکاریانەدا هەیە. رۆڵی بەڕێوەبردنی کۆنفرانسو سمینار خۆی کارێکی گەورەیە و ئاماژەیە بۆ تێگەیشتنی زانکۆییەکان لە قووڵایی کێشە و گرفتەکان.

٤ — ١) ئامادە بوونی خەڵك لە زانکۆکان دا ژیانەکییە. خوێندکاران کە بە ناچاری دەگەڕێنەوە بۆ ناو کۆمەڵگا، ئێمە دەبێ خەڵك بکێشینە ناو زانکۆکانەوە، واتە بە بۆنەگەلی جۆراوجۆر و لە رێگەی کۆڕو و کۆبوونەوە و سیمینارگەلی خەڵکی و پێکهێنانی کۆمەڵێك مێهرەجانی گشتی دەکرێ ئەو ئاکارە بکرێ. هەروەها ئەو پرۆژانەی کە لە زانکۆدا بەڕێوە دەچن بە شێوەی جۆراوجۆر لە بەرژەوەندی گشتی دان، لە نێو کۆمەڵگا راڤە بکرێن و هەوڵی پراکتیزە بوونیان بدرێ. بە جۆرێك هەمووان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرۆژانە تا رادیەك زانیاریی گشتییان هەبێ. مەبەست لە پرۆژەکان، کارگەلێکی هاوبەشن کە لە رێگەی حاکمییەت و زانکۆ و هاوکاری بنیاتە تایبەتییەکانەوە رێك دەخرێن و بەڕێوە دەچن. وەکوو گۆڕینی روخساری شار، چارەسەری گیرو گرفتە یاسایی و سەرەکییەکانی خەڵك، هێنانە گۆڕ و باس کردنی کێشەکانی پەروەردە و بارهێنانی خەڵك و... هتد.

٤– ٢) خوێندکاران و مامۆستایان دەبێ بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری‌یەکانی ڕۆژ بەرنە ناو بازنە پەروەردەیی‌یەکانی خۆیانەوە. یانی ئەو بابەتانەی کە ڕۆژانە لە ناو خەڵك برەویان هەیە دەبێ لە پۆل و تەمرینە زانکۆیی‌یەکان دا شرۆڤە بکرێن. بۆ وێنە ئێستا بابەتگەلێکی وەك پرۆسەی ئازادیی عێراق و تێزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و یا ڕووبەڕووبوونەوەی شارستانیانە لەگەل "کوللیەی عەسکەری" و زانستە سیاسی و حقووقی‌یەکان کە لە زانکۆکانی ئەمریکادا دەوترێنەوە، بەو واتایە کە بابەتە دەرسی و نێوەڕۆکی جزوە(مەلزەمە)گەلی زانکۆیی یەکجار خێرا نوێ دەبنەوە. بەو جۆرە بابەتە زانکۆیی‌یەکان هەم بۆ خوێندکاران و هەم بۆ مامۆستایان بە حاڵەتێکی واقیعی و پراکتیك دەگا و هەم بۆ خەڵکیش سەرنج ڕاکێش دەبێ. هەر ئەو بابەتانە دەکرێ لە ڕێگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنگەلێکی تایبەت بەو کارە بە هەمان شێوەی ئاکادیمیك و زانکۆیی‌یەوە بچێتە ناو ماڵەکانەوە، لە واقیع دا کۆمەڵگا بکرێ بە پۆلەکانی زانکۆ. لە لایەکی دیکەوە بە جێ‌نشین کردنی هێندێ دەرسی نوێی پەروەردەیی گشتی لە بواری موتالای ئازادی خەڵك دا ئیمکاناتیان بۆ دابین بکرێ. ڕوونە کە شێوەی نەریتی موتالاکردن سەرنجی خەڵکی ئاسایی ڕاناکێشێ. فێرکردن لە ڕێگەی CD و وێنە و تاقیکاری‌یە زانستی و دەرهەستەکان لە زۆربەی وڵاتانی لە حاڵی پەرەگرتن دا ئەزموونێکی سەرکەوتوویە.

٤ – ٣) خوێندکاران دەبێ بە هاوکاری کاربەدەستانی زانکۆ، بەشداری گشتگیریان لە بەڕێوەبردنی زانکۆدا هەبێ. یانی خوێندکاران لە زانکۆ دا لایەنی بەرامبەری کارگێڕان و مامۆستایان نەبن بەڵکوو بە دەروەستێکی زیاترەوە توانایی خۆیان لە ڕێگەی بە ئەستۆوە گرتنی بەرپرسیارێتی زانکۆیی نیشان بدەن. بەو شێوەیە هەم خەڵك بە چاوی متمانەیەکی زیاترەوە سەیریان دەکەن و هەم خۆیان دوای تەواو بوون و دەرچوون ڕابردوویەکی چەند ساڵە لە پێوەندی لەگەڵ کاری کردەکی بۆ خۆیان تۆمار دەکەن. هەروەها خوێندکاران دەبێ بە بەڕێوەبردنی

بەرنامەگەلێکی جیا لە بەرنامە ئاسایی‌یەکانی خوێندن، لە کێبەرکێ و باسە فکری و زانستی‌یەکان دا بەشداری بکەن و ئاستی سەواد و زانیاری گشتی‌یان بەرز کەنەوە بە جۆرێك کە جیا لە پسپۆڕی تایبەتی خۆیان لە باقی بوارەکانی دیکەش دا بتوانن لایەنی راوێژ و گەنگەشەی کۆمەڵگا بن. خاڵێکی گرنگ کە خوێندکاران دەبێ گرینگی پێ بدەن هێڵە سەرەکی‌یەکانی موتالاّ و رووناکبیری خۆیانە. لە جیهانی ئەمڕۆدا نەتەوەیی بوون و موتالاّ لە سەر ماف و ویستە نەتەوەیی‌کان و ناسینی شوناسی مێژوویی یەکێك لە پێوانە گرینگەکانی رووناکبیر بوونە. کەوابێ خوێندکاران دەبێ موتالاّ نەتەوەیی‌یەکان و پراکتیزەکردنی بەها و بەرژەوەندی‌یە نەتەوەیی‌یەکان بخەنە ریزی پێشەوەی موتالاّکانیانەوە. بە دڵنیایی‌یەوە ئەو شێوە کردەیە دەبێتە هۆی نزیك بوونەوەی زیاتر لە خەڵك و تەشەنە کردن بۆ ناو قووڵایی ویستەکانی کۆمەڵگا.

٤ — ٤) تەمەنی خوێندکاریی باشترین تەمەنە بۆ زەماوەند و چوارچێوەی زانکۆ گونجاوترین بوارە بۆ دۆزینەوەی هاوسەر بە مانای واقیعی خۆی. خوێندکاران نە ئەوەندە کەم تەمەنن کە دیلی سۆز و هەستە کاڵەکانی لاوەتی‌یان بن، نە ئەوەندەش تەمەنیان چۆتە سەرێ کە لە کردەی زەماوەندا تووشی بەدبینی و دژوار پەسندی بن. هەروەها لە زانکۆدا گۆڕەپانی هەڵبژاردن بەربلاّوترە و رادەی لێك نزیکی خەڵکیش بەرچاوترە. هەم خوێندکاران و هەم مامۆستایانی زانکۆ دەبوو بۆ پەرەپێدانی زەماوەندی زانکۆیی هەنگاوی جیددی هەڵێننەوە. حکوومەتیش دەتوانێ لە رێگەی هاوکاری‌یە هاندەری‌یەکان و دانی وامی بانکی ئەو کولتوورە پراکتیزە و بەهێز بکا. دڵنیا بن پێکهێنانی بنەماڵەی رووناکبیر هەنگاوێکی گرینگە بۆ بە روووناکبیر کردنی کۆمەڵگە. هەروەها خوێندکاران چ کوڕ و چ کچ دەبێ ژنان ( سەرەتا ژنانی خوێندکار) لەگەڵ مافەکانی خۆیان ئاشنا بکەن و بۆ دەربازبوون لەو ستەمە مێژوویی‌یە هاوکاریان بکەن تا ژنان خۆیان نەیانهەوێ هیچ هێزێك ناتوانێ رزگاریان بکا. شەرتی سەرکەوتنی ژنانیش، زانینە و دەبێ لەگەڵ ماف و پێگەی

خۆیان ئاشنا بن. بە چوونە سەری پێگەی ژنان بە دڵنیاییەوە منداڵەکانیش بە پێگەیەکی باشتر دەگەن و بە هاوکاریی حاکمییەت و مودیرییەتی ژنان و ڕێنوێنیی ڕووناکبیران نەوەکانی داهاتوو لە بواری هاوسەنگی رووحی و بارهێنانی سالم بە هەلومەرجێکی باشتر لە ئێستای ئێمە دەگەن.

٤ — ٥) پەرەپێدانی روحی لێبوردەیی و پێکەوە هەڵکردن بە جێگەی توند و تیژی، پەرەپێدانی خۆشویستنی یەکتری، پەرەپێدانی شادمانی گشتی و ئیزن دان بە بەشداریی گوڵ لە کۆمەڵگادا لە ماوەیەکی کورت دەتوانێ مۆعجیزە بەرهەم بێنێ. بەو مانایە نەتەنیا لە درێژماوەدا تەنانەت بەو کەسانەش کە مەجالێکی وایان بۆ درێژەدان بە ژیان نەماوە هێز و شادمانی دەبەخشێ. زیندووکردنەوەی روحی هونەر لە کۆمەڵگەدا، پەرەپێدان بە هونەری سینەمایی و هونەری بینین و هونەری گوێگرتن روح ناسك و هاموشۆکان ناسکتر دەکا. ئەوەش رەسالەتێکی ڕووناکبیرانەیە کە بەشێکی بەرچاوی دەکەوێتە سەر شانی خوێندکاران و زانکۆییەکان. خوێندکاران دەبێ سەرەتا بەهاکان لە زانکۆ و شوێنی دەرس خوێندنیان پراکتیزە بکەن و پاشان بیانگوازنەوە بۆ ناو کۆمەڵگا.

٤ — ٦) گرینگی پێدانی زانکۆ بە بەشە نوێیەکان و هەوڵ دان بۆ بنیاتنانی ئەو بەشانەی کە هێشتا لە زانکۆدا نەکراونەوە، وەك بەشی ئەندازیاری ژێنێتیك و بەشی فەلسەفە کە دوو بەشی ژیانەکین. ئێستا لە زانستی تەجرووبی دا ژێنێتیك وەك زانستی دایك چاوی لێ دەکرێ و زۆربەی موتالا باوە فیکری و ئیدیۆلۆژییە پاسیڤەکانی تووشی گۆڕان و کێشە کردووە. فەلسەفەش کە بەشی بیرکردنەوە لە ژیان و چۆنیەتی درووست درێژەدانە بە ژیان، ئەو بەشە نەتەنیا دەبێ بە زوویی دابنرێ و کۆمەڵێك هەیئەتی زانستی بۆ دیاری بکرێ بەڵکوو دەبێ بخرێتە ناو بازنەی زانیاری گشتی زانکۆ، بەو واتایە کە خوێندکارانی بەشەکانی دیکەش لەو بوارەدا زانیارییەکانی خۆیان بەرنە سەرێ و نوێی کەنەوە.

٤ — ٧) پەرەپێدان بە کاری خوێندکاری خۆی دەتوانێ داهێنانێکی ئابووری بێ، کە هەم خوێندکاران، هـەم زانکـۆ و هـەم خـاوەن کارەکـان (دەوڵـەتی یـا تایبـەتی) قازانجی لـێ دەکەن. هێندێ لە کارەکان بە گـوێرەی سـاعەتی کـاری لەگـەڵ دۆخـی خوێندکاران دێنەوە و هێنـدێ کـاری دیکـەش لـە بـواری موتـالآیی و کتێبخانـەیی‌دا. پەرەپێـدان بـە کـاری گرووپـی و کـەڵك وەرگـرتن لـە فیکـری گرووپـی لـە پـرۆژە بینایی‌یەکان دا، ئەگەر بکرێن بە کولتوور، رەوتـی گەشـەی کۆمەڵایـەتی و ئـابووریی ئێمە بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر دەبەنە سەر و کلیلـی ئـەو کـارەش لـە دەسـتی خوێندکارەکان و زانکۆیی‌یەکان دایە، ئەڵبەت بە هاوکاریی حکوومەت.

سەرچاوەکان:

١ ـ وتاری نەوەی لاوی سێ(بعدی) نووسینی باقر پرهام ـ کتێبی کۆمەڵگا، لاوان، زانکۆ.
٢ — رەخنە لە پانتایی گشتی‌دا ـ یۆرگەن هابێرماس ـ وەرگێڕان بە فارسی حوسێن بەشیریە.
٣ — وتارەکانی نووسەر لە رۆژنامەی کوردستان دا، ژمارەکانی ٣٢٣ — ٣٢٥ — ٣٢١.

# "دێمۆکراسی لە کوردستان"
# دێمۆکراسی ـ دەوڵەتی خەڵک:

مەهتاب حوسینی

کوردستانو پڕۆسەی هەنگاونانی بەرەو دێمۆکراسی لە ساڵی(١٩٩١)وە هەتا ئێستا بۆتە جێگای سەرنجی زۆربەی ناوەندە سیاسییەکانی جیهان. بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگای جیهانیو سەقامگیربوونی ئاشتی نێو نەتەوەیی خاڵی باشو بە هێزی هاوبەشی لە گەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە بۆ بەرەو پێشتر بردنی هەرچی زۆرتری ئەو پرۆژەیەو لە هەمان کاتدا دەوڵەتانی ناوچەو بە تایبەت ئەوانەی کە دێمۆکراسی بەرژەوەندییەکانیان دەخاتە مەترسیەوە دەبێ ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بە سەر خۆیان دابێنن، هەروەها بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە لایان وایە. بوونی دێمۆکراسی لە ناو گەلاندا ئاڵۆزی دەخاتە قەوارەیانەوە. بە هەموو جۆرێك دەیانەوێ لە بەرامبەر ئەو بروسکە گەشەدارەی ناوچەکە لەمپەر دروست بکەن. لە راستیدا دەبێ پەردە لە سەر لایەنەش هەڵدینەوە، هەر چەندە دۆستەکانمان بە تایبەت وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵوێستی گەلەکەمان بەرز دەنرخێنن بەڵام هەتا ئێستاش بۆ بەرژەوەندییە هاوبەشو درێژخایەنەکانمان بە متمانەوە ناڕوانن. ئەوانەی لە نزیکەوە بارو دۆخی کوردستان دەبینن، زووترو باشتر لێمان تێ دەگەنو لە راستییەکان باشتر حاڵی دەبن.

لە بەر هەرچی زۆرتر بەرەوپێشچوونی دێمۆکراسی بە پێویستم زانی تاریفێکی گونجاو بۆ دێمۆکراسی لە کوردستاندا بخەمە بەر چاوی خوێنەرانیهێژا .

لە کاکڵی ئەو نووسراوەیەدا دەمەوێ باس لە تێبینیە جۆراوجۆرەکان لە سەر دێمۆکراسی بکەم. بەڵام خاڵی بەهێزی باسەکە دەخەمە سەر ئەو بەشە کە سەرکەوتنی گەلەکەمانی تێدایە لەو پرۆسە مەزنەدا. ئەویش ئەوەیە کە دێمۆکراسی دەبێ لە کوردستان تەمرین بکرێ تا بچەسپێو نابێ لە جێگایەکی دیکەوە بۆ کوردستان بگوێزرێتەوە. بە زمانی ساکار دەبێ ئەو راستیە باش بزانین کە لاساکردنەوەی دێمۆکراسی نابێتە دێمۆکراسی، گرینگە کە لە دێمۆکراسی باش تێبگەین، بەڵام ناتوانین خەڵك دابنیشێنین کە چۆن تەمرینی دێمۆکراسی بکەن، کۆمەڵی کوردەواری دەبێ لە گەڵ دێمۆکراسی گەورە بێت. دێمۆکراسی لە قامووسی

سیاسیش دا ئەو جۆرە نیە کە هەموو کەس لە سەری کۆك بن، هەر کەس بە جۆری تێڕوانینی خۆی هەڵی دەسەنگێنیو جاری وایە وڵاتە دیکتاتۆرەکانیش خۆیان بە دێمۆکرات دادەنێن. راستە کە هەڵبژاردن هۆکارێکی سەرەکیە لە دێمۆکراسیدا بەڵام هەموو هەڵبژاردنەکانیش نوێنەری دێمۆکراسی نینو ئاکامەکەشیان زۆر جار نابێتە دێمۆکراسی ولە راستیش دا هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە بە رای گشتیش دێنە ئاراوە نابنە هۆی مانای راستەقینەی دێمۆکراسی.

## دێمۆکراسی دەوڵەتێکە کە خەڵك دروستی دەکاو یاسای زۆرینە بەڕێوەی دەبات.

بەبڕوای Thomas R.D ye& L. لە کتێبی "Irony of Democracy" مانای بەربڵاوی دێمۆکراسی دەبێ هەڵگری ئەو خاڵانەی خوارەوە بێت:

١- بەشدار بوونی زۆرینەی خەڵك لە بڕیاردان بۆ پێکهێنانی ژیانی خۆیان.

٢- دەوڵەت بە پێی یاساو بە دەنگدانی زۆرینە هەڵبژێردرابێ.

٣- دان پێدانان بە داوا کارییەکانی کەمینەی کۆمەڵگا.

٤- ئازادی وتار، چاپەمەنی، رێکخراو و خۆپیشاندان.

٥- ئازادی دروستکردنی پارتی سیاسی ئۆپۆزیسیونو دەرەتانی چالاکی سیاسی بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵات.

٦- دانی پلەو پایەی بەرز بە تاکەکانو رەخساندنی دەرفەتی بەرامبەر و یەکسان بۆ خەڵك بۆ گەشەکردنی تەواوی تواناکانیان.

ئەو خاڵانەی سەرەوە کە باس کران هەموو جوانو رێك و پێکن، بەڵام بۆ جێبەجێکردن دەبێ لە کوردستاندا، بە پێی هەل ومەرجی کوردستان و بوارەکانی گەشە کردن هەنگاو هەڵبێنینەوە. هەتا هەنگاوێك بەرەو پێش چوون جێ خۆشکەر بۆ هەنگاوێکی دیکەبێ، نەك ئەوەی هەنگاوێك بەرەو پێش چوون، دوو هەنگاو بەرەو دواوەمان بگێڕێتەوە. دێمۆکراسی ئێستای کوردستان بەرهەمی خەبات و

تێکۆشان و خوێنی شەهیدانە، بۆ ئەوەی ئێمە لە لەمپەرەکانی دیمۆکراسی بزانین، دەبێ بە راستی لە ریشەی کەمو کوورییەکانی کۆمەڵگا باش ئاگادار بین.

لە رەوانگەی Gisela stuart ئەو خاڵانەی کە هەرەشە لە دیمۆکراسی دەکەن لەو (٣) خاڵەی خوارەوەداخۆیان دەنوێنن.

١- ئەو دام و دەزگا کۆمەڵایەتی‌یانە کە خۆیان وا نیشان دەدەن کە دیموکراتیکن بەڵام لە کردەوەدا بێبەشن لە زۆربەی داواکارییە ریشەییەکانی دیمۆکراسی بۆ وێنە: ئەو کەسانەی کە دەنگیان پێ دەدەن دەتوانن لایان بەن.

٢- ئەو دامودەزگا کۆمەڵایەتیانەی کە زۆر دژوارە بەرپرسی بریار دەرەکەی بدۆزییەوە .

٣- سیستەمێك کە وا دەنوێنی کە کردەوە، هیچ ئەنجامێکی نییە. سیاسەت شەڕی بیرو هزر نییەو هەڵبژاردنە سیاسیەکان وەکوو کڕین لە سوپرمارکێتدا وایە ئەوە یان فلان شت لە تاقەی سوپرمارکێتەکە بێتە خوارێو مەبەستت ئەنجام و بەرهەمی هەڵبژاردنی تاکەکان نەبێ.

پارتە سیاسیەکان ئەو دام و دەزگا کۆمەڵایەتیانەن کە چوارچێوەی ئیدئولۆژیکی ریککەوتنی ناو خۆیی پێك دەهێننو هەروەها ئەوانن کە بەستەگەلی هاوسانی هەڵبژاردنەکان پێشکەش دەکەن بۆیە تەنیا بانگ کردنی خەڵك بۆ ناو وتووێژەکان بەس نییە. بەڵکوو دەبێ کۆمەڵ بەشداری هەموو هەڵسووکەوتەکانی دیمۆکراسیو بەرەوپێش چوونی بێت .

## کلیلی بنچینەکان بۆ دیمۆکراسیەکی بەکردەوە ئەو خاڵانەی ژێرەوەیە :

١- بازارێکی ئازادی ئابووری

٢- دەستاودەست کردنی ئاشتیانەو هێمنانەی دەسەڵاتی سیاسی

٣- بزانین کاتێك دەڵێین ئێمە،مەبەستمان کێیە ؟.

٤- بوونی میدیاو چاپەمەنی ئازادو سەربەخۆ .

٥- گەشەكردنی چینی نێوەراست .

٦- بوونی حكومەتی قانوون.

بە باوەڕی stuart وڵامی دژوار ئەوەیە كە ئێمە كێین؟

لە راستی دا لە كوردستاندا وڵام دانەوە بەو پرسیارەو داواكارییەكانی هەنگاوێكی بەرز هەڵدێنیتەوە بۆ بەردەوام كردن و گەورە بوون لە گەل دێمۆكراسیدا.

دەبێ باش ئەو راستییە بزانین كە دێمۆكراسی زۆر جار لە ئاكامی تێكۆشانو خەبات بەرهەم دێ. جیاوازی دین لە سیاسەت بۆ كۆمەڵگای كوردەواری بە تایبەت كە رەنگاورەنگی و موزاییكە جۆراوجۆرەكانی مەزهەبیو دینی لە پاڵ یەك پەستێوراون باشترین شێوەیەو بە تەنیا بەشداربوونی ئایینێك لە پرۆسەكەدا دەبێتە هۆی ژێرپێخستنی مافی زۆر لایەنی دیكە، بۆیە رەوایە كە بەو پەڕی رەچاوگرتنی رێزو حورمەت بۆ ئایینەكان، تێكەڵاوی پرۆسەی گەشەسەندنیان نەكەین. ئەو كارە(٢) ئاكامی لێ دەكەوێتەوە:

١- كێبەركێی لە نێوان ئایینەكاندا بۆ بەشداری نامێنێت و لە ئاكامدا ئەو جیاوازییە لە نێو گەلانی كوردستاندا كەم رەنگتر دەبێتەوە.

٢- باری مەعنەوی ئایینەكە بەرزتر ڕادەگیرێ و لە ئاكامدا یارمەتی دەگەیەنێ بە ئاشتی.

دێمۆكراسی راستەقینە ئەوە نیە كە تەنیا لە كاتی پێویست لە كۆمەڵانی خەڵك و بەشدارییان كەڵك وەربگیردرێ. بەڵكوو لە راستی دا كلیلی بنچینەكان بۆ دێمۆكراسی كردەوەیە، بۆ وێنە ئەمڕۆ لە جێبەجێ كردنی مادەی (١٤٠ ) بۆ هەرێمی كوردستان، دەبێ ئەو راستیە بخەینە بەر چاو بە هەڵسووكەوتێكی دێموكراتانە و بەشداری بەر چاوی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان بۆ داخوازییەكەیان پرسەكە بەرەو پێش دەبات بە پێچەوانەی مەسەلەكەشەوە، ئەوە چارەنووسی گەلەكەمان بەرەو هەڵدێر دەبات. كەوایە لێرەدا تەعبیری دێمۆكراسی ئەوها خۆ

دەنوێنێ. ناسینی مافێکی مەزنی نەتەوەیی و بەشداری کردن بۆ جێبەجێ کردنی، نرخێکی بەرز دەدات بە پێشکەوتن لە کوردستانی دێمۆکراتدا.

# فراماسۆنێری؟
# و رۆڵی ژنان و پیاوان لەم مەکتەبەدا؟

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: سەید جەلال حسینی

له پێش داوبۆ ئاشنایی زیاتر له گه‌ل ئه‌م مه‌کتبه‌دا، ده‌بێ پێناسه‌یه‌ك بکه‌ین و بزانین، له کوێ و له‌که‌یه‌وه و بۆچی دروست بووه؟!

زاراوه‌ی فراماسۆن که له دوو وشه‌ی فری + مه‌سین ( free+ mason) پێك هاتووه، "فری "یانی ئازاد و "مه‌سین " یانی فنا، به گشتی یانی به فنای ئازاد، که بۆ یه‌که‌مجار له سالّی ١٣٧٦ی زایینی به کار هاتووه‌ودوکتور جیمز ئاندرسۆن یه‌که‌م که‌س بووه، که یاسای ئه‌ساسیی فراماسۆنێری له ماوه‌ی ٢سالّدا دانا له سالّی ١٧٣٢ز به چاپ گه‌یشت.

## کۆنترین فراماسۆنه‌کانی دونیایه، کێ بوون؟

یه‌که‌م فراماسۆنه‌کانی دونیا تامپلیه‌کان بوون، وشه‌ی تامپل(tample) یانی مه‌عبه‌د (په‌رستگا)، که له زمانی فه‌رانسه‌وه وه‌رگیراوه، و تێمپلێر templer ، به‌وانه ده‌ڵێن که ئاگاداریان له په‌رستگاکان کردبێ و له ده‌ستی نه‌یاران پاراستبێتیان.

له پێش دا تاقمێك له تامپلیه‌کانی فه‌رانسه‌وی که له ١٠٠ هه‌زار له سه‌لیبیه‌کان پێك هاتبوو، چوونه سووریا و به‌دوای ئه‌وه‌دا که "بیت المقدس" ـــ(اورشلیم ) یان گرت و له‌وێ مانه‌وه ده‌ستیانکرد به کاری دروست کردنی پردو رێگاوبان و ئاوه‌دانکردنه‌وه، و ته‌نانه‌ت شوێنه مه‌زهه‌بیه‌کانیشیان پاراست، له‌م رووه‌وه جێگای رێزوستایشی خه‌ڵکی بوون، ئه‌و هه‌موو کاره باشانه‌یان ده‌کرد بێ ئه‌وه‌ی داوای یارمه‌تی له که‌س بکه‌ن، ئه‌وان له لایه‌ن پاپیشه‌وه جێگای رێزلێنان بوون، هه‌ر له‌و روانگه‌وه، داوای له مه‌سیحی‌یه‌کان کرد که هه‌ر که‌سه‌و به پێی ئیمکان یارمه‌تی یان بدا. به پێی فه‌رمانی پاپ بووه، ئه‌رکی سه‌رشانیان و ئه‌رکی مه‌زهه‌بی بوونیان پێشوازییه‌کی گه‌رمیان له‌و فه‌رمانه‌ی پاپ کرد، تا وای لێهات، تامپلیه‌کان ده‌وڵه‌مه‌ند بوون‌و یارمه‌تیشیان ده‌دا به پاشاکان، ته‌نانه‌ت وای لێهات تامپلیه‌کان ببنه نێوبژیوانی نێوان سه‌لیبی‌یه‌کان و ئیسماعیلی‌یه‌کان و به‌یه‌که‌وه ئاشتیان

بکەنەوە و کۆتایی بە شەڕە سەلیبی‌یەکان بێنن. کە لە ئاکام دا، تامپلیەکانیش کە زیاتر لە ٢٠ هەزارکەس دەبوون، گەرانەوە شوێنی باوباپیرانی خۆیان کە فەرانسەیی، ئینگلیسی و ئالمانی‌یان تێدا دەژیا.

لەنێو تامپلیەکاندا تاقمی جۆراوجۆر هەبوون‌و بە تایبەتی بەننا و کرێکار زۆربوون، بە گشتی دەستیان دابوویە، کاری بە کۆمەڵ و ئاوەدانکردنەوە ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆیان راکێشن و لایەنگری زۆر لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە، وببنە خاوەنی رێزوئیعتبارێکی زۆر، ئەوە بوو فیلیپی چوارەم کە بە (فیلیپی جوان چاك بەنێو بانگ بوو) خۆی لێ نزیك کردنەوە بە تایبەت لە گەڵ رێبەرەکەیان ژاك دومولە دۆستایەتی پەیدا کرد.

لە ساڵی ١٣٠٣ زایینی فیلیپی چوارەم لە گەڵ پاپ بونیفاسی هەشتەم نێوانی تێك چوو و پەنای بۆ تامپلیەکان بردو وەزارەتی دارایی حکومەتەکەی دایە دەست ئەوان و لە ساڵی ١٣٠٥ ی زایینی ریفراندۆم بە دژی کرا و بە یارمەتی تامپلیەکان، فیلیپی چوارەم گەرایەوە سەر کورسی دەسەلات، دوای ماوەیەك پاپ بونیفاس مرد و پاپ "کلمان پێنجەم " بوو بە جێ‌نشینی‌وفیلیپی چوارەم خۆی لێ نزیك دەکاتەوەو دۆستایەتی لەگەڵدا دەبەستێ و داوای لێ دەکات فتوایەك بە دژی ئەو ملك‌ودارایی‌یەی تامپلیەکان دەربکا. پاپیش لە قسەی دەرناچێ، تا وای لێ دێت، دوژمنایەتی دەکەوێتەوە نێوان تاقمی ژاك دومولەو فیلیپ‌و دەست بە سەرماڵ و سامانی تامپلیەکان دادەگرێ و زۆریان لێ دەکووژێ و زۆریشیان لێ بە دیل دەگرێ لە نێو ئەواندا، ژاك دومولەی رێبەریان و بۆ ماوەی ٧ساڵ بەند دەکرێ، تا لە ڕۆژی ١٣١٤|٣|١٤ ی زایینی لە بەرامبەر کلیسای نۆتردامی پاریس لە گەڵ تاقمێکی‌تر لە هاورێکانی دەسووتێندرێن‌و تاقمێکیشیان هەر بە جل‌وبەرگی کرێکاری‌یەوە هەڵدێن‌و پەنا دەبەنە بەر دورگەی بریتانیاولەوێ تاکوو ئارام بوونەوەی وەزعەکە دەمێننەوە و دوایە یەکتر دەگرنەوە و لە ئالمان رێکخراوێکی شێوەی ماسۆنی پێك دەهێنن، هەر چەند لە سەرەتادا، ئەم رێکخراوە شێوە ماسۆنی‌یە لە فەرانسە

دروست بوو، دوایەش لە ئینگلیستانو ئاڵمان بەڵام لە ئاڵمان یەکیان گرتەوە و سەر لەنویێ بووژانەوە.

هەر چەند ئەو ڕێکخراوە تازە دامەزراوە، لە ئالمان هەر درێژەدەری ئەو تەشکیلاتەن کە ژاك دومولە لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٣ی زایینی، لە فەرانسە دروستی کردبوو بەڵام لە زۆر سەر چاوەی ماسۆنییەکان، ژاك دومولە، لە پێشڕەوانی فراماسۆنی و یەکەم کەسیش بووە، کە گیانی لەو ڕێگایە دا بەخت کردووە . کاتێك ژاك دومولە دەسووتێندرێ لە هەڕەتی لاوی دا دەبێ و هەر بەم بۆنەو بۆ یاد کردنەوە و ڕێز لێنانی زیاتری، ڕێکخراوەێکیان لە تەشکیلاتی ماسۆنی کە تایبەت بە فراماسۆنە لاوەکان بوو دروست کرد ونێویان نا،"ژاك دومولەی ئەنتێرناسیونالێ" "demolay international"کە دواتر بوو بە یەکێك لە تەشکیلاتە فەعالەکانی ماسۆنیو زۆر لە کەسایەتییە ناودارەکانی دنیاش لەم تەشکیلاتەدا تێکوشانیان بووە و بوونەتە فراماسۆن، بۆ وێنە"بیل کلینتۆنو ( ویلیام جفرسۆن)، چل ودووەمین سەرۆکی ئەمریکا، لە دەورانی خوێندن لە زانکۆدا دەبێتە ئەندامی فراماسۆنی ڕێکخراوی ژاك دومولەی ئەنتێرناسیونالێ.

لە سەرەتای دروست بوونی تەشکیلاتی فراماسۆنێریدا تەنیا مەسیحییەکان دەیانتوانی ببنە فراماسۆن و بۆ غەیری ئەوان نەبوو، بچنە ئەو تەشکیلاتەوە و تەنیا ئەو کەسانەش کە کاری ساختومانیان دەزانی مافیان هەبوو ببنە فراماسۆن. چونکە ئەساس و کاری ئەوان ئەوەبوو کە یەکەم میعماری گەورەی دونیا، خودایەویەکێکیش لە مەرجەکانی چوون بۆ نێو ئەو مەکتەبە ئیمان بەزاتی خودا بوو کە ئەم مەرحەلەیە زیاتر دەگەڕێتەوە سەر فراماسۆنێری عەمەلی ( operative masonry).

چوونکە بە پێی یاسای بنەرەتی کە لە ساڵی ١٧٣٣ز چاپ کرا، کەسێك کە فراماسۆنە یان دەێهەوێ ببێتە ئەندامی ئەو تەشکیلاتە، دەبێ خاوەنی ئەم تایبەتمەندیانە بێت !.

١ـ تەمەنی لە ٢١ساڵ کەمتر نەبێ.

٢ـ هیچ جۆرە نەخۆشی‌یەکی جیسمی‌و رەوانی نەبێ.

٣ـ دوو کەس لە ئەندامانی فراماسۆن بی‌ناسێنن‌و پشتگیری بکەن.

٤ـ خاوەنی رەفتارو ئەخلاقێکی دروست‌وحیسابی بێ.

٥ـ هەر قسەیەك کە بۆنی کوفری لێ بێ دوری لێ بکا.

٦ـ پابەند بە یاساو حاکمیەتی ئەو وڵاتە بێ کە ژیانی لێ دەکاو ڕێزی بۆ دانێ.

٧ـ هەر جۆرە نا ئارامی‌یەك کە نەزم‌ودیسیپلینی کۆمەڵگا بشێوێنێ دووری لێ بکا.

بەڵام بە پێی پەسندکراوی یاسای بنەرەتی نوێ، نە تەنیا مەسیحی بوون،شەرتی قەبووڵ بوون‌و وەرگرتنی نیە بەڵکوو پەیرەوانی هەموو مەزهەبەکانی‌تریش دەتوانن بچنە نێو ئەو تەشکیلاتەو لە کاتی وەرگرتنی دا بە فراماسۆن، هەر کەسە بە کتێبی پیرۆزی خۆی سوێند دەدەن کە نهێنی‌یەکانی نێو خۆیان نەدرکێنێ‌و نەباتە دەرەوەو هەر کارێکیان پێ سپارد بێ ئەملاولا ئەنجامی بدات.

دوایە هەر بە پێی ئەو پەسندکراوە نوێیە، وەکوو پێشوو نەمابوو، کە تەنیا ئەو کەسانە، کە کاری بەننایی‌یان دەزانی بچنە نێو ئەو تەشکیلاتەوە بەلکوو غەیرە کرێکارو بەنناکانیش دەیانتوانی ببنە فراماسۆن بەڵام بە زاتی خوداو باوەر بە بوونی لە یاسای نوێش دا وەکوو مێعماری گەورەی دونیا یاد کراوەتەوەو یەکێکە لە ئووسوولەکانی کە فراماسۆن دەبێ پابەندی بێت. ئەم مەرحەلەیەش دەگەرێتەوە سەر فراماسۆنی نەزەری (speculative)کە غەیرە مەسیحی‌یەکان‌و ئەو کەسانەش کە شاغڵی ساختومانی نین دەگرێتەوە، ئەمەش لە مێژووی فراماسۆنەریدا پێشوە چوونێکی نوێ بوو.

کەسێك کە بیهەوێ ببێتە فراماسۆن هەر وەکوو پێشتر ئاماژەی پێکرا دەبێ لە لە لایەن دوو فراماسۆنەوە ناسێندرابێ‌و ئینجا لە سەرەتا دا وەکوو قوتابی‌یەك وەری دەگرن‌و هێندێك ئووسووڵ هەیە کە دەبێ ئەنجامیان بدا. بۆ وێنە لە پێش دا هەموو کەل و پەلەکانی لێ وەردەگرن و تەنیا جلەکانی ژێرەوە نەبێ، ئەوانی دیکەی

لەبەر دانایەڵن و چاوی دەبەستن تا نەزانیٚ بۆ کوێ دەبەن‌و دوایە لە چەند دیوەوە، رەی دەکەن تا دەێبەنە خزمەت ئوستادی گەورە (Grand master)، ئەویش هێندێك پرسـیاراتی تایبـەت بـە وەرگرتنـی قوتابی‌یـەکی ماسـۆنی لێ دەپرسێ‌و دوایـە وەردەگیردرێ‌و لە دوایی‌دا، گرنگترین نیشانەی فراماسونێری کە هەر فراماسۆنێك لە هەر پلەو پایە یەکدا بێت، دەبێ بیبەستێ. ئـەویش بـەر هەڵبێنەیـەکی چـەرمی‌یە( پێش بەندaprom )،کەلە مەراسمـە رەسمی‌یـەکانی، هـەر هـەموو دەبـێ بیبیەسـتن. بەرهەڵێینەی زۆر لە فراماسۆنە بە نێـو بانگـەکانی دونیایـە، قیمـەتین‌و لەموزەخانـە دێرینەکاندا ڕاگیراون. بۆ وێنە بەرهەڵبینەی جۆرج‌واشـینگتۆن. یەکـەم سـەرکۆماری ئەمریکایە کە لە لایەن ژەنرال لافاییێت(G. laphite ) کە فەرانسەوی‌و لە پێشـرەوانی شەڕەکانی سەر بە خۆیی ئەمریکا بە دژی بریتانیا بووە ونیشـانەی تایبـەتی کـە لـە لایەن خاتوومادام لافایتی خێزانی‌یەوە بەدەسـت درووومـانی بـۆکراوە، کـە لـە سـاڵی ١٧٨٤زایینـی‌دا پێشکەشـی دەکـاو تـا ئێستاشـی لەگەڵـدا بێـت وەك هـەموو شـتە بەنرخەکان پارێزراوە. پلەکانی فراماسونێری کە هەر لە قوتـابی کـە پلـەی یەکەمـە، ودوایە پلـەی‌دوووە یـاری‌و پلـەی سـێهەم ئوسـتادی‌یە. کـە بـەم سـێ پلەیـە دەڵێن ئـاینی رەمـزی، و ئـەوش دەبـێ بـە پلـەی سـێهەم کـە ئوسـتادی‌یە، شـێوەی کوژرانی(حیرام) میعماری دروست کردنی کۆشـکی حـەزرەتی سـولیمان بـە شـێوەی سـەمبولێك بەرێوەبچـێ، بـە نیشـانەی نەدرکانـدنی رەمـزی فراماسـۆنی‌و پاراسـتنی ئەونهێنی‌یاتانە، لە ناو لۆژەکانیاندا.

حیرامـی میعمارکـە بـە یەکـەم مامۆسـتای گـەوەری فراماسـۆنێری لـە مێـژووی فراماسۆنەکاندا چاوی لێدەکرێ، کە چۆنیەتی کوژرانی بەم شێوەیە تاریف دەکـەن، کەحەزرەتی سولیمان خەریکی دروست کردنی کۆشـکەکەی دەبـێ مێعـاری تایبـەتی بۆ دەگرێ بە نێوی حیرام، گۆایە بۆ دروست کردنی بە وەسـتا وکرێکـارەوە نزیکـەی ٣٠٠ هەزارکەس بوون، بەمێشك سپاردنی ئەو هـەمووە، کـارێکی زۆر دژوار دەبـێ‌و

حیرامی مێعماریش بە شێوەی دەستەیی ڕمزیان بۆ دادەنێو تەنیا بۆ خۆیو حەزرەتی سولیمان ئاگادار بوون ئەویش لە بەر ئەوەی مافی کەس نەفەوتێ.

تاقمێك لە کرێکارەکان کە نزیك ١٥ کەس بوون، بریاردەدەن بە هەر شێوەیەك بێت، رەمزەکە لە حیرام ئاشکرا بکەن تەنانەت ئەگەر بە کوشتنیان تەواو بێ بۆ ئەم کارە لە ناو کۆشکەکە دا بۆسەی بۆدادەنێن کە ١٢ کەسیان پەشیمان دەبنەوە و تەنیا ٣ کەس لە سەر بەڵێنی خۆیان دەمێننەوە، ئەو ٣ کەسە لە سێ لاوە، کە هەر لایەی کەسێکی لێ بێ خۆ حەشار دەدەن و حیرامیش کە جێگای چوون و هاتنی بووە ، بە یەکەم کەس دەگا و داوای لێ دەکرێ کە رەمزەکەی پێ بڵێ و ئەویش هیچ نادرکێنێ، لێی دەداو بە دوومی دەگاو ئەویش بە هەمان شێوە تا کەسی سێهەم، دیسانیش هیچیان وەگیر ناکەوێو دەشیکووژن بەڵام رەمزەکە نادرکێنێ، گۆیا حەزرەتی سولیمان دوایە بۆ خۆی کۆشکەکە تەواو دەکا، چوونکە تەنیا حیرامی مێعمار و حەزرەتی سولیمان لە رەمزەکە ئاگادار بوون.

هەر فراماسۆنێك لە ئایینی رەمزیدا، بۆ پلەی ئوستادی دەبێ ئەو شێوە کوژرانە بەرێوەبەرێ و بە شێوەی سەمبولێك بەو شێوە بیکوژن، بە نیشانەی ئەوە کە حازرن گیانیان لە دەست بچێ بەڵام حازر بە درکاندنی هیچ جۆرە نهێنی یەك نین !

لە مێژوی فراماسۆنە کاندا چۆنیەتی حیرامی مێعمار بەو شێوە هاتووە و باوەڕی تەواویشیان پێیەتی و مەرجی بنەرەتیشیانە بەڵام لە سەرچاوە غەیرە ماسۆنییەکان نە بەم شێوە هاتووە و نە جێگای باوەریشیانە.

بە باوەڕو بۆچوونی مێژوونووسانی فراماسونێری کاری دروست کردنی دونیا دەگەرێتەوە بۆ، ٤ هەزار ساڵ پێش لە دایك بوونی حەزرەتی مەسیح، واتەسەرهەڵدانی مەکتەبی فراماسۆنێری دەگەرێتەوە بۆ ٤ هەزار ساڵ پێش لە دایك بوونی حەزرەتیمەسیح کە تا ئێستا نزیکەی ٧/٥ میلیون فراماسۆن لە ١٢٥ وڵاتی دنیادا هەن کە بە هاتنی سەدەی ٢١ جێژنێکی گەورەیان گرت و بە باوەڕی ئەوان ساڵی ٢٠٠٠ زایینی ساڵی دەست پێکردنی هەزارەی سێهەم نیە بەڵکوو ساڵی

دەست پێکردنی هەزارەی حەوتەمە هەر بۆیە ساڵی ۲۰۰۰یان ناو نا ساڵی ڕووناکی(gh+ نا the yeuar of)

بڕینی پلەکان لە یاسای فراماسونێری دا زۆرن، هەر کەسێك بیهەوێ، بە بەرزترین پلە (درجە) بگات، دەبێ تا پلەی ۳۳، ببڕێ کە بە بەرزترین و بەرزترین پلە لە فراماسۆنێری دایە یانی لە نێوان ۷/۵ میلیون فرامانسۆن تا ساڵی ۲۰۰۰ی زایینی لە دونیادا رەنگە ژمارەی ئەو کەسانەی تا پلەی کۆتایی گەیشتبن لە ۷۰هەزار کەس تێپەر نەکات، کە ئەم ئایینە لە کۆنەوە هاتووە و پەسندکراوی قانوونیشە، کە پێی دەڵێن: ئایینی ئیسکاتی.

لێرە دایە کە فراماسۆنەکانیش هاتوون و بەپێی ئەوە کە زۆر کەس نەتوانن بە دوا پلە بگەن بەگشتی مەکتەبی فراماسۆنێری یان دابەش کردووەتە سەر ۳ئایین، کە بە شێوەی خوارەوەیە !.

١– ئایینی رەمزی: لە ۳پلە دا کۆتایی پێ دێت و زۆر کەس ئەو پلە تێ پەڕ دەکەن کە پێشتر ئاماژەی پێکرا ( پلەی ١ـ قووتابی، پلە٢ـ یاری ، پلە٣ـ ئوستادی).

٢ـ ئایینی یورك york لە پلەی یەکەم ڕا تا دەگاتە پلە١٠کە بەرزترین پلەیە لەم ئایینەدا .

٣ـ ئایینی ئیسکاتی: لە کۆنەوە ڕاهاتووە و تا پلەی ۳۳یە کە بەرزترین پلەیەو کەم کەس هەن تا ئەو پلەیە گەیشتبن، یا وازیان هێناوە یان توانای تێ پەڕکردنیان نەبووە.( ئایینی ئیسکاتی، ئایینی ئیسکاتلەندیشی پێ دەڵێن).

لە هەموو ڕێوڕەسمو جێژن و بۆنەیەکی تایبەتییان پێ دانی پلە بە ماسۆنەکان کە کۆدەبنەوە، وەکوو ئەسڵێك لە لایەن مامۆستای گەورەوە دەبێ ئەم ئامۆژگاریانەیان بۆ دووپات کەنەوە، نەك هەر باس کردن، بەڵکوو ئەساس و باوەری هەر فراماسۆنێك، دەبێ ئیمانی تەواوی هەبێ لە هەمان کاتدا بەرێوەشیان بەرن، کە بریتین لە:

١. حەمد و سەنای خوا، کە وەك مێعماری گەورە یاد و سپاسی دەکەنەوە.

٢.	دووركەوتنەوە لە خۆ بە زل زانی و چاکە کردن لە گەڵ خەڵکی.

٣.	دوور کەوتنەوە لە گوناە کردن، ئەوەی بۆ خۆت ناوێ بۆ کەسیشت نەوێ.

٤.	رێزدانان بۆ دایك و باوك و کەسانی لە خۆت گەورەتر.

٥.	پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و باش پەروەردەکردنی منداڵەکانت .

٦.	نیشتمان پەروەری و رێزلێنان لە یاسا .

٧.	زاڵ بوون بە سەر هەوا و هەوەس دا.

٨.	دەست گرتن و یارمەتی بە لێقەوماوان، ئەوین و خۆشەویستی نیسبەت بە هاورەگەزو تیرەت.

٩.	کارکردن وهەوڵدان، دووركەوتنەوە لە تەمبەڵی و بێکاری و تەوەزەلی.

١٠.	رازداری و ئەمانەت داری، پابەند بوون بە قەول و بەڵێنی خۆت.

١١.	دووركەوتنەوە لە توونـد و تیـژی، هاوکـاری مـاددی و مەعنـەویی زیـاتر بـە دەورووبەرت .

١٢.	لەبەر چاو گرتنی دادپەروەری لە پێوەندیيە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا.

هەروەك چۆن بۆ دروست بوونی خانووبەرەیەك دەبێ وەستاکارو چەندین کرێکـار بە یەکەوە هاوکاری بکەن تا تەواو بوونی بینایەکە، بە بـڕوای فراماسـۆنەکانیش کـە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە کۆمەڵێك وەسـتاکار بوونـە جەوهـەری دامـەزرانیو بناغەو فەلسەفەی ئەوانیش لەو کارو بیرۆکەیە دا، هەر هاوکاری کردن و لە یەك نزیك خستنەوەی ئینسانەکان و لابردنی ئەو سنوورە دەستکردانەیە کە لە ئاکـامی شـەڕو پێکداداندا دروسـت کـراون و دەڵـێن، دەبـێ هـەر فراماسـۆنێك خـۆی بـە هاوشـاریی هەموو دنیا بزانێ و لەهـەر نەتـەوە و رەگـەزێك و هـەر وڵاتێـك بـێ خـۆی بـە بیگانـە حیساب نەکاو، پەرە بە تەشکیلاتەکەیان بـدەن و هاوکـاری یـەکتری بکـەن لـە هـەر جێگایەکی دنیا دابێ. لەوەش گرینگتر ئەوەیە تەشکیلاتەکەیان لـە یـەك مەزهـەب و بیرو بۆچوونێکی تەسکی دیـاری کـراودا نـەبێ و تێکـەڵاوێك لـە هـەموو بـیرو بـاوەڕە مەزهەبی‌یەکانی دنیا بێت و هیچ فراماسۆنێك بـۆی نیـە بیروبـاوەڕی کـەس پووچـەڵ

کاتەوەو بێ حوورمەتی پێ بکا، هەربۆیە بە چوونی کەسێك بۆ نێویان و دوای وەرگرتنی دەبێ بە کتێبە ئایینیەکەی سوێند بخوا، کە بە دوور بێ لە هەر جۆرە خەیانەت کردنێك بەو مەکتەبەیان.

## * رۆڵی فراماسۆنێری لە دیاریکردنی سیاسەتی وڵاتان دا *

هەر وەك کە پێشتر ئاماژەی پێ کر ا، ئەم مەکتەبە لە ١٢٥ وڵاتی دونیادا کار وچالاکی خۆیان دەست پێ کردووە ، کە لە هێندێك وڵاتدا چالاکی‌یان زیاترە بۆ وێنە سەرنجی چەند وڵات دەدەین! ؟

فراماسۆنێری لە ئەمریکا لە ساڵی ١٧٢٠ی زایینی بە دانانی "دانیل کۆکس" وەکوو یەکەم مامۆستای گەورە لە ئەیالاتەکانی نیۆیۆرك ، نیوجێرسی وپێنسیلوانیا، چالاکی خۆیان دەست پێ کرد بەڵام بە بۆچوونی فراماسۆنەکانی ئامریکایی، فراماسۆنێری لەو وڵاتەدا، لەو کاتەوە کە بنیامین فرانکلین ، لە ساڵی ١٧٣١ی ز، بوو بە ئەندامی تەشکیلاتەکەیان و یەکەم یاسای ئەساسی فراماسۆنێری ئەمریکاشی نووسی ، و بووە هۆی پەرەپێدانی لە ئامریکادا، مێژوەکەی دەست پێ دەکا ، کە دواتر ئاڵای سەربە خۆیی ئەو وڵاتەشی هەڵکرد.

بە بۆچوونی فراماسۆنەکانیش ، لەو رێکەوتەوە کە ئیتر بە شێوەی رەسمی فراماسۆنێری خۆی لە گەڵ سیاسەتی دەوڵەتانیش تێوەگلاند، وڵاتی ئەمریکا لە نێو ئەو ولاتانەدا کە فراماسۆنێری تێیدا دەستی بەکار کردووە یەکەمین وڵاتە کە ئەم مەکتەبە لەوێدا زیاتر پەرەی گرتووە و دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەش زیاتر لە کەسانی دیکە بوونە هۆی پەرەپێدانی: جۆرج واشینگتۆن یەکەم سەرکۆماری ئەمریکا کە لە رۆژی ٣٠ی ئاوریلی ١٧٨٩ی‌ز بەفەرمی دەستی بە کار کرد، جیاواز لەوە کە لە رێورەسمی دروست کردنی ساختومانی کۆنگرەی ئەمریکا لە واشینگتۆن، یەکەم بەردی بناغەی بە پێش بەندی فراماسۆنی‌یەوە دانا، بەشدار بوو، دوو وەزیری

سەرەكی كابینەكەی خۆی واتە وەزیرەكانی دەرەوەو خەزانەداری دایە دەست "توماس جفرسون"و "الكساندرهامیلتۆن"كە هەر دووكیان فراماسۆن بوون.

نە تەنیا ئەوان بەڵكوو زۆر لە سەر كۆمار و دەسەڵاتدارەكانی دوای ئەوانیش فراماسۆن بوون و بە بەرزترین پلەی ئەو مەكتەبە گەیشتوون و لە كێبەركێی دەسەڵاتدا بە زۆرینەی دەنگ یان بە هەوڵ و هیمەتی فراماسۆنەكان سەركەوتنیان بە دەست هێناوە .

قارەمانی بەناوبانگی سەر بەخۆیی وڵاتی ئیتالیا لە ساڵی ١٨٧٣ی ز، گاریبالدی ، تەشكیلاتی فرامانسۆنێری دامەزراند و تەنانەت پێش مردنیشی لە ساڵی ١٨٨٢ی ز بە پلەی ٣٣ی فرامانسۆنەری گەیشت.

تالین یەكێك لە رێبەرانی شۆرشی گەورەی فرانسە لە گەڵ ((پۆل باراس )) كە دواتر ناپلئون بناپارتیشیان دەگەڵ كەوت، هەر سێكیان فراماسۆن بوون كە بە راگەیاندنی حكومەتی ئیمپراتوری لە ساڵی ١٨٠٤ی ز، بە دەستی ناپلئۆن كۆتایی بە شۆرشی فەرانسەی هێنا.

شۆڕشی كرێكاری لە روسیە، لە رۆژی یەكشەممۆ ٢٢ی ژانویەی ١٩٠٥ی ز، كە بە یەكشەممەی خوێناوی بەناوبانگە، ئەوەڵین هەنگاوەكانی بە رێبەری قەشەیەكی مەسیحی بە ناوی "گاپۆن" دەستی پێكرد كە فراماسۆن بوو لە لایەن فراماسۆنێكی دیكەوە بە ناوی "كۆنت سرگە ئێویتە" لە ناوچوو، بەڵام خاڵێكی وەرچەخانی خستە دنیاوە.

ئێستا دەتوانین بڵێین فراماسۆنێری بەشێكی جیانەكراوەیە لە سیاسەت، چوونكە نە تەنیا زۆرینەی خاوەن دەسەڵاتەكانی دونیا، ئەندامی ئەو تەشكیلاتەن و هاندەریئەسڵی و ئەساسی بوون لە ئاڵو گۆری وڵات دا ، ئێستاشی لە گەڵدابێت، دۆلار نە تەنیا دراوی ئەمریكا بەڵكوو یەكێك لە دراوە سەرەكییەكانی بازاری جیهانییە، بۆ وێنە لە ١ دۆلاریدا، لایەكی وێنەی جۆرج واشینگتۆن و لایەكی تر هێمای تەشكیلاتی فرامانسۆنێری لە سەر چاپ كراوە. ئەویش دەگەڕێتەوە سەر

گرینگی و تایبەتمەندی ئەو تەشکیلاتە و شوێن دانانی لە سەر ئاڵووگۆڕەکانی جیهان و ئەو کاریگەرییەی لە سەر سیاسەتی دەوڵی هەیەتی!

"بۆزانیاری زیاتر با سەرنج بدەینە هێندێك لە کەسایەتییە، ناودارەکانی دونیا"!!

نووسەری گەورەی روس کە بەگەورەترین نووسەری دونیاش ناسێندراوە "لئون تولستوی " کە خاوەنی کتێبی ئەدەبی " شەرو ئاشتی" و چەند بەرهەمی دیکەیە، فراماسۆن بووە. هەروەها ئیسماعیل پاشا، دەسەڵاتداری وڵاتی میسر لە ساڵی ١٨٧٩ـ١٨٦٣ کە باشترین دەورانی مێژووی میسر بووە، مامۆستای گەورەی لۆژەکانی فرامانسۆنێری ئەو وڵاتە بووە.

فردریك ئۆگۆست " بارتولدی "، پەیکەرسازی بە ناوبانگی فرانسەوی ( ١٩٠٤ـ ١٨٣٤) کە پەیکەری گەورەی ئازادی ئەمریکای لە ساڵی ١٨٨٦ز دروست کرد، فراماسۆن بوو.

" ئیدۆاردی هەشتەم " شای ئینگلیستان، لە بەر بوونی پێوەندی خۆشەویستی لە گەڵ ژنێکی ئەمریکایی بە نێوی سیمپسون (simpson)دەستی لە پاشایەتی هەڵگرت، نە تەنیا فراماسۆن، بەڵکوو مامۆستای گەورەی لۆژەکانی ئینگلیستان بوو.

"جیمز بیوکانێن" پانزدەهەمین سەرکۆماری ئەمریکا (١٨٦٨ـ١٧٩١ز ) کە بۆ ماوەی ٥٠ساڵ تێکۆشانی باشی لە پەرەپێدانی فراماسۆنێری لە ئەمریکایەدا گێڕا، یەکەم سەر کۆماری ئەمریکاشە کە ژنی نەهێناو بە ڕەبەنی سەری نایەوە.

سمێون بۆلیوار (١٨٣٠ـ١٧٩١ز ) کە بە جۆرج واشینگتۆنی ئەمریکای لاتین بەنێوبانگە و بۆلیوی بە ئیفتخاری نێوی ئەو کراوە، فراماسۆن بووە.

"ریچارد بێرد" ( ١٨٨٨ـــ ١٩٥٧ ز) دۆزەرەوەی جەمسەری باشوور ( قوتبیجنوب) فراماسۆن و نیشانەی فراماسۆنێری لەوێ هەڵداوە، کە بە ئەوەڵین

فرۆکەوانێك دەژمێردرێ کە بە سەرجەمسەری باکوور ( قوتبیشمال )، لە سالی (١٩٢٦ ن) دا دەوری لێدا.

" هاری ترومن " ( ١٩٧٢- ١٨٨٤ ن) سیودووەمین سەر کۆماری ئەمریکا کە لە ماوەی ٨سالْ سەرۆکایەتیدا، چەندین رووداوی مێژوویی روویانداوە، بۆ نمونە هاویشتنی بۆمبی ئەتۆمی بەسەر دوو شاری ژاپۆن، هیرۆشیما و ناکازاکی، هەر وەها سەرهەلْدانی شەری ساردیش لە زەمانی ئەودا دەستی پێ کرد بوو، فراماسۆن بە بەرزترین پلەی ئوستادی گەیشت (درجە ٤٣).

"توماس جفرسۆن" ( ١٨٢٦ ـ ١٧٤٣ن) : سێهەمین سەر کۆماری ئەمریکا کە بۆ ماوەی ٨سالْ ( ٢ دەورە ) لە دەسەلاْت دابوو، دوایە دەستی دایە دروست کردنی زانکۆی ویرجینیا و تا کاتی مردنی سەرپەرشتی ئەو زانکۆیەی گرتە ئەستۆ، فراماسۆن بووە.

"ئێدوین درایك " (١٨٨٠–١٨١٩ز )، لە سالی ١٨٥٩ی زایینی دەستی بە هەلْکەندنی ئەوەلێن چالی نەوت لە ئەمریکا کرد و دوای ٦مانگ (٢٧ی ئورت١٨٥٩ ن) بە نەوت گەیشت کە ئوستادی گەورەی لۆژی فراماسۆنێری پنسیلوانیا بووە.

"تیئۆدۆر رۆزوێلت ( ١٩١٩- ١٨٥٨ن)، بیستوشەشەمین سەر کۆماری ئامریکا لە دوو دەورەی سەرۆکایەتیدا ئیعلامی سەر بەخۆیی کوبا ، کاری هەلْکەندنی کانالی پاناما ، ناوبژیوانی لە نێوان دوو ولاْتی روسیە و ژاپۆن و کۆتایی هێنان بە شەری دوور و درێژی ئەوان، کە یەکەم خەلاْتی ئاشتی نۆبێلی لە سالی ١٩٠٤ی زایینی دا وەرگرت، ئەندامی تەشکیلاتی فراماسۆنێری ئامریکا بوو.

" فرانکلین دلانۆرۆزولت " ( ١٩٤٥ــ ١٨٨٢ن)، سیودووهەمین سەرکۆماری ئامریکا و ئەوەلێن سەرکۆماریشە کە بۆ ٤دەورە کاندید بێتەوە ولە سالی ١٩٢١ی زایینی بە هۆی تووش بوون بە نەخۆشی ئیفلیج ببوو، لە سالی ١٩١١وە بوو بە ئەندامی تەشکیلاتی فراماسۆنێری ئامریکا.

" رۆناڵد رێگان "، چلەمین سەرکۆماری ئامریکا لە ساڵی ١٩٦٠ی زایینـی بـوو بـە ئەندامی تەشکیلاتی فراماسۆنێری و سەرکەوتنی خۆی، مەدیونی پشـتیوانی کردنـی فراماسۆنەکان دەزانێ .

"ئاندرە سیترۆئێن( ١٩٣٥ـ ١٨٧٨)، ئەوەلین کارخانەی ماشین سازی لـە فرانسـە دروست کرد ویەکێك لە تێکۆشەرانی تەشکیلاتی فراماسۆنێری فەرانسەیە.

ئێستا با بزانین ژنان چ رۆڵێکیان لە مەکتەبی فراماسۆنێری دا گێراوە ! ؟

بێ گومان لە مەکتەبێکی ئاوەها پـان و بـەرین دا، کـە مێژووەکـەی بـۆ زۆر کـۆن دەگەڕێتەوە و لە ئاڵوو گۆڕەکانی وڵاتان بە گشتی، هۆی سەرەکیو گرینگی گێڕاوە، ژنانیش دەوری خۆیان تێدا بینیوە ،هەرچەند کە ژنان ئێستاشی لە گەڵدابێت لە زۆر وڵاتاندا مافیان پێشێل کراوە، لە سەرەتای سەر هەڵدانی مەکتـەبی فراماسـۆنێری دا و بەپێی قانوونی ئەساسی دوکتۆر ئاندرسۆن، چەند توێژ لە کۆمەڵانی خەڵك وەکوو: دیل و کۆیلەکان، ئەو کەسـانەی کـە لـە بـواری ئـەخلاقی و کۆمەڵایـەتی دا سـووکن، کەسانێك مەحکوومیەتی یاسایییان هەیە و لە سەر هەمووانیشەوە ژنان نەك کە هەر نەیاندەتوانێ ببنە فراماسۆن بەڵکوو مافی بەشدار بوونیشیان نەبوو، بەڵام بـە هـۆی زیرەکی و لێهاتوویی خۆیان و ئاڵووگۆڕەکانی دونیا، ئەو دەرفەتە بـۆ ژنـان رەخسـا کە بزانن بناغەو نێوەرۆکی فراماسۆنێری چیە؟ ئایا ! بـۆ ئـەوە دەبـێ کـە ئـەوانیش وەکوو پیاوان تەشکیلاتی ئەوتۆیان هـەبێ و لـەو ئاڵوگۆڕانـەی دەورووبـەری خۆیـان ئەرکی باش بگێڕن ! ؟

بەڵام نابـێ ئـەوەش لـە بـیر کـەین، کـە یـەکێك لـە مادەکـانی قـانوونی ئەساسـی فراماسـۆنێری کـە بـە تایبـەت تـەرخان کـراوە بـۆ نەچـوونی ژنـان بـۆ نێـو تەشکیلاتەکەیان، لە لایەك بـێ حوورمەتیـیەکی گـەورە بـوو بـە ژنـان و لـە لایـەکی ترەوە بە هۆی نهێنی تەشکیلاتەکەیان تەنیا فراماسۆنەکان لەو خاڵە ئاگادار بوون و لەوان بەدەر کەس نەیدەزانی، هەر بۆیە کەم کەس لەو نهێنییە ئاگادار بوو. ئەمەش

وای کرد نهێنی ئەو مەکتەبە لە لایەن ئەو ژنانەی کە پیاوەکانیان فراماسۆن و دەسەڵاتداری یەکەمی وڵاتیش بوون( ژنانی دەربار )، دەرگایان بۆ ئاوەڵا بکرێ و بوون و توانایی خۆیان رابگەیەنن.

بۆ وێنە یەکەم لۆژی فراماسۆنێری ژنانە لە دونیادا بە شێوەی خوارەوە پێك هات !

بە هۆی هێرشی کرامۆیل ، دژی پاشای ئینگلیستان، چارلزی ئەوەل لە ساڵی ١٦٥٢ی زایینی و سەر کەوتنی کرامۆیل و لە داردانی چارلز" هنریت دوفرانس "ی خێزانی هەڵدێ بۆ فەرانسە و پەنا بۆ( لویی چواردەهەم) پاشای ئەو کاتەی فەرانسە دەبا و هەروابێ دەنگ نابێ و بە رەزامەندیی لویی ، بە دژی حاکمیەتی کرامۆیل و بردنەوەی کورەکەی بۆ پاشایەتی ئینگلیستان دەستی دایە کار و تێکۆشانی سیاسی کە سەرکەوتنیشی بە دەست هێنا .

"هنریت دوفرانس" سەرەتا بە یارمەتی و کەڵك وەرگرتن لە لۆژەکانی فراماسۆنی ئینگلیستان ، لۆژێکی فراماسۆنی ئینگلیسی ـ فەرانسەوی دروست کرد و لە پەنا ئەو لۆژەدا، دەستی بە تێکۆشانی سیاسی کرد و ئەوانی بە دژی حکومەتی کرامۆیل هان دا ، بۆ چەسپاندنیو ئاکامی زیاتر بووە پێوەندی لە نێوان تەشکیلاتی فراماسۆنی ئینگلیستان و فەرانسە وئینجا لۆژێکی فراماسۆنی لە ژنانی دەربار دروست کرد کە بە یەکەمین لۆژی فراماسۆنێری ژنان لە دونیادا دادەندرێ.

لەوەدوا رۆژ لە دوای رۆژ پەرەی گرت تاکوو لە ساڵی ١٧٧٥ی زایینی لۆژەکانی ژنانی فرانسە یەکیان گرت و لۆژێکی گەورەیان دروست کردو خاتوو "دوشس دوبوربون"بە رێورەسمێکی تایبەت وەك مامۆستای گەورەی ژن هەڵبژێردرا.

هەرچەند لۆژەکانی فراماسۆنێری ژنان لە لایەن تەشکیلاتی فراماسۆنێری جیهانییەوە بە رەسمی نەدەناسران و زۆرتر حاڵەتی سەرقاڵیو رۆژگار بردنە سەربوون، بەڵام ژنان هەر وازیان نەهێناو بۆ زیاتر بەرەسمی ناسینی لۆژەکانیان، لە تەشکیلاتی فراماسۆنێری پیاواندا رۆڵی گرینگیان دەگێڕا، بۆ وێنە ژنێکی

فەڕانسەوی بە نێوی خاتوو لوئیزرنەدوکروال (louis renec dekrouale) کە لە کـاتی لاویدا جوانترین ئافرەت و ئەویندارى لویی چواردەهەم پاشای فەرانسەو یـەکێك لـەو ژنانەش بووەکە لە پەرەپێدانی فراماسۆنی ژنان ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە، بەم بۆنـەوە بە سەفەر دەچێتە لەندەن و لەوێش دڵی، چارلزی دووەم پاشای نـوێی ئینگلیسـتان ( ئـەویش بـە کـارو چـالاکی دایکـی و یارمـەتی فراماسـۆنەکان بـووە بـە جێنشـینی باوکی)، وەکوو لـویی چـواردەهەم وەدەسـت دێنـێ لـەو ڕێگایـەوە زیـاتر لێـی نزیـك دەبێتەوە کـە نێوبـانگی خـاتوو (دۆشـس اف پرتسـموت duches of protmouth)ی پـێدرا. لـە مـاوەی مانـەوەی لـە لەنـدەن تـوانی لـە گـەڵ ئوسـتادی گـەورەی فراماسـۆنەکانی ئینگلیسـتان کـە هاتووچـۆو نزیکایـەتی لـە گـەڵ دەربـار هـەبوو، دۆستایەتی پەیدا بکات و هەر لە گەڵ ئەویش بگەڕێتەوە پاریس کە لەوەدوا چەندین لۆژی فراماسۆنی ژنان بە سەرپەرشتی و لە ژێرچاوەدێری خاتوو لوئیزرنە لە پـاریس دامەزران و لە لایەن تەشکیلاتی فراماسۆنی لەندەنەوە بەرەسمی‌یان ناسین.

لـە مێـژووی فراماسـۆنێری فەرانسـەدا، بـە دوای خـاتوو لوئیزرنـە، نابـێ ڕۆڵ و چـالاکی خـاتوو مـادام لافایـت خێزانـی مـارکی دولافایـت، سـەرداری بـەنێوبانگی فەرانسەوی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد و خاتوو ژۆزفـین خێزانـی نـاپلئون بناپـارت لەیادکەین! ؟

خاتوو لافایت ساڵەکانی پێش شۆڕشـی گـەورەی فەڕانسـە یـەکێك لـە کـارگێڕانی لۆژەکـانی فراماسـۆنێری لـە فەرانسـە بـووە و بـەدوای شـۆڕش دا و لـە دەورانـی حکومەتی ناپلئون لە دامەزراندنی لۆژەکانی فراماسۆنی ژنانە ئەرکی زۆر گرینگی بـە ئەستۆوە بوو و تەنانەت لە ئیدارەکردن و ڕێکخستنی لۆژەکـانی فراماسـۆنی پیـاوان هاوکـاری پیاوەکـەی کـردووە. هـەروەها خـاتوو ژۆزفـین، پـێش ئاشـنا بـوون و زەماوەندکردن لە گەڵ ناپلئون، ئەویندارى" پـۆل بـاراس" دەبـێ، کـە پـۆل بـاراس هاوکات لە گەڵ شۆڕشی گەورەی فەرانسە دەبێتە فراماسۆن و پـێش بـە دەسـتەوە

گرتنی دەسەڵات لە لایەن ناپلیۆنەوە، باراس یەکەم دەسەڵاتداری فەڕانسە دەبێ و بە پاشای کۆماریش نێوبانگ دەر دەکا.

واتە خاتوو ژۆزفین ئۆگری زۆر و تایبەتی بە فراماسۆنێری و فراماسۆنەکان هەبوو و زۆر لە لۆژەکانی فراماسۆنێری ژنانە بە پاڵپشتی ئەوگەشەیان کردو دواتر ئوستادی گەورەی (grand mather)یەکێك لە بەنێو بانگترین لۆژەکانی فراماسۆنێری ژنانەی فەرانسە بە نێوی ((سنت کارۆلین)) ی گرتە ئەستۆ.

بەنێو بانگترین ژنێك کە بە شێوەی رەسمی چووە نێو تەشکیلاتی فراماسۆنێری و لە مێژووی فراماسۆنێری جیهانیدا، نێوی هاتووە، خاتوو ((الیزابت الدروس)) (Elisabeth aldworth)کە تەنانەت بەرهەڵبێنە ماسۆنییەکەشی لەوانەیە کە لە مۆزەخانەی ئیرلەندا هەڵگیراوە و بەنرخیشە، ئەم خاتوونە کچی ((ویس کۆنت دۆنرایل vis coant doneraile))ە کە باوکی یەکێك لە کۆنترین فراماسۆنەکانی ئیرلەند بووە، رۆژێك لە کتێبخانەی باوکی لە کاتی خوێندنەوەی کتێب دا، خەو دەیباتەوە کە بە هەراوهوریایەکی زۆر لە خەوەکە رادەچڵەکێ و ئەویش بە زیرەکی، شوێن دەنگەکە دەگرێ. کە دەبینێ پشت پەرتۆك خانەی باوکی ساڵۆنێکی گەورەیە و ئەو دەنگە لەوێ ڕادێ، باوکیشی پێشتر لەو تەشکیلاتەی کە لە ماڵەکەی خۆی دا دروستی کردبوو، هیچ شتێکی لە گەڵ باس ناکا، ئەمەش زیاتر کچەکەی هان دەدا لەو کارە نهێنییەی باوکی کە هەموو رۆژێ دوای نان خواردنی نیوەرۆیە ون دەبێ، بکۆڵێتەوە و ئاگادار بێ. بەڵام بە دەنگی لاقەکانی فراماسۆنەکان هەست دەکەن کە کەسێك خۆی لەوان گرتبێ کە دەرگا دەکەنەوە و چاولێ دەکەن، دەبینن کچی ویس کۆنت دونرایلە، دەست بە جێ دەیگرن و دەیبەنە خزمەت ئوستادی گەورە، و لەوێ دان بە هەڵەکانی دادەنێ و حازر بۆ هەر جۆرە سزایەك دەبێ کە بۆی دیاری بکەن تەنانەت باوکیشی لە خزمەت ئوستادی گەورە دا دەڵێ: سزای تاوانەکەی هەرچییەك بێت حازرم بۆ بەڕێوبردنی، خاتوو ئەلیزابیتیش، سۆیندیان بۆ دەخوا، تا کاتی مردن هیچ شتێك باس نەکا و نهێنی تەشکیلاتەکەیان نەدرکێنی

هەر چەند کارێکی لەو جۆرە ئەویش بۆ ئاشکرا بوونی وەها تەشکیلاتێك لەو کاتـەدا سزایەکی قورسی هەبوو، واتە لە مێژووی فراماسۆنێری‌دا، ئەمە یەکـەم کـارو یەکـەم کەسیشە کە ئاوەهـا بـە شـێوەی نهێنـی لـە تەشـکیلاتی فراماسـۆنێری بکۆڵێتـەوە، هەروا بە ئاسانی وێلی بکەن بـەڵام بـە خـاتری بـاوکی نـە تـەنیا فراماسـۆن، بـەڵکوو ئەندامی کـۆنی ئـەو لـۆژەش بـوو بەخشـی‌یان کـە دواتـر تـا کۆتاییـیـەکانی تەمـەنی (١٧٧٣)ز، بوو بە یەکێك لە تێکۆشەرترین ئەندامانی فراماسۆنێری ئیرلەند و وەفادار مایەوە کە دواتر بەرزترین پلەی فراماسۆنێری تێپەڕ کردو ئۆستادی گەورەی یـەکێك لـە لـۆژە بـە نێـو بانگـەکانی ئیرلەنـدی بـە ئەسـتۆوەگرتو تەنانـەت سەرنووسـەری بڵاوکراوەیەکی فراماسۆنیشی گرتە ئەستۆ.

– لە سەرەتای دروست بوونی تەشکیلاتی فراماسـۆنێری ژنانـەوە، بـەرێوەبردنی ڕێورەسمـــەکان و شـــێوەی وەرگرتنـــی فراماســـۆنی نـــوێ وەکـــوو تەشـــکیلاتی فراماسـۆنێری پیـاوان زۆر دژوار نـەبوو، بـە شـێوەی ئاسـانتر بـەرێوەیان دەبـرد، هەروەها پیاوان حەقیان نەبوو بچنە نێو لۆژی فرماسۆنی ژنانەوەو ژنانیش حـەقیان نەبوو بچنە نێـو لـۆژی فرماسـۆنی پیاوانـەوە، تـاکوو لـە سـاڵی ١٨٩٣ی زایینـی بـۆ ئەوەڵین جار لۆژێکی تێکەڵاو لە ژنانو پیاوانی فرماسۆن سەر بە تەشـکیلاتی گرانـد ئۆریان لە پاریس دروست بوو، کە ئەم تەشکیلاتە نوێیەیان نێو لێنا مـافی مـرۆڤ ( حقوقی بشر Droit Humen )، کە ساڵی ١٩٩٣ز جێژنی ١٠٠ سـاڵەی دامەزرانـدنیان گرت،و بە پێی ئاخرین سـەرژمێری لـە سـاڵی ١٩٩٩ی‌ز دا، ٦٠٠ لـۆژو١٣٠٠٠ ئەنـدامی بووە.

– لۆژەکانی فرماسۆنیری ژنانە، بە پێی ڕەوتی مێژوو بەرەو پێش دەچوو تا وای لێهات، دووەمین تەشکیلاتی تێکەڵاو لە دوو ڕەگـەزی ( ژنوپیـاو)، لـە فەڕانسـە بـە نێوی لۆژی گەورەی تێکەڵاوی جیهانی یان دروست کـرد، کـە لـە سـاڵی ٢٠٠٠ دا، ٣٠ لۆژو ١٠٠٠ ئەندام بووە.

ئەوەڵین لۆژەکانی فراماسۆنێری ژنانە، لە ئۆرووپادا، بە دوای فەڕانسە، لە ئاڵمان و ئینگلیستان دروست بوون .

– لە ئاڵمان، ئەوەڵین تەشکیلاتی ماسۆنی ژنانە، لە ساڵی ١٨٧٠ی زایینی لە ژنانی فراماسۆنەکان دروست بوو کە لە کاتی دەسەڵاتداریو حکومەتی نازیەکان دا لە نێو چوون، بەڵام بە دوای تەواو بوونی شەڕی دووەمی جیهانی بوژانەوەیان بە خۆوە دی، چونکە نازیسمو فاشیسم، سەرسەخترین دوژمنانی فراماسۆنێری بوون .

– لە ئینگلیستان، ئەوەڵین لۆژەکانی ماسۆنی ژنانە لە ساڵی ١٩٠٢ی ز، دا بە نێوی Human Duty، کە لە ئەساسدا لقێك لە تەشکیلاتی فراماسۆنێری مافی مرۆڤی فەرانسە بوو،نێو بانگی دەر کرد.

– یەکێك لەو کەسایەتیە بە نێو بانگانەی فراماسۆنێری ژنانە لە ئینگلیستان، خاتوو" ئانی بسانAnnie-Besant" کەتەشکیلاتی فراماسۆنێری ژنانەی لەم وڵاتەدا، تەرەقی پێدا، یەکێك لەو کەسانەش بوو کە تا پلەی ٣٣ی فراماسۆنێری، کە بەرزترین پلەیە، گەیشت.

– یەکێکی تر لەو کەسایەتیە، بە نێوبانگانەی فراماسۆنێری کە زیاترلە ٢٠سال کار و تێکۆشان لە تەشکیلاتی فراماسۆنێری ژنانە لە ئینگلیستان دا، خاتوو (( امەبوتول گوس Aimec Botwell Gosse))، کە لە ساڵی ١٩٢٥ی زایینی، ئەوەڵین تەشکیلاتی تێکەڵاو (ژن و پیاو)ی، فراماسۆنێری ئینگلیستان بە نێوی سیستمی لە مێژینەی فراماسۆنێری پەسندکرا و بۆ ژنان و پیاوانی The order of Anient)) Free amd Accepted Masonry For men amd Wommen))دروست کرد هەر چەند لە پێش دا لە لایەن لۆژی گەورەی لەندەنەوە بە رەسمی نەدەناسرا، بەڵام بە هەوڵ و هیمەتی خۆیان و بە دروست کردنی شۆڕایەك توانیان پەرە بە تەشکیلاتەکەیان بدەن و تا بەرزترین پلەکانی فراماسۆنێری تێپەڕ بکەن تا وای لێهات بەر لە مردنی خاتوو"امەبوتول گوس" لە ساڵی ١٩٥٤یزایینی دا لە لایەن

یەکیـەتی فراماسـۆنێری نێونەتەوەیی‌یـەوە بـە ئەنـدام وەرگـیردرا (International Mmasonie union).

– تەشکیلاتی فراماسۆنێری ژنانە و هەروەها فراماسۆنێری تێکـەڵاو (ژن وپیـاو)، جیاواز لەو چەند وڵاتـە کـە ئاماژەیـان پـێکرا، زۆر لـە وڵاتـانی ئورووپـایی تـر، ئـەو ڕێکخراوەیان لێ دامەزراوە بۆ وێنە دەتوانین ئیتالیا، ئیسـپانیا، ئـۆتریش، سـوئیس، سوئێد، بلژیك، و هولەند ناوبەرین.

## *فراماسۆنێری ژنانە لە ئامریکادا ! *

تەشکیلاتی فراماسۆنێری ژنانە کە مێژووەکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ١٥٣سـاڵ پـێش ئێستا، بە گەورەترین تەشـکیلاتی فراماسـۆنێری ژنـان لـە دونیـا دێتـە ئـەژمار، کـە ئەوەڵین و گرنگترین تەشکیلاتێك کە ژنانیش دەیـانتوانی بەشـداری بکـەن لـە سـاڵی ١٨٥٠ی زایینی بە نێـوی ئەسـتێرەی ڕۆژهـەلات (The order of the Easteren star) کە زیاتر بە هەوڵ و هیمەتی ئەو ژنانەی کە پیاوەکانیان فراماسۆن بـوون ، دروسـت بـووە کـە ژنـانی خـاوەن کەسـایەتی بـەرز و بـە نێوبـانگ وەکـوو، کـلارا بـارتۆن ClaraBarton ئەندامــەتی ئــەو تەتشــکیلاتەیان قــەبووڵ کــردووە کــە لــە شــەڕە نێوخۆیی‌یەکانی ئەمریکادا، کاری پەرستاری کردووە و لـە سـاڵی ١٨٧٧یزایینـی دا ڕێکخراوێکی خێرخوازی بـە نێـوی کومیتـەی نەتـەوەیی ئامریکـا دروسـت کـرد و لـە سـاڵی ١٨٨١یز، ئـەو ڕێکخـراوەی کـردە ڕێکخـراوی خاچـی سـووری ئامریکـا، کـە سەرۆکایەتی‌یەکەی بە ئەستۆوە گرت.

بـە پـێ ئـاخرین سـەرژمێری،٥ /٢میلیـون ئەنـدامی تەشـکیلاتی فراماسـۆنێری ئەستێرەی ڕۆژهەڵات لە ئەمریکا کەمتر لە٢٠٠هەزار کەس ئەندامی پیـاو پێکـی دێـنن یانی ٩٠لە سەدی لە ژنان پێك هاتوون کە ١٥هەزار لۆژی لە ئەمریکا دا هەیە.

بەڵام جیاوازیەکی گـەورەی تەشـکیلاتی فراماسـۆنێری ئەسـتێرەی ڕۆژهـەڵات لـە ئەمریکادا لە گەڵ تەشکیلاتەکانی تری ژنانە لە وڵاتانی تـردا، ئەوەیـە کـە بـەرزترین

پلەیان تا پلەی پێنجەم تێپەڕدەکەن و دەبنە ئوستادی گەورە بەڵام لە وڵاتانی دیکەی دونیا کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد بەرزترین پلە، ٣٣یە.

جیاوازیەکی تری فراماسۆنەکانی ئامریکا لەگەڵ فراماسۆنەکانی دیکەی دونیادا، ئەوەیە کە فراماسۆنەکانی ئامریکا دەتوانن نیشانە و پلەی فراماسۆنییان بە کەسانی نزیکی خۆیان وەکوودایك، باوك، کوڕو کچ بڵێن کە لە کاتی نەبوونیان دا ، لە هاورێ ماسۆنەکانیان، هەواڵیان بپرسن، ئەویش دەگەڕێتەوە سەر ئەو پێشکەوتنانەی کە فراماسۆنێری لە ئامریکادا لە چاو وڵاتانی دیکە بە خۆیەوە بینیوە، هەر چەند ئێستا بە پێی ئاڵووگۆڕەکانی دونیایە فراماسۆنێری بۆ کەس شاراوە نیە و وەکوو ساڵەکانی سەرەتای دامەزرانیان نەماوە و بە دەیان کتێبی لە سەر چاپ کراوە، نە تەنیا ئەو چەند رێکخراوە کە وەکوو نموونە ئاماژەیان پێکراوە بۆ زیاتر تێگەیشتن، بەڵکوو و بگرە زیاتریش لە هەر وڵاتێکی دونیادا لەو جۆرە تەشکیلاتەیان دامەزراندون و خەریکی تێکۆشانی خۆیانن .

## *فراماسۆنێری لە ئێران *

مەکتەبی فراماسۆنێری کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، چەندین وڵاتمان وەکوو نموونە هێنانەوە، بەڵام هێندییەکان و پارسییەکانی هێندوستان بە رێکخراوە ماسۆنییەکانیان دەگوتن ((فراموشخانە ))، چونکە لە هەرکەسێکت پرسیار کردبا لە وەڵام دا دەیگووت نازانم و هیچم لە بیرنیە کە ئەو زاراوەیە لە ئێرانیش لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩، لە لایەن میرزا ((ملکم خان))ی ئەرمەنییەوە بە تەشکیلاتی شێوەی ماسۆنییەکانی دەگوت و کەوتە سەر زارو زمانان هەرچەند بە پێی مێژوو ئێرانییەکان لە نیوەی سەدەی ١٨ەوە لە گەڵ ئەو رێکخراوە ئاشنایەتییان هەبووە، بەڵام لە زۆر سەرچاوەی فراماسۆنێریدا هاتووە، کە ئەندامەتی راستەوخۆی ئێرانییەکان لەو تشکیلاتەدا، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای

سەدەی ١٩ی زایینی و ئەم چەند کەسەش وەکوو یەکەم کەسانێك کە بوونەتە فراماسۆن، نێوبراون .

١ـ میرزا "محمد صالح شیرازی" ٢ـ میرزا"جعفرخان فراهانی" ٣ـ "عسکرخان ارومی افشار" ٤ـ میرزا "ابوالحسن خان شیرازی " واتە لە نێو ئەو چەند کەسەدا یەکەم ئێرانییەك کە لە فەڕانسە بووە بە فراماسۆن و ئەندامی لۆژی فیلوسوفێکی (لۆژی فەلسەفی)، سەر بە گراند ئۆریان، کەگەورەترین لۆژی تەشکیلاتی فراماسۆنێری لە فەرانسەدا بووە. ئاغای عەسکەرخانی ئورمی ئەفشار لە ڕێکەوتی ١٨٠٨/١٠/٢٤ی زاینی ڕاستەوخۆ پێوەندی پێوەگرتوون و بووەتە ئەندامی لۆژی فەلسەفی لە پاریس.

دوومین ئێرانی لە ئینگلیستان بووە بە فراماسۆن، ئاغای میرزا ئەبولحەسەن خانی شیرازی ناسراو بە (٠ابوالحسن خان ایلچی )) و یەکەم وەزیری کاروباری دەرەوە لە مێژووی ئێران دا، لە ڕێکەوتی ١٤یژوئەن ١٨١٠ی زایینی لە ڕێورەسمی بوونی بە ئەندام جیاواز لە ٣٥کەس لە ئەندامانی لۆژەکە برای پاشای ئینگلیستان کە ئەوکات سەرۆکی تەواوی تەشکیلاتی فراماسۆنێری بوو ناسراو بە(( دوك اف ساسکس Doke of Sussex)) ئامادەی بوون ـ ئەڵبەتە میرزائەبولحەسەن خان، خوشکەزای ئیبراهیم خانی کەلانتەر (صدراعظم) ی قاجارییە بووە، بە دوای ئەماندا دەبێ بە ئەندام بوونی دوو کەسایەتیتریش ئامازە پێبکەین، میرزا جەعفەرخانی فەراهانی هەرچەند ڕێکەوتی بوون بە ئەندامی روون نەبۆتەوە بەڵام میرزامحەممەدسالح شیرازی لە ڕێکەوتی ١٤یمای ١٨١٧یز، پێوەندی بە تەشکیلاتی فراماسۆنێرییەوە گرتووە، ئەم دوو کەسایەتییە لەوکەسانە دەبن کە بە بورسی خوێندن لە لایەن عەباس میرزای وەلیعەهدەوە، دەنێردرێنە ئینگلیستان و لەوێ لە کاتی خوێندن دا، خۆ بە تەشکیلاتی فراماسۆنێری ئەوێ دەناسێنن، کە میرزا محەممەدسالح شیرازی بە دوای گەرانەوی بۆئێران یەکەم (چاپخانەی بەردین ) دادەمەزرێنێ، و یەکەم ڕۆژنامەش بە نێوی (کاغذ اخبار) بڵاودەکاتەوە کە ئەوەش

بۆخۆی وەرگێردراوی، ناوی ئینگلیسی ڕۆژنامەیەکە بە ناوی News paper. پاش ئەمانیش چەند کەسایەتی دیکەش لە ئینگلیستان بوونە فراماسۆن، کە کوڕەکانی (حسین علی میرزا و کوری فەتح عەلی شا) بریتی لە " رەزا قلی میرزا" ۳۰ساڵە ،"نجفقلی میرزا"۲۸ساڵە"وتیمورمیرزا" ۲۵ساڵە، دوای مردنی باپیرەیان، (فەتح عەلی شا) و شکستی باوکیان بە دەستی محەممەد میرزا کورە گەورەی عەباس میرزا، پەنا بۆ ئینگلیستان دەبەن و لە ماوەی مانەوەیاندا لە ساڵی ۱۲۵۱ی کۆچی مانگی، خۆیان بە تەشکیلاتی فراماسۆنێری دەناسێنن و لەگەڵ میرزا ئیبراهیم شیرازی دەبنە فراماسۆن.

بیروکەی درروست کردنی رێکخراوێکی شێوە ماسۆنی لە ئێراندا، یەکەم جار پاش ئەوە کە (فرخ خان ئەمین الملك ) لە گەڵ وەفدێکی سیاسی کە لە پاریس بوونە فراماسۆن هاتە کایەوە، بەڵام (میرزا ملکم خان) لەم کارەدا پێش دەستی کرد هەر چەند فەرۆخ خان نیسبەت بەم کارەی ملکم خان کە دەیگووت، بیرۆکەکەی وی دزیوە دژایەتی کرد بەڵام دوای گەڕانەوەیان بۆ ئێران ( ملکم خان) بە ئیزنی (ناصرالدین شاه) قاجار یەکەم لۆژی فراماسۆنێری لە ئێراندا کە بە ( فراموشخانە) نێوبانگی دەرکرد، دامەزراند. هەرچەند لە بنەڕەت ڕا هەمووی فراماسۆنەکانی دونیایە، لە ئەندام بوون لە تەشکیلاتی فراماسۆنێری دا بۆ کاری سیاسیخۆیان کەڵکیان لێ وەرگرتووە، (ملکم خان) یش لە دامەزراندنی فراموشخانەدا کە هیچ پێوەندییەکی بە تەشکیلاتی فراماسۆنێری جیهانییەوە نەبووە تەنیا پێگەیەك بۆ تێکۆشانی سیاسی و هاندانی بۆ چاکسازی هیچی دیکە نەبووە.

هەر لەم ڕوانگەوە، لەو کات سێ رەسالە لە بارەی رێفۆرم و چاکسازی کە گرینگترینیان ( کتابچەی غیبی) یە دەنووسێ و لەواندا زیاتر کۆمەڵگای ئێران لە گەڵ کۆمەڵگای ئوروپادا بەراوەرد دەکا کە هۆیەکانی دواکەوتنی کۆمەڵگای ئێران لە چاو وڵاتانی دیکە چیە؟!

زیرەکی و توانـایی (ملکـم خـان ) و زیـاتر روونکردنـەوەی بـۆ ناسـرەدین شـا کـە تەشـکیلاتی فراماسـۆنێری لـە ئێـران دا هاتۆتـە گـۆڕێ و دەبـێ زیـاتر لـە کەسـانی شارەزاو بەتوانا لە ئیدارە کردنـی وڵات دا کـەڵك وەرگـرێ و فراماسـۆنێریش توانـای شتێکی ئـەوتۆی هەیـە، ئەگـەر تـۆ خـۆت وەکـوو ئوسـتادی گـەورەی فراماسـۆنێری ئێران دیاری کەی و لە کەسانی بـە توانـاش داوا بکـەین کـە ببنـە ئەنـدام و بـە پێـی سـۆێندی ماسـۆنی کـەس ناتوانـێ خەیانـەت بکـا و هـیچ نهێنـیـەکی نێـو لۆژەکـان بەرێتەدرێ. فەراموشخانە بە مانایماڵی لە بیرچوونەوەیە، لەگەڵ ئەوەی کـە لـەوێ هاتیتـە دەرەوە، هیچـی ئـەوێت نابـێ لـە بـیر بمێنـێ و دەبـێ نهینیـیـەکانی ئـەم رێکخراوەیـە بپـارێزرێ، ئـیتر پـاش ئـەوەی شـای قاجـاریش رەزامەنـدی نوانـد، فراماسۆنێری ئێرانی یان فەراموش خانەش دامەزرا.

بەم پێیە دەبوو، هەر رێورەسمێکی کە دەیگرن بە ئاگاداری ناسردەین شـا بـێ کە یەکێك لە ماڵەکانی جەلالەدین میرزا کورە چووکەی فەتح عەلی شا بۆ لۆژەکـەیان تەرخان کرابوو. کە جەلالەدین میرزا کتێبێکی بە نرخیشـی لـە پـاش خـۆی بـە جـێ هێشتووە بە نێوی (( نامەی خسروان)) کە تـەنیا کتێبێکـە بـە تـەواوەتی بـە زمـانی فارسی رەسەن لـە ئێرانـدا نووسـراوە و تەنانـەت یـەك وشـەی عـەرەبی تێـدا بـەکار نەهاتووە. بە هۆی بەدبینی ناسرەدین شا بە نیسبەت فەراموشـخانەوە و ئـەو کـارە نهێنییانەی کە تەواو دەسەڵاتی ناسرەدین شایان دەهێنـا ژێـر پرسـیار و کۆڵەکـەی دەسـەڵاتیان بـەرەو لـەرزین دەبـرد تـاکوو بەیاننامـەی پاشـایەتی سـەبارەت بـە داخستنی فەراموشـخانە راگەیانـد و لـە سـاڵی ١٨٦١ی ز و لـەوە بـە دوا کـەس بـۆی نەبوو نێوی فەراموشخانە بێنێ و باسی لێوە بکا دوای ئەوە کە (ملکم خان ) چـۆوە ئینگلیستان و لەوێ ڕۆژنامەی قانوونی دەرکـرد و دەسـتی دایـە ، پڕووپاگەنـدە بـۆ رێکخراوێکی دیکەی شێوەی ماسۆنی بە نێـوی (ادمیـت) تـاکوو کـوژرانی ناسـرەدین شا، نەیتوانی راستەوخۆ لە ئێران باسـی لێـوە بکـا، بـەڵام دوای ناسـرەدین شـا کـە (مظفرالدین شاە) هاتە سەر تەختی پاشایەتی و رێکخراوێکی شێوە ماسۆنی کە هەر

درێژەدەری ڕێکخراوی ( ادمیت) بوو دەستی دایە کار و تێکۆشانی ئاشکرا کە خۆی و بەپێی هێندێك سەرچاوە تاکوو ١٠٠٠ ئەندامیشی بووە کە میرزا عەبباس قولی خان قەزوینی بە سەرۆکی کومەڵەی ئادەمییەت هەڵبژێردرا.

ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە بە دانانی تەشکیلاتێکی لەو شێوە لە ئێراندا هاوکات قانوونەکانی مەشرووتەشی لەگەڵ خۆی هێنا و یەکێك لە خاڵە هەرەگرینگەکانی کە جێگای سەرنجە ،بوون بە ئەندامی (محمدعلی شاه قاجار) لە کومەڵەی ئادەمییەتە کە پاشان هەر بۆ خۆی هەڵیوەشاندەوە.

بۆ یەکەمین جار بە دوای داخرانی فەراموشخانە ڕێکخراوێکی فراماسۆنێری لە ئێراندا بە دەستی (٠شیخ محسن خان مشیرالدوله) لە کاتی حکومەتی (مظفرالدین شاه) دا دامەزرا. موحسێن خان کاتێك لە ئیستامبوڵ پۆستی سەفارەتی بەدەستەوە بوو، بوو بە فراماسۆن و بە دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران کرا بە وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران و یەکەمین لۆژەکانی فراماسۆنێریشی دامەزراند. هەر چەند بەدوای مردنی موحسێن خان لۆژەکەش لە کاروتێکۆشان وەستا و ناتوانرێ وەکوو یەکەمین لۆژی ڕەسمی ئێران نێوی بەرین، چوونکە لە لایەن هیچ لۆژێکی دەرەوەی ئێران بە ڕەسمی نەناسرا بوو بەڵام وەکوو لۆژی ڕەسمی ناسراو لە لایەن لۆژی گراندئۆریان( ڕۆژهەڵاتی مەزن) دەتوانین ئاماژە بۆ لۆژی (بیداری ) فراماسۆنێری ئێران بکەین کە لە ساڵی ١٩٠٧ دامەزرا، کەتاقمێك لە ئەندامەکانی بریتی بوون لە ((سیدنصرالدین تقوی، میرزاحسن خان، وثوق الدولە، سید محمد طباطبایی، شیخ ابراهیم زنجانی، احمد خان قوام السلطنه، ابوالحسن خان فروغی، ابراهیم حکیمی ، میرزا محمد خان کاشف السلطنە، عباس قلی خان قریب، سیدحسن تقی زاده، علی اکبر خان دهخدا، محمد علی فروغی، حسین علاء و ...هتد.

بە هۆی دەسەڵاتێکی بەربڵاو کە ئەو لۆژە هەیبوو و تەنانەت لە داڕشتنی سیاسەتی وڵاتیش دا دەوری سەرەکی دەگێڕا و یەکەمین فراماسۆنی ئێرانی کە

تـەنیا ئـەو لـۆژە تـوانی حـوکمی ئێعـدامی بـدا، کـە ئێعدامەکەشـیان بـەڕێوەبرد (موقرالسلطنه) بوو، هەرچەند بە پێی قانوونی فراماسـۆنی دەبـێ ئـەم تەریقەیـە لـە نێوخۆی دا بە تەواوەتی دوور بێت لە هەرچەشنە باس و خواستێکی سیاسی، بـەڵام وەك دەبینین چـەندین کـەس لـە ئەنـدامانی لۆژی (بیـداری) وەك (قـوام السـلطنـە) وثوق الدوله، ابوالحسن خان فروغی، ابراهیم حکیمی، تقی‌ی زادە، محمد علی فروغی و حسـین عـلاء و..... بـە دوای ئەنـدام بوونیـان لـە لـۆژی نـاوبراودا و تـا کۆتـایی ژیانیشـیان بـۆ پۆسـتە گرینگـە سیاسـی‌یەکانی وەزارەت و سـەرۆك وەزیـری لـە ڕێژیمـەکانی قاجاریـەو پەهلـەوی ــ بـاوك وکوڕـ گەیشـتوون. هەڵسـەنگاندنی خاڵـە بەهێزو لاوازەکانی، کارنامەی سیاسی ئەوانەی ناومـان هێنـاون لـە حەوسـەلەی ئـەم باسەی ئێمە بەدەرە.

یەکەمین قانوونی ئەساسی فراماسۆنێری کە لە ئێراندا دامەزرا هـەر ئـەو قـانوونی ئەساسـی گرانـد ئۆریـانی فەرانسـەیە کـە لـە لایـەن "محمـدعلی فروغـی " حـاج سیدنصـراللەتقوی و دبیرالملـك وەرگێڕدراوەتـەوە سـەر زمـانی فارسـی لـە لـۆژی "بیداری" دابوو یەکەمین کەسیش کە لە سەر ئـایینی فراماسـۆنە هـەر لەسـەرەتاوە شێعری بۆ داناوە دەتوانین بڵێین ئەو ئایینـەی لـە قـاڵبی شـێعردا، داڕشـتووە مـیرزا "صادق امیری فراهانی " (ادیب الممالك) کە لە دامەزرێنەرانی لۆژی (بیداری ) بـووە ئایینی فراماسۆنی لە ٥٣٩کۆپلـە شـێعردا گونجانـدووە، بـۆ وێنـە ئـەم چـەند بەیتـە شێعرە کە دەقی فارسی یەکەیەتی ! !

سر نام به نام آن معمار — که برافراشت این بلند حصار
اوست معمار این کشیده رواق — اوست بنای این مقرنس طاق
کرده هنگام طرح این اثار — "کاف" کن گونیا و "نون" پرگار
باد از ما درود و محضر نوید — بر روان پیامبران جاوید
که همه روشن و سنی بودند — اوستادان ماسونی بودند
آدم آن استاد معماران — نوح فرخنده پیر نجاران

بر ابراهیم شیخ کلندانی لژ بیت العتیق رابانی

مجمح فرقه فراماسون که به جا مانده از زمان کهن

فکر و دانش همی کند تعلیم بی‌ریا بر برادران سلیم

طرز تکلیف ماسونه خواهی بشنو از من که یابی آگاهی

از نیکو کاری ونیکو خواهی نکند یك دقیقه کوتاهی

گر بخواهی وظیفه ماسون سخن من صدق اصف کن

هست کار بزرگ ماسونی آن که نهد بر زمین اساس جهان

در اساس ترقی عالم کوشد و دیو را کند آدم).

لۆژی "بیداری" وەك لە زۆر سەرچاوە هاتووە,تا هەڵایسانی شەڕی یەکەمی جیهانی ١٩١٨ـ١٩١٤زایینی تێکۆشانی هەبووە و لەوە بە دوا لە تێکۆشان وەستاوە کە ئەندامەکانیشی زۆر بوون، کە پێشتر چەند کەسمان بۆ وێنە ئاماژە پێکردن بەڵام یەکێك لە ئەندامە گرینەگەکانی کە کورد و خەڵکی کورستان بووە بە ناوی "عزالملك کردستانی" هەر چەند لۆژی بیداری لە لایەن لۆژی گراند ئۆریانی فەڕانسەویە بە رەسمی ناسرابوو، یانی پێوەندی بە یەکێك لە لۆژە گرینگەکانی جیهانی‌یەوە هەبووە، کوردیش لەو لۆژەدا، تێکۆشانی بووە و نەقشی خۆی گێراوە: هەر چەند لە لایەن لۆژەکانی فراماسۆنێری ئینگلیستانەوە بە رەسمی نەناسراو و بایەخی زۆری پێ نەدرابوو، بەڵام دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و لە ساڵی ١٩١٩دا ١٢٩٧/١٢/١١ هجری لە شیراز لۆژێکی دیکە لە لایەن ئینگلیسی‌یەکانەوە بە ناوی "لژ روشنایی در ایران" دەستی بە کار کرد و لە لایەن فراماسۆنەکانی ئینگلیسی‌یەوە وەکوو یەکەمین لۆژی رێك و پێك لە ئێران دەژمێردرا.

دەست بە کارکردنی لۆژی روناکی لە ئێران هاوکات بوو لەگەڵ ئیمزا کردنی رێککەوتننامەی بە نێوبانگی ١٩١٩لە نێوان ئێران و ئینگلیس، کە لەودا ئێران بە تەواوەتی کەوتە ژێر رکێفی بریتانیاوە، چوونکە دەوڵەتی ئینگلیس زیاتر لە بەرژەوەندی خۆی دەگەڕا و قازانجی زۆریشی لە ئێراندا هەبوو و تەنیا رێگایەکیش

کەدەیتوانی لەوڕا ئە وبەرژەوەندی‌یانەی لێ وەدەست بێنێ، دامەزراندنی ئـەو لۆژانـە بوون، ئەویش لە شوێنگەلێکی ئاستەم و پڕبایەخ دا، یانی جیاواز لە لـۆژی روونـاکی دوو لۆژی دیکەشیان دامەزراند لە ناوچە نەوتی‌یەکانی باشوور کە سەرەتا لەو لۆژانە دا، ئەندامی ئێرانی‌یان تێدانەبوو کە دواتـر چـەند کەسێکیان وەك ئەنـدام وەرگـرتن بەڵام کاری سەرەکی هەر لە دەستی ئەفسەرە ئینگلیسی‌یەکاندا بوو.

ساڵی ١٣٠١ی‌هەتاوی، لۆژی (٠پیشاهنگ) لە ئابادان و ساڵێك دواتر لۆژی (مسـجد سلیمان) لە نزیك چاڵە نەوتی‌یە بەناوبانگەکانی شـاری ( مسـجد سـلیمان) دەسـتیان بە کار کرد. لە پێش ئەو دوو لۆژە یانی لە کۆتایی‌یەکانی سەڵتەنەتی قاجاریەکان لە ١٧ی فێوریەی ١٩٢١ی زایینی، لۆژێکی عەڕەبی لە محمـرە(خـوڕەم شـاری ئێسـتا)، بەدەستووری لۆژی گـەورەی قـاهیرە لـە ژێـڕ چـاوەدێری شـێخ خەزعـەل کـە خـۆی ئەندامی لۆژی نیحا ـ ناوی کۆنی بەسرە ـ دامەزرا، کە زیاتر بە لۆژی شێخ خەزعـەل ناسرابوو. یەکەمین لۆژەکانی فراماسۆنێری بە دوای رووخانی قاجاریـەکان و هاتنـە سەرکاری حکومەتی پەهلەوی لۆژی (بیداری) بە شێوەی نهێنی کە ئەندامـەکانی لـە چەند کەسێك زیاتر تێپەڕی نەدەکرد، بوژایـەوە بـەڵام لـۆژێکی گـەورەتر لـە لایـەن (محمد خلیل جواهری) یەوە، دامەزرا بەناوی لۆژی پەهلەوی کە لـە زۆر سەرچـاوەدا بە لۆژی (هومایون) نێو دەبردرێ، لە ساڵی ١٩١٥/١١/٢٤ز (١٣٣٠ /٨/٣) هەر چـەند لە سـەرەتاوە ئەنـدامی زۆر بـوون و تـاکوو ٣٠٠ کـەس چـوون بـەڵام لـە لایـەن هـیچ تەشـکیلاتێکی فراماسـۆنێری جیهانی‌یـەوە بـەرەسمی نـە دەناسـراو سەرپەرسـتی لۆژەکەش ـ محمد خلیل جواهری ـ زیاتر بواری بازرگانی پێدابوو، چـونکە لـە کـاتی وەرگرتنی ئەندام دا، باجێکی زۆری وەردەگرت، هەر بەو هۆیـەوە دوای چـەند سـاڵ هەڵوەشـاوە راگەیەنـدرا بـەڵام رایـەك هەیـە، ئـەویش ئەوەیـە کـە محەممەدخـەلیل جەواهێری، کاتی خۆی ژنێکی لوبنانی هێناوە و لە ماوەی مانـەوەی لـە ئێرانـدا دوو ژنــی تــری هێنــاوە یــەکیان خــەڵکی شــیراز و ئــەوەی‌تریان تــارانی بــووە، ژنــە شیرازی‌یەکەی کاتێك دەزانێ کـە ژنـی سـێهەمی هێنـاوە، دەسـت دەکـا بـە ئاشـکرا

کردنی هێندێك لە نهێنییەکانی جەواهێری سەبارەت بە لۆژەکەی و دەکەوێتە سەرزارو زمانان و دەبێتە هۆی ئەسڵی داخرانی لۆژی پەهلەوی و تەنانەت دەرکردنیشی لە ئێران، کە دواتر ژنە شیرازی‌یەکەی لێ جیا بۆوە، بەڵام پێم خۆشە لێرەدا ئاماژە بەو بەیتە شێعرەی شاعێری بە نێوبانگی کورد، ئەحمەدی کۆر، بکەم کە دەڵێ :

" ئەی ئەحمەدی کۆر دڵ وەفا دە

مەیل بە وەسڵی یاری تاق دە

یەك دەخوازی ، یەك تەڵاق دە

پێك هەڵ ناکەن دوو هەوێ... "

چەند کەسێك کە پێشتر ئەندامی لۆژی هەڵوەشاوەی پەهلەوی بوون وەکوو، دوکتور ئەحمەدی هومەن ، دوکتور مەحمودی هومەن، ومحەممەدی ساعیدو چەند کەسی‌تر، دەچنە فەڕانسە وبۆ ماوەیەك لە لۆژی کۆنفیانس confiace کە سەر بە لۆژی گەورەی میللی فەرانسەیە، وەکوو دەووەرتین یانی بەڕێوەبردنی ئوسووڵی فراماسۆنێری و بە دوای گەڕانەوەیاندا بۆ ئێران لۆژێکی نوێ بە نێوی لۆژی مەولەوی لە رۆژی ١٣/ ١٠/١٩٥٥ز (١٣٣٤/٧/٢١)، دادەمەزرێنن کە چەند کەس لە ئەندامەکانی بریتی بوون لە: دوکتور ئەحمەد هومەن (بە ئۆستادی گەورەی ئەو لۆژەدیاری کرا)، دوکتور مەحموودی هومەن، محەممەد ساعید، عەباس خەلعەتبەری، مستەفا تەجەدۆد، دەریادار عەبدوڵلازەلی، محەممەدعەلی ئیمام شوشتەری، مێهدی شەوکەتی، رەشید حائیری و عەبدولحمیدسنەیی (کورد بووە).

ئەوی جێگای ئاماژە پێکردنە لە دروست کردنی مەولەوی‌دا، کە لە لایەن تەشکیلاتی فراماسۆنێری نێونەتەوەیی بە رەسمی ناسرا بوو، لەویشدا کورد رۆڵی خۆی گێڕاوە. دوای لۆژی رێكوپێکی ناسراوی مەولەوی، لۆژێکی‌تر بە نێوی تاران، لە ریکەوتی ١٩٥٨/٥/٩ز (١٣٣٧/٢/١٩)هەتاوی بە شێوەی رێكوپێكوناسراو لە لایەن لۆژی گەورەی ئیسکاتلەندەوە دەستی بە کار کرد کە ئەندازیار " حسین

شقاقی" وەکوو ئۆستادی گەورەی ئەو لۆژە دیاری کرا، کە یەکێك لە دامەزرێنەرانیشی‌بوو.

لە سەر فراماسۆنێری ئێرانی‌و گرێدرانیان بە مەسایلی سیاسی وڵاتەوە دەبێ بڵێین کە تەشکیلاتی فراماسۆنیری وڵاتانی زلهێزی جیهانی یەك لەوانیش ئاڵمان نەقشی سەرەکیان هەبووە، چوونکو لە ئێراندا چەندین لۆژی رەسمی سەر بە تەریقەتی ماسۆنی ئاڵمان هەبوون کە بۆ وێنە، دەتوانین لۆژی "ستارە سحر" کە لە ساڵی ١٩٦٠ز(١٣٥٩ھ) دەستی بە کار کرد وەکوو یەکەمین لۆژی رێكوپێك وسەر بە لۆژی گەورەی ئاڵمان نێو بەرین، جیاواز لە لۆژی ناوبراو چەندین لۆژی دیکە وەکوو، لۆژەکانی "سحر"صفا"،"ئافتاب"، کە هەموویان سەر بە فراماسۆنێری ئاڵمان بوون یەك لە دوای یەك دامەزران، بەڵام بە هۆی تێکەوتنی ناکۆکی لە نێوانیاندا، تەنیا لۆژی "ئەستێرەی سەحەر" لە لایەن تەشکیلاتی فراماسۆنێری ئاڵمانەوە بە رەسمی دەناسرا، کە ئەندازیار جەعفەر شەریف ئیمامی بە ئوستادی گەورە دیاری کراو لۆژەکانی دیکە، لە لایەن ئاڵمانی‌یەکانەوە رەسمی‌یەتیان نەبوو.

بە شێوەیەکی گشتی، دەتوانین هەموو لۆژەکانی دامەزراو لە ئێران تا دامەزرانی لۆژێکی میللی لە ئێران دا بەم شێوەیە کورت کەینەوە، یانی لە ساڵی ١٣٣٤ تا ١٣٤٧ی ھ ، تەقریبەن ٢٤ لۆژی فراماسۆنێری لە ئێراندا، دەستیان بە کار کرد، هەمووی ئەو لۆژانە سەر بە تەشکیلاتی فراماسۆنێری وڵاتانی، ئینگلیس، فەڕانسەوئاڵمان بوون .

واتە ١١ لۆژیان سەر بە لۆژی گەورەی ئیسکاتلەندەوە( لۆژەکانی سەر بە فراماسۆنیری ئینگلیس )، کە بریتی بوون لە: لۆژی رووناکی، لۆژی تاران، لۆژی کورش، لۆژی خەییام، لۆژی ژاندارك، لۆژی ئیسفەهان، لۆژی ئاریا، لۆژی خوزستان، لۆژی ئەهواز، لۆژی نوور و لۆژی‌شیراز.

ئەو لۆژانەش کە لە ژێر چاوەدێری لۆژی گەورەی میللی فەرانسەوە ئیدارە دەکران، ١٠ لۆژ، بریتی بوون لە لۆژەکانی: مەولەوی، سەعدی، فرووغی،

حافز،"شمس تبریزی"، "ابن سینا"، مەزدا، لافرانسla-franceکە بە واتای فەڕانسە هاتووە یانی لە زمانی فەڕانسەویدا مانای فەرانسە دەدا، کەسرا،ولۆژی مەشعەل.

ئەو چەند لۆژەش کە سەر بە لۆژی گەورەی یەکگرتووی ئاڵمان بوون، ٣لۆژ، کە بریتی بوون لە : لۆژەکانی، مێهر، هەتاو، ئەستێرەی سەحەر. دامەزراندنی تەواوی ئەو لۆژانەش لە ئێراندا بە تەواوی ورەی شایان دابەزاندبوو و لەوە دەترسا، کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی وەلەرزین بخەن .

چونکە ئەساسی دامەزراندنی تەشکیلاتێکی لەو جۆرە کە ئاکامەکەی لەگەل سیاسەت گرێ دراوەتەوەو ئەندامەکانیشیان لە ئینسانە هەڵکەوتوو ورۆشنفکرەکانی کۆمەڵگانو لە زۆر لەو وڵاتانەدا، ئاڵاهەڵگری ئازادیوسەر بەخۆییوسەربەستی بوون، هەروەكو پێشتریش چەند جێگایەك، ئاماژەمان پێ کرد. هەر بۆیە بۆ دەسەڵاتدارانیحکوومەتی پەهلەویش جێگای نێگەرانی بوو. لەوانەش گرینگتر تەشکیلاتی فراماسۆنێری سێ وڵات هەر کامە بۆ خۆیان چەند لۆژێکیان لە ژێر چاوەدێری خۆیان هاویشتبوو و لۆژەکانی وڵاتی بەرانبەریان بە رەسمی نەدەناسی. ئێرانیش بۆ ئەوەی وەکوو وڵاتانی دیکە تەشکیلاتی رێكوپێكو بە رەسمی ناسراوی لە لایەن فراماسۆنێری جیهانییەوە هەبێ، بۆ یەکەمین جار عەلی مەرەندی، بیرۆکەی دامەزراندنی تەشکیلاتێکی یەکگرتووی میللی هێنایە کایەوە، کە دواتریش لە لایەن دوکتورئەحمەدو مەحموودی هومەن وەها تەشکیلاتێك، پێشنیار وباسی لێوە کرا ـ نامەی بۆ هەموو تەشکیلاتەکانی فراماسۆنێری فەڕانسەو ئاڵمانو ئینگلیس نووسیو لە گەڵ شەخسی شاش باسیان لێوەکرد. سەرەتا محەممەد رەزای پەهلەوی بۆ یەکخستنی و زیاتر کۆنترۆڵ کردنی لە لایەن خۆیەوە دژایەتی نەکردو بەوە رازی بوو، ولە لایەن هەرسێ لۆژی گەورەی ئەو وڵاتانەوەش پەسەند کرا، وخودی شایان وەکوو ئوستادی گەورەی لۆژی گەورەی ئێران کاندید کرد، کە دژایەتی کردو لە جیاتی خۆی ئەندازیار جەعفەر شەریف ئیمامی، سەرۆکی مەجلیسی سەنای ناساند، هەر چەند لە گەڵ دژایەتی زۆر

له ئەندامانی ئەو لۆژانە رووبەرووبوو، بەڵام، چۆنکە لە لایەن شەخسی شاوە دیاری کرابوو تازە هەر دەبوو ئەو بوایەتاکوو لە ئاکامدا، لە رێورەسمی کردنەوەی یەکەمین لۆژی گەورەی فراماسۆنێری ئێران– دەتوانین بە ئەوەڵێن تەشکیلاتی فراماسۆنێری میللی نێوی بەرێن – لە رۆژی ١٩٦٩/٣/١ ز(١٣٤٧/١٢/١٠هـ) لە تاران بە بەشداری دوکتور"رۆمرw.Romer" ئوستادی گەورەی لۆژی گەورەی یەکگرتووی ئاڵمانوچەند کەسایەتی پایە بەرزی دیکە، هەروەها"سررۆناڵداورایروینگ sir-ronald orr Eruing" ئوستادی گەورەی لۆژی ئیسکاتلەندو هاورێییکردنی چەند کەسایەتی فراماسۆنی دیکە و وەفدی نوێنەرایەتی لۆژی گەورەی میللی فەرانسە بە سەرۆکایەتی ئوستادی گەورەیان "ارنست وان هکEran Hecke" وزۆر لە کەسایەتیوئەندامانی پێشووی لۆژەکانی نێو خۆی ئێران دامەزراو شەریف ئیمامییان وەکوو، یەکەمین گەورە مامۆستای لۆژی میللی ئێران دیاری کرد، کە گوایە مانگانە ٢٥ هەزار تمەنی ئەو کاتی بابەتی بەرپرسایەتی لۆژی یەکگرتووی میللی وەرگرتووە.

لە بانەمەڕی ١٣٤٩ هـ ، شۆڕای بەرزی فراماسۆنێری دامەزرا، ودوکتور مەحموود هومەن کە تا پلەی ٣٣ی فراماسۆنی گەیشتبوو وەکوو یەکەم ئوستادی ئەو شۆڕایە هەڵبژێردراو لەوە دوا راستەوخۆ پێوەندی لە گەڵ فراماسۆنێری جیهانی هەبوو وتوانایی پێدانی پلەی ماسۆنی لە لایەن تەشکیلاتی فراماسۆنێری جیهانیشەوە بەو شۆرایە درابوو، کە تەنانەت بۆ ئەو کۆنفرانسانەی کە هەر ساڵەی لە یەکێك لەو وڵاتانەی کە شۆڕای بەرزی فراماسۆنێری لێ دامەزرا بوون دەعوەت دەکران، کە لە ساڵی ١٣٥٥هـ بیستوشەشەمین کۆنفرانسیان لە ئیسرائیل – ئۆرشەلیم – گرت کە کۆڕێکی شۆڕای بەرزی فراماسۆنێری ئایینی ئیسکاتی ئێرانیش بە سەرپەرشتی دوکتور مەحموودی هومەن دەعوەت کرا بوون،"محەممەدحەسەن موشیری، قەمەر موشیری، نێرگس موشیری، لیلا موشیری، مەسعودی هیدایەت، قەمەر هیدایەت، پەریسا هیدایەت، مەحموودزیایی، عوزرازیایی، ئەحمەدهومەن، مەریەم هومەن،

سۆهاروحانی، ئەبولحەسەن موعەدڵ، عصمەت موعەدڵو عەلی رەزا ئەمیر سلیمانیش" لە گەڵ بوون.

لە سەر بریاری کۆنفرانسەکانی نێونەتەوەیی‌و هی شۆڕاکانی بەرزی فراماسۆنێری جیهانی کە قەرار بوولە ساڵی ١٩٧٩ز ٢٨مین کۆنفرانسیان لە ئێران بەرێوە بەرن کە شۆرای بەرزی فراماسۆنێری ئێران تەدارۆکی ئەو کارەیان گرتبوو، لە دوو کومیتەی بەرێوەبەریدا، کۆمیتەی ژنان، هەم وەکوو بەرێوەبردنی کۆنفرانس و هەم وەکوو میوان بەشدار بوون کە لەو چەند کەسە پێك هاتبوون" عزرا زیایی سەرۆك، خوجەستە هیدایەت، سەفوورا ئەمیر سلیمانی ، مریم هومەن، پەری یگانەگی ومەلیحەحیی."

هەر چەند بە هاتنی شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو کۆنفرانسە بەرێوە نەچوو وفەشەلی هێنا، یانی لە مانگی رێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی بە گشتی شۆڕای بەرزی پلەی ٣٣و ئاخرین پلەی ئایینی ئیسکاتی لە مێژینەی فراماسۆنی پەسەند کراو بۆ ئێران یەکسەر داخرا.

هەر چەند تەشکیلاتی فراماسۆنێری بە شێوەی رەسمی لە ئێراندا، مێژوویەکی کۆنی نییەو لە هەمووش گرێنگتر زوو خڕکرایەوە، بەڵام نابێ رۆڵی ژنانیش لە بیر بکەین، هەرچەند زۆر لۆژی فراماسۆنی دروست بوون‌و وەکوو رەسمی‌وبە نێو لۆژێك کە ژنان تێدا بەشدار بوون یان بۆ خۆیان لە ژێرچاوەدێری لۆژەکانی دیکە دایان مەزراندبێ، نەبووە. بەڵام هەر وەکوو بەشدار بوونی ئەو چەند ئافرەتە لە گەل هەیئەتی شۆرای بەرزی فراماسۆنێری ئێران لە کۆنفرانسی ئۆرشەلیم، وهەروەها دانانی کومیتەیەکی بەرێوەبەری بەشێك لەو کۆنفرانسەش کە قەراربوو لە تاران بەرێوە بچێ، وا دەردەکەوێ، کە بە دامەزراندنی شۆڕای بەرزی پلەی ٣٣و ئاخرین پلەی ئایینی ئیسکاتی لە مێژیینەی فراماسۆنی پەسەند کراو بۆ ئێران کە زۆر لە ماسۆنەکانی تا پلەی ٣٣یان تێدا تێپەڕ کردوو خودی تەشکیلاتی فڕاماسۆنیش بۆ خۆی تەشکیلاتێکی نهێنی‌یەو جیاواز لە ئەندامەکانی، کەسانی دیکە بۆیان نی‌یە لە

هێچ مەڕاسمو بۆنەیەکیاندا، بەشداری بکا، نەتەنیا بەشدار بوون بەڵکوو ئەرکی بەرێوەبردن بە چەند ئافرەتو بەشدار بوونیان لە کۆنفڕانسێکی جیهانی فڕاماسۆنیدا، دەردەکەوی کە ئەو ئافرەتانەی کە کەس‌وکاریان فراماسۆن بوون‌و بە هاندانی ئەوان کومیتەیەکیان دروست کردوو لە ژێر چاوەدێری شۆڕای بەرزی فڕاماسۆنی ئێران‌و پێوەندیان بە فڕاماسۆنێری ژنانەوە لە دەرەوەی وڵات. لە لایەکی دیکەشەوە وا دەردەکەوی زۆر لە رێوڕەسمەکانی ئەو شۆڕا بەرزەدا، ژنانی فراماسۆنەکان بە ئەندام وەرگیرابن‌و بەشداریان کردبێت. هەر چەند وەك ئاماژە پێ کردن راستەوخۆ نەهاتووە کە لۆژێکی تایبەتیان هەبووبێ بەڵام بە لێکدانەوەو وردبوونەوە وادەردەکەوەێ لانی کەم ئەو چەند ئافرەتە- نێرگس موشیری، لیلاموشیری، پەریسا هیدایەت، عوزرا رەزایی، مریەم هوومەن، عصمەت موعەدل، سوهی(سوها)رۆحانی، خوجەستە هیدایەت، مەلیحەحەیی، پەری یەگانەگی، سەفورا ئەمیر سلیمانی، ئەندامو فڕاماسۆن بووبن‌و لە رێوڕەسمەکانی ئەو شۆڕایەدا بەشداریان کردبێت، لە گەڵ ئەو مێژووە کورتەی جێگای شانازی‌و بایەخێکی زۆر گرێنگە، بۆ ئافرەتانی ئێران کە لە تەشکیلاتێکی ئەوتۆدا، خۆیان بێ‌بەش نەکردووە هەر چەندلە بنەماڵەی فراماسۆنەکانیش بووبن.

## فراماسۆنی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران !

مەکتەبی فراماسۆنێری هێندە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە کە دەتوانم بڵێم هیچ وڵاتێك بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی مێژوویەکی کۆن‌و دەوڵەمەندن نەماوە کە ئەو تەریقەتەی لێ دانەمەزرابێ، کە ئەو مەکتەبەیان کردۆتە ئامرازێك بۆ زیاتر چوونە نێو وڵاتو کەڵك وەرگرتنی لە بواری سیاسی دا کە زۆر جار ئەندامانی ئەو تەشکیلاتە توانیویانە خاڵی مەبەست بپێکن وزۆر جاریش بۆتە خۆرکەو لە دەستدانی دەسەڵاتو تەنانەت لە نێوچوون‌وداخرانی لۆژەکانیان . واتە زۆر دوژمنی بۆ پەیدا بووە، هەر لە نێو خۆی تەشکیلاتەکەوە بگرە تا دەگاتە نێو جەرگەی

کۆمەڵانی ڕۆشنبیر، چ بە پرووپاگەندەی ڕۆژانە و چ بە نووسین‌و لە چاپدانی کتێب بە دژی ئەو مەکتەبە کە بۆتە هۆی دوور کەوتنەوەی خەڵکی یان زۆر جاریش بە هەزاران کتێبی بە شێوەی جوان‌و ڕێك‌وپێك لە سەر نووسراوە لە قالبێکی باش دا دایان ڕشتووە کە سەرنجی کۆمەڵگای بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، لایەنگر و دۆستی زۆرتر بوون لە دوژمن بە گشتی دەتوانین ئاماژە بکەین بەوە کە بە پێی زۆر سەرچاوە تاکوو ئێستا سەد هەزار کتێب لە تەواوی دونیا دا لە بارەی تەریقەتی فراماسۆنێری بە چاپ گەیشتووە، کە ١٢٨٨٠ دانە، تەنیا لە وڵاتی ئەمریکا چاپ کراوە، ئەوانی تریش لە باقی وڵاتانی دیکە وەکوو، ئاڵمان، بریتانیا ، ئیتالیا، ئێران... هتد .

دەتوانین بە شێوەی سەرەکی ئاماژە بە دوو دوژمنی ئەسڵی ئەو مەکتەبە بکەین ، نەك هەر دژی بوون بەڵکوو بە هاتنە سەر کاریان نەیان هێشتووە بە نهێنیش تێکۆشانی خۆیان بەرێوە بەرن. لە زۆر وڵاتاندا کە دەسەڵاتدارانی یەکەمی وڵات کە دژی ئەو مەکتەبە بووبن پییان ڕاگەیاندوون کە نابێ دەست لە کاروباری سیاسی وەردەن بەڵام نەبوونە ڕێگری ئەسڵی لە سەریان‌و لۆژەکانیان پێ دابخەن. پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا فراماسۆنێری بەو شێوە کە پێشتر لە دەورانی پەهلەوی‌دا بە چ ترس‌و لەرزێك‌وماندووبوونی تاقمێك تا ئەو جێگایە ڕۆیشت کە تەشکیلاتێکی یەکگرتووی میللی پێك بهێنن بەڵام بە هاتنە سەر کاری ئاخوندە کۆنە پەرست‌و دەسەڵات زەوتکەرەکان نە تەنیا تێکۆشانی ئەو مەکتەبە کەم ڕەنگ بۆوە، بەڵکوو یەك سەر پێ‌یان کۆکردنەوە کە تەنانەت دوکتور مەحموود وەك گەورە فەرماندەری دەسەڵاتداری فراماسۆنێری ئێران نامەیك بۆ شەخسی خومەینی دەنووسی کە لەو دا مەبەست لە دروست بوون‌و کارو تێکۆشانی ئەو تەشکیلاتە چی‌یە ؟ و بۆچی دەبی دانەخرێ؟ شی دەکاتەوە، بەڵام نەك هەر گرینگیەکیان بە نامەکەی نەدا بەڵکوو بووە هۆی ئەوە کە ئێران بە جێ بێڵێ. وادەردەکەوی کە لە ئێران دا ئاخوندەکان بە ڕێبەری خومەینی نەك هەر یەکەمین

دوژمنی ئەو تەشکیلاتە پانوبەرینە جیهانیەن، بەڵکوو دوژمنی ئـەو کەسانەشـن کـە داوای مافـو ئازادیەکانیان دەکەن. بە ناو ڕێـژێمێکی کۆماریـان لـە ئێـران هێناوەتـە سەر کارو دەبێ لە چوار چێوەی یاسـای کۆمـاری دا هەنگاوهـەڵگرن بـەڵام ئێرانیـان بردۆتــەوە بـۆ سەردەمیسـەدەکانی ناوەراسـتودواکەوتنێکی لـە رادە بـەدەر لـە بەرامبەر جیهانێکی پێشکەوتووی سەدەی ٢١ دا کە ئـەوان ئێسـتاش هـەر خـەرێکی کوشتوکوشتارو خەفەقانن.

یەکێکی تـر لـەو وڵاتانـەی کـە جێگـای ئامـاژە پێکردنـەو بـە دوژمنـی پلـە دووی مەکتەبی ناوبراو دەناسری وڵاتی عێراقە کـە تەشـکیلاتی فراماسـۆنێریش لـەو وڵاتـە هەر چـەند مێژوویەکـەی زۆر کـۆن نـیـە یـانی لـە سـەرەتاکانی سـەدەی نـوزدە بـۆ یەکەمین جار لـە شـاری بەسـرە یەکـەمین لۆژەکـانی فراماسـۆنێری تێـدا دامـەزرانو لەوی ڕا گوێزرایەوە بۆ شارەکانی کـەرکوك (لـۆژی کـەرکوك)، بەغـدا(لـۆژی بەغـدا)، لۆژی دیجلەولۆژی عێراق، کە زۆر خاوەن کەسایەتیو ناودارانی ئەو وڵاتە لـە ڕێگـای مەکتەبی فراماسونێرییەوە بە دەسـەڵات گەیشـتن تـا کۆدەتـای سـاڵی ١٩٥٨ز، بـە دژی نیزامی پاشایەتی ئەو تەشکیلاتە تێکۆشانیان هـەبووە، کـە زۆر لـە کەسـایەتی سیاسیونیزامیەکانی ئەو کاتی عێراق فراماسۆن بوون بـۆ وێنـە سـەرۆك وەزیـرو ٣٥ وەزیر،٣٠ ئەمیر ئەرتەش(فەرماندەری ئەرتەش)، ١٨کەس لـە سـەفیرو باڵادەسـتانی وەزارەتـی دەرەوەی عێـراق ئەنـدام بـوون، بـەڵام بـە دوای کودەتـا یـەك لـە دوای یەکـەکانی عێـراق و بـە تایبـەت پـاش هاتنـە سـەر کـاری حیزبـی بـەعس لـە سـاڵی ١٩٦٨ز- بە تایبەت دوای بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن سەدام حوسـێنەوە لـە سـاڵی ١٩٧٩زتەشـکیلاتی فراماسـۆنێری نـەما - وەکـوو ئاخونـدەکان لـە ئێـران یەکەمین کاریان داخستنی لۆژە فراماسۆنیەکان بوو. لە کەس شـاراوە نـیـە کـە لـە ماوەی دەسەڵاتی ئەو دوو ڕێژیمەدا هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریانەوە دەستیان دایـە دژایـەتی کردنـی تەریقـەتی فراماسـۆنی، چـوونکە نـەك تـەنیا دوژمنـی گـەل و بەرژەوەندیەکانی گەلان بوون، دوژمنی دین و دیانەتیش بوون-هەر چەند بە ڕواڵەت

ئاخوندەكان خۆیان بە دیندارو ڕێژێمەكەیان ئیسلام نێو ناوە — واتە لە یەكەم بەندی ئەو مەكتەبە ئیمانو باوەر بە زاتی خوداو وەكوو میعماری گەورەی دونیا یاد كراوەتەوە، كەچیسەرەڕای خۆیان ئەوانیان بە كافرو ڕێگە لێ ون بوو ناوبردووە.

ئێستا كە دەبینین ڕێژیمی بەعس نەماوە و ولاتی عێراق گۆڕانكاری زۆری بە خۆوە بینیوە كە تەئسیری لە سەر ڕۆحیاتی خەڵكی ئێرانیش داناوە، كەوا چاوەڕوان دەكرێ لە داهاتوویەكی زۆر نیزیكدا شۆڕشێكی دیكە بە دەستی كۆمەلانی خەڵكی بەرپا ببێتو دێموكراسی و ئازادی بە واتای وشە باڵ بە سەر ئێران دا بكێشێتو تەواوی چینوتوێژەكانی كۆمەڵوله سەرو هەمووانەوە كوردی بێبەش لە هەر جۆرە ئازادییەك بە ماف و ویستو داخوازەكانیان بگەن.

دوكتور مەحموود هومەن كە هەر وەك گەورە مامۆستای شۆڕای بەرزی فراماسۆنێری ئێران لە لایەن تەشكیلاتی فراماسۆنێری جیهانییەوە بە تایبەت لە ولاتی فەڕانسە، بە رەسمی دەناسرا، لە ماڵیخۆی چەندین كۆبوونەوەیان گرت كە فراماسۆنە بەشداربووەكان، كە تاقمێكیان ئێستا هەر لە ئێران مابوونوخۆیان حەشار دابوو لە پەنجەكانی دەست تیپەڕیان نەدەكرد، پلەی ٣٣ی گەورە مامۆستای ئەو تەشكیلاتەی لە ڕێكەوتی ١٣٥٩/٢/١٧هـ بە دوكتور عەلی ئەمینی خۆیی بەخشی. نیشانەی ئەو پلەیە پێدانی ئەنگوستیلەیەكە كە لە نێوی دا ئەو رستەیە هەڵكەندراوە"Deus Meum Que jus ) یانی "خواوەندو مافەكانی من" كە بە نیشانەی ئاخرین پلەی مەكتەبی فراماسۆنێری دادەنرێ. كە بە دوای وەرگرتنی ئەو پلەیە لە كۆنفڕانسی سەرۆكایەتی فراماسۆنێری جیهانی كە لە پاریس گیرا، وەكو نوێنەری فراماسۆنێری ئێران بەشداری كرد. بە دوای ئەوە ئیتر بۆ یەكەمین و ئاخرین جار لە ئێران لۆژەكانیان لێ بەستنو شتێك بەو نێوە نەما. بەلام بە هەوڵو هیمەتی فراماسۆنە كۆنەكانی ئێران كە ئاوارەی هەندەران بوون و لە ولاتانی بێگانەش دا نەیان هێشتووە ئەو تەریقەتە لە ناو بچیو یەكەمین هەنگاونان بۆ دروست كردنی تەشكیلاتی فراماسۆنێری ئێرانییەكان لە دەرەوی ئێران لە ولاتی

فەڕانسە هەڵگیراوە کە لە پاریس یەك لۆژی فراماسۆنێری بە نێوی "عەتار" دەستی دایە کارو چالاکی بە شێوەی غیرە رەسمی تاوەکوو ساڵی ١٩٩٠ز لۆژی ناوبراو لە رێورەسمێکی بەشکۆدا لە ناوەندی لۆژی گەورەی میللی فەرانسە بە بەشداری ٥٠٠ کەس‌و گەورە مامۆستای لۆژی میللی ئەو وڵاتە دەستی بە کار کرد .

لە ئەمریکاش لە دەیەی ١٩٩٠ز تەشکیلاتی فراماسۆنێری ئێرانیەکان چالاك بوو، لە کۆمیتەیەکدا بە نێوی لۆژی گەورەی ئێران لە تەبعیددا، کە زۆربەی ئێرانیە دانیشتووەکانی ئەو وڵاتەی هێناوەتە ژێر دەسەڵاتی خۆی کە "مزەفەری جندقی "وەك گەورە مامۆستا دیاری کرا. مزەفەر جندەقی نوێنەری مەجلیسی میللی پێشوو ـ کە چەندین لۆژی دیکە وەکوو، لۆژەکانی مەولەوی، حافز، هاتف‌وتوسی دامەزران کە لە مانگی دووی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی‌دا کۆبوونەوەیەوکی بەرینیان بە نێوی دانیشتنی گەورەی کۆمیتەی لۆژی گەورە لە شاری بۆستۆنی ئەمریکا پێك هێنا کە هەموو لۆژە ئێرانیەکانی ئەمریکای تێدا بەشداربوون‌و مەبەست لەم کارەش ریکخستن‌و هەرچی زیاتر بووژانەوەی کاروباری لۆژە فراماسۆنێری‌یەکانی ئێرانی نیشتەجێی ئەمریکا بوو وتا ئێستاشی لە گەڵ بێ لە کارو بارو لێك نزیك بوونەوەی خۆیان بەردەوامن.

## *دامەزراندنی تەشکیلاتی فراماسۆنێری لە روانگەی فراماسۆنەکانەوە*

هەر وەك لە مێژووی کۆنی ئەو تەشکیلاتە پان‌و بەرینەدا هاتووەو جێگای متمانەو باوەری هەر فراماسۆنێکە دروشمی خۆیان"ئازادی، برایەتی‌و یەکسانی‌دیاری کردوە.

واتە: ئازادی لە گەڵ رێزدانان‌و پێڕەوی کردن لە قانوون، یەکسانی وێڕای پێرەوی لە رێبەران‌و برایەتی وێڕای رێزدانان بۆ لە خۆت زاناتر و بەرێوەبردنی دەستووراتی.

به واتایەکی گشتی هەر مرۆڤێك خاوەن‌و حاكمی شەخسی خۆیـەتی لـە ئاكـام دا حاكمیەت كردن بە سەر شەخسی خۆی دا ئازادی پێك دێنی هەر ئەو ئازادی‌یەی كـە دەڵێن لە گەڵ لە دایك بوونی ئەویشی لەگەڵ لە دایك دەبێ.كە لە ئەساسدا مرۆڤ بـۆ خۆی ئازادی دێنیٚ بەڵام ئەو دیكتاتۆڕانەن كە لێی زەوت دەكەن‌و پێشی پیٚدەگرن‌و ئەو جۆرە كە پێویستە نایەڵن كەڵكی لێوەرگریٚ ، یانی هەر كەسێك‌و ئازادیەك، هـەر ئازادیـەكیش لـە گـەڵ خـودی مرۆڤەكـە حاكمیـەت‌و چـەندین لـەو حكومەتانـە كۆكەینەوەوكۆمەڵگا پێك دەهێنن‌ولە كۆمەڵگاشدا دەوڵەت پێك دێت.

دەتوانین بڵێین ئینسانەكان بەشێك لە مافەكانیان لە گـەڵ یـەكتری تـێكڵاوو جیـا نەكراوەن‌و لە بەشێكی دیكەیان، جیاكراوەن كە لەم بەشەی ئاخری‌دایە، كە لە گـەڵ دەورووبەری خۆی، كە هەر هەمان یەكسانی‌یە، دەبێت بە شێوەیەكی یەكسان ژیـان بەرینە سەرو مافی كەسانی تریش بپارێزین كـە تـەواوی ئـەو مـاف و ئازادی‌یانـە لـە لایەن هـەموو ئینسـانەكانی كۆمـەڵگاوە دەبـێ بپـارێزرێن وبـە شـێوەیەكی یەكسـان بەرێوە بچن كە وەزیفەی هەر مرۆڤێكـە واتـە تـەواوی ئـەو هێزانـە بـە سـەر یەكـەوە وشەیەك بە نێوی برایەتی‌و هاوریٚیەتی پێك دەهێنن، یانی مرۆڤێكی باش و چـالاك‌و چاك لە كۆمەڵگایەكی باشتر بۆ كۆمەڵێكی چاكتر .

ئەوەی جێگای ئاماژە پێكردن‌و وەبیر هێنانەوەیە لە ئایینی ئیسكاتی‌دا، كـە پلـە بەندی‌یـەكی لـە پلـە یـەك تـا دەگاتـە پلـەی ٣٣ ودەبێتـە گـەورە فەرمانـدەری دەسەڵاتدار. بەڵام تێپەڕ كردنی هەموو پلەكان لە نێو لۆژدا، نین ونامێننەوە یانی لە ئـایینی نـاوبراودا لـە پلـەی یـەك تـا سـێ كـە تەشـكیلاتی پایـەن ئـەو جێگایـەی رێوڕەسمەكانی لیٚ بەڕێوە دەبرێن، پێی دەڵێن لۆژ.

لە پلەی ٤ تا دەگاتە پلەی ١٨، جێگای گرتنـی مەڕاسمـەكانیان، ئـیتر لـۆژ نیـە، بەڵكوو پێی دەڵێن خانەقا(شاپیتر).

لــە پلــەی ١٩ تــا دەگاتــە پلــەی٣٠، جێــی مەراسمــەكان پێــی دەڵــێن كۆنگاشستان(كونسێلconseil).

هەروەها پلەکانی ٣١،٣٢،٣٣ کە ئاخرین دەرەجەکانن جێگای کۆبوونـەوەکانیان پێی دەڵێن بارەگا(کارگەیبەرین).

واتە، نێو بردنـی هـەرکام لـەو شـوێنانەی سـەرەوە لـە لایـەن فراماسـۆنەکانەوە، نیشـانەی کـۆن بـوونی ئەندامـەتییان لـە فراماسـۆنێری دا دەگەیـەنێ، ئـەوەش دەردەخا کە ماسۆنە پلە خواریەکان حەقی بەشداری لە مەراسمی پلەکانی سەرەوی خۆیانی نییە.

دەتوانین ئـاییـنی نـاوبراو وەك هێرەمێك سـەیر بکـەبن کـە بناغـەو کوڵەکـەکانی تەریقەتی ماسۆنی پێك دێنێ.

فراماسۆنێری تەشکیلاتێکی زۆر لـەوە پـانو بەرینترەکـە لـەو چـەند لاپـەڕەیـەدا بتوانین باسی لێوە بکەین چوونکە لەڕوانگە جۆراوجۆرەکانەوە لە سەری نووسراوەو باسی لێوە کراوەهەر چەند رەنگە بەو حاڵەش زۆر شتی دیکە مابن کـە نەنووسـرابن یان ئێسـتا نهێنیەکـەیان ئاشـکرا نـەبووبێ یـان کـەس نـەیتوانیبێ بـەو شـێوە کـە شایانی لێکۆڵێنەوەو نووسین بێ بۆی نە رەخسابێ، چوونکە سـەرەڕای ئـەو هـەموو سەرچاوە بە نرخانەش کە زۆریان لە لایـەن ئـەو کەسـانە نووسـراون کـە فراماسـۆن بوون کەچی زۆر شت ماوە کە لە سەری بنووسرێو لە قاڵبی نهێنی دا خۆی حەشـار داوەوماوەتـەوە. بـەڵام بـە پێـی یاسـای فراماسـۆنێری، فراماسـۆنی سـازمانێکی برایەتییە کە کۆڵەکەی دروست بوونی بە ئیمان بە خودا میعماری گـەورەی جیهـانو ئەزەڵی و ئەبەدیەتی وجوودی خودایە، هەروەها راهێنانو بارهێنانی ئەنـدامانی ئـەو سازمانەپێڕەوی کردنە لە ئوسووڵی ئەخلاقو ئیمانو راستی کە فراماسۆنەکان دەبێ کەسانێکی نیشتمان پـەروەرو پێـرەوی قانوونـەکانی وڵات بـنو..... کـە پێشـتر بـە جوانی ئاماژەی پێکراوە.

هــەر وەك لــە قــانوونی بنــەڕەتی فراماســۆنێری دا هــاتووە هــەموو کــارو کردەوەیەکیان دەبێ لە شێوەی رەمزدا فێر بن ئەویش شێوەی فێربـوون لـە رێگـای هونــەری میعماریـیـەوە چــوونکە لــە لۆژەکانیانــدا کەرەســەی میعمــاری وەکــوو

گونیا،پەرگار، شاغولّ ، ماڵەو چەکوشی بەرد تاشین کە هەر کەرەسەی بە نیشانەی رەمزێك دانراوە، رەمزەکانیان بەم شێوە راستی، دروستی، سەبرو تەحموولو میانەڕەوی، مانەوەو خۆڕاگری هاتووە، کە دەگەڕێتەوە سەر گرینگی کاری ئەو مەکتەبە. هەروەها جیاواز لەو کەرەسانە، تابووتو ئێسکلێتی ئینسانی لێ یە، ئەویش بەو مانایە کە ئەی ئینسانەکان ئەوە عاقیبەتی هەر گیانلەبەرێکە بە تایبەتی مرۆڤەکان، کە دەبێ باشتر و روونتر ئەوە چاو لێبکەنو بزانن کە جگە لە خودا کەس نامێنێ، هەر بۆیە دەبێ ئەخلاقی باش و چاك رەچاو بکەینوبە رواڵەت کەس نەبینینوزیاتر لە دڵەوە بڕوانینە دەوروبەری خۆمانو هیچ کات بە پێچەوانەی دەستووراتی وێژدان کار نەکەین چوونکە خودا لە دڵی ئینسانەکان ئاگادارەو زیاتر لە دڵیانەوە هەڵیان دەسەنگێنێ نەك بە رووخساریان. یانی لەوچەند رۆژە ژیانەی دونیادا بەردەوام خەریکی فێربوونی زانستو بردنە سەری پلەی زانیاریت بەو لەو کەسانەی لە خۆت شارەزاترن عیلم و زانستیان لێوە فێر بە، چوونکە زۆر کەس لە ژیاندا هەوڵ دەدەن زانیاری بە دەست بێننو تەمەنێك لە سەر پلەی زانیارییان تێپەڕ دەکەن بەڵام رەنگە بەو حاڵەش شارەزا نەبن چوونکە هیچ کەسێك هەموو شتێك نازانی، هەر وەکوو زانای گەورە، خەییام لەم بارەوە دەڵێت: "حەفتاو دوو ساڵە دەخوێنم، واتازە دەزانم کە لە هیچ نازانم "

ئەویش دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە لە خۆ بە زل زانین دووری بکەینوکەم بلێینوزۆر گوێ بگرینو لە کاتی قسە کردندا بزانی چی دەڵێی و خاوەن قسەی خۆت بیت.

نابێت ئەوەش لە بیر بکەین کە زۆر لە فراماسۆنەکان دوایە کە بە دەسەڵات گەیشتوون بوونە دیکتاتۆڕو ئەو بەڵێنو پەیمانەی کە پێشتر دابوویان پشت گوێیان خستووەو هیچ یان لە بیر نەماوە، بڵێین ئیتر ئەو تەشکیلاتە بە کەڵك نایەت، هەڵەیە، چوونکە لە مەکتەبێکی ئاوەهادا کەسانێك هەڵ دەکەون کە خاوەنی گفتی خۆیان نەمێننو تەنانەت بە دژیتەریقەتەکەشیان ڕابوەستن کە ئەویش پێم وانەبێ

هیچ زیانێك بەو مەكتەبە بگەیەنی یان زیانی پێ گەیاندبێت. ئەو كەسە خراپانەش لەچاو بەرینی مەكتەبەكە لە پەنجەكانی دەست تێپەڕ ناكەن، كە نیشانەی زیندوو بوونی ئەو تەریقەتەیە .

دەتوانم بڵێم: هەر وەك یەكێك لە بەندەكانی یاسای ئەو مەكتەبەشە، ئاكامی تەشكیلاتی فراماسۆنێری لە سەر ئەو درووشمانە دامەزراوەو بەردەوامیشە ئازادی، برایەتی، یەكسانی. كە ئاكامی ئەوانەش دەبێتە كۆمەڵگایەكی ئازادو یەكسان بۆ كۆمەڵێكی بەختەوەر.

"سەرچاوە"

" كتاب"راز بزرگ "[ فراماسونها و سلطنت پهلوی ]محمود طلوعی"

# پرۆسەی دیمۆکراسیو
# نەبوونی کەسایەتیی دیمۆکراتیک

نووسینی: کەریم محەممەدی

" دەکرێ لە ڕێگەی توندوتیژییەوە بکوژێك بکووژی، بەڵام ناکرێ کوشتن (قتل) لە ناو بەری. دەکرێ لە ڕێگەی توندوتیژییەوە درۆزنێك بکووژی، بەڵام ناکرێ جێگەیەك بۆ هەقیقەت ئاواڵە بکەیتەوە. دەکرێ لە ڕێگەی توندوتیژییەوە ڕق لەزگێگ دا بکووژی، بەڵام ناکرێ ڕق و بوغز لە ناو بەری. تاریکی ناتوانێ تاریکی بسرێتەوە. تەنیا ڕووناکی دەتوانێ کۆتایی بە تاریکی بێنێ".

مارتین لوتر کینگ

تێپەڕین لە دیکتاتۆری و گشتخوازی بەرەو دیمۆکراسیو هێنانەسەرکاری سیستمێکی دیمۆکرات لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەراستو یەك لەوانە لە نێو وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و بە تایبەت ئێران بەردەوام جێگای لێکۆڵینەوەی بیرمەندان بۆ خوێندنەوەی زانستیانەو دەستنیشان کردنی کۆسپو ئاستەنگەکانی هاتنەئارای ئەو سیستەمە بووە،و گەلێك پرۆژەو گەلاڵەش لە ئاکامی راڤەو تاوتوێ کردنی ئەم بابەتە بە مەبەستی ڕێگەخۆشکردن بۆ هاتنە ئارای دیمۆکراسیو سیستەمی دیمۆکرات دەستنیشان کراوە. هێنانە سەرکارو جێگیرکردنی دەسەڵاتێکی سیاسی لەو چەشنە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا لە ڕێگەی جۆراوجۆر ( شۆڕشی جەماوەری، کوودەتا و ...هتد) هەوڵی بۆ دراوە کە تا ئێستا هیچکام بە ئاکامە دڵخوازەکانی خۆیان نەگەیشتوون. لێکۆلینەوە لەو بابەتەو دەستنیشان کردنی کەمو کووریەکان، هۆیەکانی سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵانەو ئەگەرەکانی سەرکەوتنی جێگای باسێکی چڕو پڕە.

ئەگەر بە کورتیو بۆ کردنەوەی بابەت ئاوڕێك لە ئاستەنگەکانی هاتنەئارای دیمۆکراسی لەو وڵاتانەدا بدەینەوە دەکرێ لە سێ ئاستی پێکهاتەی سیاسی، کولتووریو ئابووری کەمو کووڕییەکان دەستنیشان بکەین.

## ئا: پێکهاتەی سیاسی:

بە گشتی دەکرێ بڵێین پێکهاتەی سیاسی وڵاتانی ناوچە و یەك لەوان وڵاتی ئێران دیکتاتۆریو توتالیتێرە کە توانای وڵامدانەوەی بە ویستە هەنووکەییەکانی

خەڵكو ئەو گۆڕانكاریانەی لە نێو پێكهاتەیدا روو دەدا نیە. بە تایبەت وڵاتی ئێران كە لە چەند نەتەوە پێك هاتووەو تا ئێستا نەیتوانیوە پرۆژەو بەرنامەی هەبێ بۆ وڵامدانەوە بە ویستەكانی كوردو نەتەوەكانی دیكەی پێكهێنەری ئێرانو لە رێگەیەكی دیمۆكراتیكو ئاشتیخوازانەوە ئەو كێشانە چارەسەر بكا. بۆیە رۆژ لەدوای رۆژ نارەزایەتییو بێزار بوون لەو پێكهاتە سیاسیانە لە نێو خەڵكدا پەرە دەستێنێو ئەگەرەكانی سەرهەڵدانی شۆرشی جەماوەری روو لە زیادبوون دەكا،و زۆربەی ئەو شۆرشانەش وێناچێ بەرهەمەكەیان هاتنە ئارای دەسەڵاتو سیستەمێكی دیموكراتیك بێ. یا بە واتایەكی دیكە پێكهاتەیەك دروست بكەن كە دەسەڵاتەكان لە یەك جیا بكرێتەوە، حیزبەكان بە فەرمی چالاكیی بكەن، راگەیەنە گشتییەكان ئاكتیڤ بكرێنو بە گشتی كۆمەڵگایەكی مەدەنی چالاك چێ بێ.

## ب: پێكهاتەی كولتووری:

بە گشتیی لەو وڵاتانەدا بە هۆی ئەوەی كە رێژەیەكی زۆری خەڵك بە تایبەت ئافرەتان نەخوێندەوارنو لە لایەكی دیكەوە سیستەمی پەروەردەو فێركردن سواوو كۆنەو دەوڵەت پەروەردەو فێركردنی وەك ئامرازێك بۆ چاندنی نۆرم و بەها نادیموكراتیكەكانی خۆی لە نێو ئەو وڵاتانەدا وەگەڕ دەخا، بەم هۆیانەوە ئەو پێكهاتانە ناتوانن تاكێك بەرهەم بێنن كە ئامادە بێ بۆ چالاكیو وەئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتیەكانی، بە كورتی بەرهەمی ئەو پێكهاتانە تاكێك نیە بۆ بەدەستەوەگرتنی داهاتووی خۆیو وڵاتەكەی.

## ج: پێكهاتەی ئابووری:

ئابووری ئەو وڵاتانە زۆربەیان دەوڵەتیەو لە لایەن دەوڵەتەوە دەستی بە سەردا گیراوە. تاك خاوەن سەربەخۆیی ئابووری نیەو مانو نەمانی بە دەوڵەتەوە بەستراوەتەوە، لەو سیستەمانەدا دەسەڵات بە بیانووی دابین كردنی داهاتوویەكی باشو گەشتر دەست دەخاتە نێو كاروباری تاكەكانەوەو لەو رێگەیەوە ئازادییەكانی لێ زەوت دەكاو تەنگی پێ هەڵدەچنێ و دەنگی كپ دەكا.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدنی ـ ئەگەر ڕێکخراوێکی سەربەخۆو کۆمەڵگایەکی مەدەنی بوونی هەبێ ـ زۆربەیان لە لایەن دەوڵەتەوە ئابوورییەکانیان دابین دەکرێو هەر لە لایەن دەوڵەتەوە کانالیزە دەکرێنو ناتوانن ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگادا بە باشی بگێڕن. بۆیە دەسەڵاتە دیکتاتۆرو توتالیتێرەکان بەردەوام هەوڵیان داوە ئابووری بخەنە ژێر چنگی خۆیانو مۆنوپۆلی بکەن.، چونکی لە ئابوورییەکی دەوڵەتیدا ڕادەی گوێرایەڵی تاك بۆ دەسەڵات زیاترو لە لایەکی دیکەشەوە باشترین ڕێگەیە بۆ لە نێو بردنی کۆمەڵگای مەدەنی و بەرگری لە پێکهاتنی.

تا ئێستاشی لەگەڵ بێ بە هۆی وڵامدەرنەبوونی ئەو پێکهاتانە، ئەو کۆمەڵگایانە و یەك لەوان کۆمەڵگای ئێران لەگەڵ قەیران ڕووبەڕوو بوونو کەشی هاتنەئارای پرۆسەیەکی دیمۆکرات لەبار نیە. بەڵام پێکهاتن و جێگیر بوونو بەردەوام بوونی پرۆسەیەکی دیمۆکراتیك پێویستی بە کومەڵێك بزوێنەر هەیە کە ئەگەر ئەو بزوێنەرانە بە کەمی یا بوونیان نەبێ، دەتوانین بڵێین یان دیمۆکراسی نایەتە ئاراوە یان وێنەیەکی کرچ و کاڵ لە دیمۆکراسی جێگیر دەبێ. بۆ وێنە دیمۆکراسییە خەڵکییەکانی ئۆرووپای ڕۆژهەڵات بەرهەمی ئەوە بوون کە ئەو بزوێنەرانە بە تەواوی لە کۆمەڵگادا ئامادە نەبوون. ئەم بزوێنەرانە دەکرێ، پانتایی چینی مامناوەندی، تێکنۆکرات بوونی کۆمەڵگا، ڕێژەیەکی زۆری شارنشینی، خوێندەواری، بوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بەهێزو کەسایەتیی دیموکراتیك و... لە خۆ بگرێ.

دیارە مەبەستی ئەم وتارە دەستنیشان کردنی کۆسپەکانی سەر ڕێی هاتنەئارای دیمۆکراسی لە ڕەهەندی دیار نەبوونی کەسایەتیی دیمۆکراتیكو ئامادە نەبوونی ئەم بزوێنەرەیە. دیارە نەبوونی ئەم کەسایەتیە دۆخێکی قەیراناویو بێ دیالۆگی بۆ خولقاندوین کە بۆتە هۆی تێنەگەیشتن لە کێشەکانو بردنی ئاراستەی کۆمەڵگا بەرەو هەموو پێکهاتەیەك جگەلە پێکهاتەی دیمۆکرات.

ئەگەر بێتــوو چــاوێك بــە رەوشــی سیاســیو كۆمەڵایــەتیو رۆشــنبیری رۆژهــەڵاتی كوردستاندا بخشێنین و خوێندنەوەیەكی مەعریفیمان بـۆی هـەبێ، بـە زەقـی بۆمـان دەردەكەوێ كە بە گشتی ئەو دۆخە چەقبەستوەو بێ دیالۆگو لێـك تێنەگەیشـتنەو هەروەها رۆڵ گێڕانی كولتووره نادیمۆكراتیكەكانو بە كورتی دەرك نـەكردنی هاتنـە ئارای پرۆسەیەكی دیموكراتیـك بـۆ گـەلێك هۆكـار دەگەڕێتـەوە كـە لـە سـەرەوە بـە كورتی ئاماژەم بە لایەنە پێكهاتەییەكانی ئەم بابەتە كرد. بـەڵام مـن لێـرەدا تـەنیا لەسـەر دوو هۆكاریـان رادەوەسـتم كـە یەكـەمیان دیارنـەبوونی كەسایەتییو تـاكی دیمۆكراتیـكو رێژەیـەكی زۆری كەسـایەتییو تـاكی گشـتخوازە كـە نـەیانتوانیوە بەرهەمهێنەری جیاوازی بنو لـە هـەمان كـات دا ئەگـەر جیاوازییـەكی رواڵـەتیش لـە ئارادا بووبێ نەیانتوانیوە زمانێكی مداراو پێكەوەسازانو دیالۆگ ئامێز لە نێوان ئـەو جیاوازییانەدا پێك بێننو زمانی توندوتیـژ جێگـای ئـەو پێویسـتیانەی گرتـووە. لـەو دۆخەدا بەردەوام لە نێوان ئەو هێز و تاكانەدا ململانێ بۆ سەپاندنی هێژمۆنی خۆیان لـە رێگەیـەكی نادیموكراتیـكو بـە كۆمـەڵێ كولتـووری نامەدنیانـە،و گـەلێك جـار لـە رێگەی توندوتیژییەوە بۆ سڕینەوەی بەرامبەر و جیاوازییـەكان لـە ئـارادا بـووە، كـە ئەمە زۆرجاران لە ململانێی سیاسـیەوە بگـرە تـا دەگاتـە پێوەنـدی بنەماڵـەیی لـەم كۆمەڵگایەدا بەرجەستە بووە، بـەختیار عـەلی گوتـەنی:"كۆمـەڵگای نادیمۆكراسـی و خێڵەكیو حیزبگوێر بریتیە لە كۆمـەڵگای شـەڕی هێـزە وەك یەكـەكان، شـەڕی ئـەو هێزانەی كە تەنیا قازانجی تەسكو كورت بیری دەسەڵاتو ئـابووری لـە یـەكیان جیـا دەكاتەوە".(١)

پیش ئەوەی بچمە سـەر هۆكارەكـانی ئـەو دۆخـە قەیراناوییـەو رۆڵو كاریگـەری كەسایەتیی گشتخوازو دیار نەبوونی كەسـایەتیی دیمۆكراتیـك دەكـرێ لـە رەهەنـدی فەلسەفیو كۆمەڵایەتیەوە بە كورتی لە سەر چەمكی مدارا راوەستین.

مـدارا:" مـدارا بەرامبـەری دوو وشـەی فەرانسـەیی "Tolerance"و ئینگلیسـی "Toleration" بـە كـار دەهێنـرێ. ئـەو دوو وشـەیەش هـەر دووكیـان لـە وشـەی

لاتینی"Tolerantia"یە کە خۆی لە وشەی لاتینی "Tolerare" بە مانای تەحەممول کردن و لەگەڵ بوون دێ".(٢)

ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی فەلسەفیو فکری چەمکی مدارا تاوتوێ بکەین وەك یەکێك لە مێکانیزمەکانی خۆناسینو خۆدرووست کردن چاوی لێ بکەین، دەبێ سەرەتا پێناسەی دۆخێك بکەین کە مدارا لە نێویدا جێگیر بوو بێو تایبەتمەندییەکانی ئەو پرۆسەیە بخەینە بەر چاو.

ئەگەر مدارا وەك تەحەمول کردن چاو لێبکەین و "Tolerant" یا مدارا چی وەك تاکێك کە توانای وەرگرتنو تێگەیشتنو دەرکی هەڵسووکەوتی جیاواز یا نەیاری خۆی هەیە. کە وابوو سەرەتای مداراو پێکەوەسازان بە تێگەیشتنو دەرکەوە دەست پێ دەکات. تێگەیشتنو دەرکی کەسی جیاواز بە مانای ناسینی ئەو تاکە وەکوو بکەرێکی سەربەخۆو خاوەن فکر. ئێمە تا بەرامبەرەکەمان وەك کەسێك کە خاوەن فکرەو بیر دەکاتەوە نەبینینو بە فەرمی نەناسین ناتوانین سەرەتای مداراو پێکەوە سازان چێ بکەین. کە باس لە مداراو کەسایەتیی خاوەن فکرو بیرکەر دەکرێ لێرەدایە کە مەسەلەی پلورالیسم و فرەچەشنی دێتە ئاراوە، فرەچەشنی بەو مانایەی کە هانا ئارێنت گوتەنی هەر تاکێك لەوە ئاگادارە کە مرۆڤەکانو نە مرۆڤێك لەسەر زەوی دەژین. کە وابوو ئاگادار بوون لە تاکێکی خاوەن فکری دیکە لە ناخدا خاوەن تایبەتمەندییەکی پلورالو فرەچەشنن. پلورالیسمو فرەچەشنی کاتێك دێنە ئاراوە کە باس لە "من" دەکرێ، لە هەر جێیەك کە "من"ێك بوونی هەیە "جیاواز لە من" خۆی دەنوێنێو دەبێتە بەشێك لەو دۆخە، هەر کاتێکیش کە کەسایەتییەکی جیاواز لە من هاتەگۆرێ، ئەو کاتەیە کە راوبۆچوونی جیاواز سەر هەڵ دەدا. ئەم دۆخە دەبێتە سەرەتاو بناغەی پلورالیسم و فرەچەشنیو وەك راستییەکی هەست ناسی خۆی دەردەخا. هەر کاتێك ئەو راوبۆچونە جیاوازانە بەرامبەر یەك راوەستانو کەوتنە ململانێوە، دۆخەکە لەبار دەکەن بۆ هاتنە ئارای مداراو پێکەوە سازان. دیارە ئەم ململانێیەو رووبەروو بوونەوەی راوبۆچوونە

جیاوازانە لەوانەیە زۆر جار دەرەنجامەکەی پێکەوە سازانو مدارا نەبێ. رامین جەهانبەگلوو پێی وایە لە ئاکامی ئەو ململانێیانەدا سێ دۆخ دێتە ئاراوە. یەکەم: بەها و بیروبۆچوونێك بەسەر ئەوانی دیکەدا زاڵ دەبێو ئەوانی دیکە لە ناو دەبا، کە ئەوە ئێمە لە دۆخێکی پلورال و فرەچەشن دەردێنێو دەچینە چوارچێوەی تاك بێژیو تاك بۆچوونییەوەو لێرەدایە کە توندوتیژی جێگای مداراو پێکەوە سازان دەگرێ. دووهەم: ئەو بەهاو بیروبۆچوونانە لە پاڵ یەکتردا جێدەگرن بەڵام هیچ ململانێیەك لە نێوانییاندا بوونی نیەو دۆخێکی "کەمتەرخەم" پێك دێنن کە بنەماو بنچینەی "تاك خوازی" خۆویستانە پێك دێنێو پێی وایە لەو دۆخەدا پلورالیسمو فرەچەشنی بە مانای راستی وشە پێك نایەن، تەنیا جیاوازییەکی کەمتەرخەمانە لە ئارادایە. سێهەم: لەو دۆخەدا بەهاو بیروبۆچوونەکان لەگەڵ یەك جیاوازن بەڵام بە نیسبەت یەکترەوە کەمتەرخەم نین، لە وەها دۆخێکدایە کە وتووێژو دیالۆگ بەرهەم دێت، چونکی مداراو پێکەوە سازان لە دۆخێکی دیالۆگ ئامێزدا دێتە ئاراوە نەك بە تاك بێژیو تاك بیریو کەمتەرخەمییەوە.

ئەگەر ئێمە ئەو دۆخەی سەرەوە لە بەر چاو بگرین، کەشی سیاسیو کۆمەڵایەتییو فکری رۆژهەڵاتی کوردستان نەیتوانیوە دیسکۆرسێکی دیمۆکراتیك و دۆخێکی پێکەوە سازان پێك بێنێ. تاکەکانی بەرهەم هێنەری ئەو پرۆسەیە هەر کامەو خاوەن جهانبینیو فکرێکی چەقبەستوو بوون کە هەوڵی سڕینەوەی جیاوازییەکانیان داوە و تەواوی رێگەکانیان گرتوەو هەوڵیان داوە لە یەك رێگەوە رێگە ببڕن بەرەو هەقیقەت،و لە باشترین دۆخدا بە نیسبەت جیاوازییەکان تەنیا کەمتەرخەمییەك لە ئارادا بووە، کە بەرهەم هێنەری دیالۆگ وەك پرۆسەیەکی خۆناسینو خۆ نوێ کردنەوە نەبووە. هەر ئەم دۆخو بیرکردنەوەو فکرەیە کە پلورالیسمو فرەچەشنی لە سەرتای خۆیدا دەکوژێو بیر کردنەوە لە شێوەیەکی دیکە بۆ ژیان و خۆناسین،و شێوەیەکی دیکەی دارشتنەوەی سیاسی بە کارێکی ناشایستو تێکدەرانە دەزانێو تەنیا زمانیشی بۆ بەرەنگار بوونەوەو هەڤرکێ

لەگەڵ جیاوازییەکان توندوتیژیو سرینەوەو لە نێو بردنیان بووە. لە دۆخێکی وەها کوشندەدا کە ئاسەوارێك لە مداراو پێکەوەسازان نیەو کەسایەتیی دیمۆکراتیك بیچمی نەگرتووەو کەسایەتیی گشتخواز ئەکتەری سەرەکی ئەو گۆرەپانەیە ئاسۆی جێگیر بوونی پرۆسەیەکی دیمۆکراتیك لێڵو نادیارە.

## کەسایەتیی دیموکراتیكو کەسایەتیی گشتخواز:

دیارنەبوونی کەسایەتیی دیموکراتیك وەك هۆکاری نەهاتنە ئارای دۆخێکی پێکەوە سازانو مدارا گرینگییەکی تایبەتی هەیە. ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەکی چەمکی کەسایەتیی دیمۆکراتیك بکەین" بەو کەسانە دەگوترێ کە لە پێکهاتەی سیاسی، رێکخراوە دڵخوازەکان، شوێنی کار، بنەماڵەو... هتد بەشدار، چالاكو ئەکتیڤنو رۆڵی کارا دەگێڕن".(٣) دیارە ئەم کەسایەتییە دەکرێ لە دوو لایەنەوە سەیرو شرۆڤەی بکەین، یەکەم ئەو بزوێنەر و هۆکارانە کە دەبنە هۆی درووست بوونی ئەو کەسایەتییەو فۆڕمی پێدەدەنو لە نێویدا جێگیری دەکەن، دووهەم تایبەتمەندییەکانی ئەو کەسایەتییە دیمۆکراتەیە. تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی دیمۆکراتیك" بەو خووخدە، دایمەییانەی مرۆڤ دەگوترێ، کە لە رەوتێکی مێژوویىدا و لە زۆربەی دۆخەکاندا خۆی دەردەخاو پێکهاتەی هەڵسووکەوتی مرۆڤەکان لە بازنەیەکی گەورەتردا دەخاتە بەر چاوو دیاری دەکا".(٤) کە لێرەدا زیاتر ئەو هێماو نیشانانە دەردەکەون کە تاك هان دەدەن بۆ بەشداری زیاتر لە نێو پێکهاتەی سیاسیو کۆمەڵایەتیی و رێکخراوەییو تەنانەت لە نێو بنەماڵەشدا یا دەبنە هۆکارێك یا هاندەرێکی تاك بۆ هێنانە ئارای ئەو پێکهاتەو رێکخراوانە. بە مانایەکی دیکە کۆمەڵگای دیمۆکرات بۆ پەرەپێدانی کولتوورە دێموکراتیکەکانو بردنە پێشی وەها پرۆسەیەك پێویستی بە تاکێکی چالاكو هەڵسوور لە نێو پێکهاتەی سیاسیو کۆمەڵایەتییدا هەیە کە خاوەن تایبەتمەندییەکانی کەسایەتییەکی دیموکراتیك بێ.

هارۆلد لاسوول تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی دیموکراتیك بەو چەشنە دەستنیشان دەکا، بەرامبەری لەگەڵ کەسانی دیکە کە دەبێتە هۆی کراوەییو

کۆمەڵایـەتیی بـوونی تـاك، بایخـدان بـە ویسـتو بـەها کۆییـەکان، بـاوەڕێکی سەلمێندراوە بـە چـاك بـوونی خووخـدەی مـرۆڤ، بـە دەسـت هێنـانی پشـتیوانی لـە بەرهەستی بۆ ئەو تایبەتمەندییانە.

لێرەدایە ئەو پرسیارانە دێنە ئاراوە، ئەو کەسایەتیە دیمۆکراتیکـە تـا چـەندە لـە نێو کەشی سیاسیو کۆمەڵایەتیی ناوچە و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامـادە بـون؟ ئایـا ئەو تاکە تا چەندە لە نێو ڕێکخراوو حیزبە کوردییەکانـدا جـێگیر بـوون؟ ئـەوەی تـا ئیستا بە چەندین شۆڕش لە ئێراندا روویان داوە بەڵام تا ئێستا هیچیان بـەو ئاکامـە نەگەیشتوون کە دەسەڵاتێکی سیاسی دیموکراتیـك بێننـە ئـاراوە، ئەمـە تـا چـەندە دەگەڕێتـەوە بـۆ دیـار نـەبوونی کەسـایەتیی دیموکراتیـك؟ دەرەنجامـەکانی دیـار نەبوونی ئەو کەسایەتییە تا ئێستا چی بوون؟

دیـارە وڵام دانـەوە بـەو پرسـیارانەی سـەرەوە پێویسـتی بـە راوەسـتان لەسـەر کەسـایەتیی گشـتخواز هەیـەو دەسـت نیشـان کردنـی تایبەتمەندییـەکانی. لەهـەر دۆخێکدا کە کەسایەتیی دیموکراتیك بوونێکی چالاك و ئەکتیڤی نەبووە و نەیتوانیوە ڕۆڵـی کـارا بگێـڕێ، لـە بەرامبـەر ئـەودا کەسـایەتیی گشـتخواز سـەری هەڵـداوە و توانیویـەتیی فـەزا و دۆخەکـە داگیر بکـا.کەسـایەتیی گشـتخواز بـە " کۆمـەڵێك لـە تایبەتمەندییەکانی کەسـایەتیەك دەکـوترێ کـە دەتـوانین، کـۆڵ دانو گۆڕایـەڵی بـۆ ناوەنـدەکانی دەسـەڵات، پێشـێلکردنی مـافو سـەروەری بـە سـەر کەسـانی ژێردەستەدا، نەریت خوازی توندڕەوانەو...هتد لە خـۆ بگـرێ". (٥) سـیمۆر مـارتین لیپست پێی وایە، گشتخوازی هەندێك جار هانـدەری تونـدڕەوی سیاسـیە و هەنـدێك جار هاندەری دوورە پەرێزی لە وێنە ئاساییەکانی بەشداری سیاسیە.

بە پێی ئەو وێنانەی سەرەوەو ڕێژەیەکی زۆری کەسایەتیی گشتخواز کە ملکەچی کوێرکوێرانە بۆ دەسەڵات، بەشداری نەکردن لە پێکهاتەی سیاسیدا، لـە ژێـر پێنـانی مـافی تـاکی بەرامبـەر، چەقبەسـتوویی کولتـووریو...هتـد بەشـێك بـووە لـە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی، لە کۆمەڵگای ئێمەدا کۆسپی هەرە گـەورەی سـەر ڕێـی

هاتنــه ئــارای دیمۆکراســی بــووەو ئــەو کەســایەتیە لــە کەشــی فکــری و سیاســیو کۆمەلآیەتیی ئێمەدا رۆڵی کارای گێڕاوەو دەیگێڕێ. بۆیە ئێمــە نــەمانتوانیوە نــە لــە ئاست سیاسەت دا زمانێکی مداراو پێکەوە سازانو دیالۆگمان هەبێتو نە لــە ئاســت کۆمەڵگادا ئاشت بوونەوەی کۆمەلآیەتی بێنینــە ئــاراوەو هــەوڵ بــدین ئــەو پرۆســەیە بپارێزینو بەردەوامی بکەین.

دیــارە شــێوە نــەگرتنی ئــەم کەســایەتیە دیمۆکراتیکــە کــە بەرهەمەکــەی ئــەم بارووددۆخە قەیراناوییەیە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی ـ وێرای ئەوەی کە دەکرێ گەلێك هۆکاری دیکەی بۆ دەستنیشان بکەین ـ دەگەڕێتەوە. یەکەمیان رۆڵگێڕانی کلتووره ئایینییەکانو بە تایبەت دینی ئیسلام لــە شــکڵ گرتنــی کەسایەتییو تــاکی کــوردو دووهەم رۆڵگێڕانی ئیدئۆلۆژی مارکسیزم لە نێــو فــەزای فکــریو سیاســی رۆژهــەلآتی کوردستاندا. کە نەیانهێشتووە دۆخێکی پێکــەوە ســازان،مداراو دیــالۆگ ئــامێز بێتــە ئــاراوەو کەشوهەوایــەکیان خوڵقانــدوە کــە توندوتیــژیو تێنەگەیشــتن گــەورەترینو سەرەکیترین کارەکترەکانی نێو ئەم دۆخە بوون.

## ئه نجام:

**یەکــەم:** پێك نەهاتنی ئەو دۆخی پێکەوە سازانو مدارایە زەبرێکی کوشــندەی لــە بزووتنەوەی سیاسیو کۆمەلآیەتیی رۆژهەلآتی کوردســتان داوەو دۆخــی هاتنــەئارای پرۆســەیەکی دیمــۆکراتیکی پــەك خســتووە. یەکــەم: لــە ئاســتی کەشــی نێوخــۆییو کۆمەلآیــەتیی رۆژهــەلآتی کوردســتان بــە هــۆی دیــار نــەبوونی ئــەو کەســایەتیە دیمۆکراتیکــە، بزووتنــەوە کۆمەلآیەتیــەکانو ریکخــراوە مەدەنییــەکان بــوونێکی چالاکیان نەبووەو ئەو بزووتنەوەو رێکخراوانەش کە بە کرچوکاڵی شکڵیان گرتــووە، بە هۆی دیارنەبوونی دۆخی پێکەوە سازانو دیالۆگ، نەیانتوانیوە بە باشی لــە یــەك نزیكو ویستەکانی خۆیان فۆرمۆلە بکەن. بــە گشــتی پێکهــاتنی کۆمــەڵگای مــەدەنی جارێ ئاسۆیەکی نادیاری هەیە.

**دووهەم:** لە ئاستی حیزبە سیاسیەکانی دەرەوەی سنوور، بە هۆی دیارنەبوونی ئەو کەسایەتیە و باروودۆخە، لە ئاستی نێوخۆیی و تەشکیلاتی تووشی قەیران دەبن و ناتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن‌و لە ئاستی هاوپێوەندی ئەم حیزبانە بۆ پێك هینانی بەرەیەك، بە هۆی یەکتر قبوول نەکردن،و هەوڵدان بۆ سەپاندی هێژمۆنی خویان بە سەر یەکترداو باوەر نەبوون بە پلورالیسمی سیاسی، تا ئێستا نەتوانراوە هەنگاوێك بۆ ئەم یەکگرتنە بە کردەوە هەڵ بگیرێ.

**سێیهەم:** لە ئاستی ئەو رێکخراوە سیاسیانەی کە لە نێو خۆی وڵاتو لە چوارچێوەی یاسای ئێران دا کار دەکەن، بە هۆی جیاوازی فکری‌و جهانبینی‌و نەبوونی دیالۆگو پێکەوە سازان لە نێوان ئەم جیاوازییانەدا تا ئێستا بەشێکی زۆری توانای خۆیان بۆ کێشە ناوخۆییەکانیان تەخان کردوەو نەیانتوانیوە ئەو بۆشاییە سیاسییەی نێوخۆ پڕ بکەنەوە. دیارە وێرای ئەوەی دەبێ ئاستەنگە یاسایی‌و پێکهاتەیەکان وەك هۆی سەرەکی سەرنەکەوتنی ئەم رێکخراوانەو گەلێك هۆی دیکەش لەبەر چاو بگیرێ.

سەرچاوەو پەراوێزەکان:


١ـ عەلی، بەختیار، رۆشنبیر، کۆمەڵگا، دیمۆکراسییەت، چەند نووسەرێك، چاپی رەنج، ساڵی 2000 ل ٢٤

٢ـ جهانبگلو، رامین، موج چهارم، ترجمەی منصور گودرزی، نشر نی، سال ١٣٨١ ل٣٦٢

٣ـ دایره المعارف دمکراسی، زیر نظر سیمون مارتین لیپست، کتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجە، سال ١٣٨٣ ل٩٤٣

٤ـ سەرچاوەی پێشوو ل ٩٤٣

٥ـ سەرچاوەی پێشوو ل ٩٤٤

# Tishk

No: 18- Feb 2007

A General Political, Cultural Jurnal

كۆمیسیۆنی لێكۆڵینەوەو فێركردنی
حیزبی دێموكراتی كوردستان دەری دەكا